ڕای گشتی و هێورکردنەوەی بارودۆخەکە

# دەسپێکردنی چاکسازی و بەردەوامی وتووێژی نێوان لایەنە سیاسییەکان



((خۆپیشـــاندان بریتییە لە گرووپێکی کۆمەڵگە کە پێشتر دەنگیان نەبیســـتراوەو خۆپیشـــاندان ئەنجامدەدەن بۆئـــەوەی دەنگیان ببیســـترێت و داواکارییەکانیان بەرزبکەنەوە. خۆپیشـــاندان ئەو مانایە ناگەیەنێت کە نوێنەرایەتیی هەموو هاووڵاتیان دەکات، بەڵکو پەیوەســـتە بەشێواز و سروشتی بارودۆخەکان، لەوانەیە خۆپیشاندانەکەیان بۆ ئەوە بێت حکومەت دەنگیان نابیستێت، لەوانەشـــە هۆکاری ئەوەبێت ئەو گرووپە هیچ پارتێکی سیاسی لەپەرلەماندا نوێنەرایەتییان ناکات، بەڵام هەمیشـــە کێشەیەک هەیە لەدۆزینەوەی خاڵی پێوەندی لەنێوان داخوازییەکانی خۆپیشاندان و داخوازییەکانی ئەو لایەنانەی لەپشت خۆپیشاندانەکاندان)).

کریستۆفەر مان بۆ گوڵان





د.کەمال کەرکوکی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بۆ گوڵان:

## پەرلەمانی کوردستان بەپێی یاساو پەیڕەوی ناوخۆ دانیشتنە ئاساییەکانی خۆی بەڕێوەدەبات و کارێکی زۆریش بۆ پڕۆژە ١٧ خاڵییەکە کراوە



عەبدولستار مەجید ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامی بۆ گوڵان:

## ئەم قۆناغەمان پێویستی بەبڕیاری بوێرانەی دەسەڵات هەیە و ئێمەش ئامادە و هاوکارین بۆ بەشداری لەچاکسازی و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی



جەعفەر ئیمنکی ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی بۆ گوڵان:

## ئۆپۆزسیۆن لەبری ئەوەی بێن زیاتر دیالۆگ بکەن بۆ ئەوەی وردتر لەداواکاری خۆپیشاندەران و پڕۆژەکەی خۆیان بکۆڵنەوە، پەنا بۆ فشارو شێوازی مەرجدار دەبەن



یوسف محەمەد هەڵسوڕاوی گۆڕان بۆ گوڵان:

## وەڵامدانەوەکەی پارتی و یەکێتی بۆ پڕۆژەی هەرسێ لایەنی ئۆپۆزسیۆن زۆر توندو هەڕەشەئامێزەو هەوڵێکە بۆ ئەوەی بەهێز بارودۆخەکە هێوربکرێتەوە



مەولود باوە موراد ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکگرتووی ئیسلامی بۆ گوڵان:

## هێورکردنەوەی باردۆخەکە بە ئیرادەی سیاسی کۆی دەسەڵات لەهەرێمدا دەکرێت و پێویستە موبادەرەیەک بۆ سەرلەنوێ کۆکردنەوەی هەموو لایەنەکان بکرێت

ئەو بارودۆخەی ماوەی زیاتر لە ٤٠ ڕۆژە لەشاری سلێمانی و هەندێك لەقەزاو ناحیەکانی ئەو ناوچەیە درێژەی هەیە، بارودۆخێکە هەرچۆنێك دروست بووبێت پێویستی بەچارەسەرکردن و وەڵامدانەوەی خۆپیشاندەران هەیە و ئەرکی هەردوو لایەنی حزبە حکومڕانەکان (پارتی و یەکێتی)و لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن (کۆمەڵ و یەکگرتوو و گۆڕانە) کەهەوڵبدرێت لەو بازنەیەی ئێستا خۆپیشاندانەکان گرتوویەتیەوە چارەسەر بکرێت و هەوڵبدرێت بارودۆخەکە هێور بکرێتەوە، کەواتە لێرەوە ئەرکی هێورکردنەوەی بارودۆخی سلێمانی و چەند ناوچەیەکی دەوروبەری تەنیا ئەرکی پارتی و یەکێتی نییە هەوڵ بۆ هێورکردنەوەی بدات، بەڵکو ئەرکێکی هەمەلایەنەیە و پێویستە لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن لەم قەیرانەدا هاریکار و هەماهەنگی پارتی و یەکێتی بن بۆ ئەوەی کێشەکە لەو سنوورە چارەسەر بکرێت کە ئێستا خۆپیشاندانی لێ هەیە، نەك هەوڵبدرێت هەموو کوردستان بگرێتەوە یان هەوڵبدرێت بەزمانی زبر بارودۆخەکە ئاڵۆزبکرێت و لەپێناوی چەند دەسکەوتێکی حزبیدا یاری بەهەموو دەسکەوتەکان بکرێت، یان چارەنووسی هەرێمی کوردستان بخرێتە مەترسییەوە. ئەمەش لەبەر ئەوەیە باری سیاسیی ئەمڕۆی کوردستان پێویستی بەخوێندنەوەیەکی واقیعیانە هەیە و دەبێت لەنێو واقیعەوە چارەسەر بۆ کێشەکان بدۆزرێتەوە نەوەك هەوڵبدرێت چەند تێرمێکی تیۆری یان ڕوانگەی لایەنێکی سیاسیی دیاریکراو، ئەوجا کەمینە بێت یان زۆرینە فەرز بکرێت، یان لەمەش خراپتر هەڕەشەی لەباربردنی هەموو دەسکەوتەکانی پێ بکرێت، ئەمجۆرە سیاسەتکردنە کە لە بنەڕەتدا لایەنی کۆمپرۆمایز و نەرمی نواندن و گەیشتن بە چارەسەری مامناوەندی لە میتۆدی سیاسەت وەردەگرێتەوە، لەهەمانکاتدا بەشێوەیەك لەشێوەکان ئاڕاستەی دیموکراتی و یەکتری قبوڵکردن و پێکەوە کارکردن دەگۆڕێت بۆ یەکتری ڕەتکردنەوەو بەدوژمن ناساندنی بەرامبەر و بەرهەمهێنانی توندوتیژی، بۆیە لەم حاڵەتەدا هێندەی دەرگای لێکتێنەگەیشتن واڵا نەبێت، هێندە پرۆسەی وتووێژ و پێکەوە کارکردن بواری بۆ نامێنێتەوە.

### نەرمی نواندنی پارتی و یەکێتی و پێداگیری لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن

بەیاننامەی هاوبەشی پارتی و یەکێتی وەك وەڵامدانەوەیەك بۆ پرۆژەکەی هەرسێ لایەنی ئۆپۆزسیۆن (گۆڕان و کۆمەڵ و یەکگرتوو) جارێکی دیکە لەلایەن ئۆپۆزسیۆنەوە تەفسیری بەو ئاڕاستەیە بۆ کرایەوە کە پارتی و یەکێتی ئامادەنین وەڵامی پرۆژەکەی ئۆپۆزسیۆن بدەنەوە، لەکاتێکدا بەدەق لە بەیاننامە هاوبەشەکەی پارتی و یەکێتی هاتووە ((ئێمە لەکاتی خۆیدا وەڵامی ئەو خاڵانەمان داوەتەوە کە خۆی لە پرۆژە ١٧ خاڵیەکەی پەرلەمان و بەرنامەی سەرۆکی هەرێم و بڕیارەکانی سەرۆکی حکومەت دەنوێنێ.....لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە ئامادەین لەسەر ئەم خاڵانە دابنیشین تائیتیفاقی لەسەر بکەین. مەسەلەی هەڵوەشاندنەوەی حکومەتی هەرێمیش بەو شێوەیەی ئەوان داوای دەکەن بەنایاسایی و ناشەرعی دەزانین، بۆیە پێکهێنانی حکومەتێکی ئینتیقالی ڕەتدەکەینەوە) ئەم چەند پەرەگرافەی لەنێوان ئەم دوو کەوانەیە ئاماژەمان پێکردون، نەرمییەکی لەرادەبەدەری ئەوتۆی پێوە دیارە کە بوار بۆ ئەوە ناهێڵێتەوە وەك ڕەتکردنەوە یان حیساب نەکردن بۆ پرۆژەکەی ئۆپۆزسیۆن بخوێنرێتەوە، بەڵام تەنیا خاڵێك کە لایەنی

---

**باری سیاسیی ئەمڕۆی کوردستان پێویستی بەخوێندنەوەیەکی واقیعیانە هەیەو دەبێت لەنێو واقیعەوە چارەسەر بۆ کێشەکان بدۆزرێتەوە نەوەك هەوڵبدرێت چەند تێرمێکی تیۆری یان ڕوانگەی لایەنێکی سیاسیی دیاریکراو، ئەوجا کەمینە بێت یان زۆرینە فەرز بکرێت، یان لەمەش خراپتر هەڕەشەی لەباربردنی هەموو دەسکەوتەکانی پێ بکرێت..**

---

ئۆپۆزسیۆن تەفسیری ئەوەی بۆ دەکات کە وەڵامی پرۆژەکەیان نەدراوەتەوە ئەوەیە کە پارتی و یەکێتی داوای ئەوەیان کردووە وەك چۆن ئەوان وەك ئۆپۆزسیۆن مافی خۆیانە پرۆژەیان هەبێت، بەهەمان شێوە پارتی و یەکێتیش وەك دوو لایەنی سەرەکی و حکومڕان لەکوردستان مافی خۆیانە پرۆژەی خۆیان هەبێت و چۆن پارتی و یەکێتی ئامادەییان پیشانداوە کە وتووێژ لەسەر پرۆژەکەی ئۆپۆزسیۆن بکەن بەهەمان شێوە دەبێت وەك عورفێکی سیاسیی لەنێوان لایەنە سیاسییەکانی کۆمەڵگەی دیموکراتی، فەرز دەبێت لەسەریان ئەوانیش ڕێز لە وەڵامدانەوەکەی پارتی و یەکێتی بگرن و پێکەوە بگەنە چارەسەرێك کەهەموو لایەکی پێ ڕازی بێت، بەڵام پێداگرتن لەسەر ئەوەی کە دەبێت بێ وتووێژ کردن پرۆژەکەی ئۆپۆزسیۆن جێبەجێ بکرێت ئەمە کارێکە دەکەوێتە دەرەوەی سیاسەتکردن لە کۆمەڵگەی دیموکراتی، لەمبارەوە و سەبارەت بەهێورکردنەوەی بارودۆخی ناوچەکانی سلێمانی و دەوروبەری و بۆ هەنگاو هەڵگرتن بۆ چارەسەری کێشەکە، یوسف محەمەد وەك بەڕێوەبەری ناوەندی توێژینەوەی سیاسی بزووتنەوەی گۆڕان بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن:((نارەزاییەکانی هەرێمی کوردستان تایبەت نییە تەنیا بە شاری سلێمانی، بۆتە خۆپیشاندانێکی جەماوەری بەرفراوان لەناو شاری سلێمانی و لەقەزا و ناحیەکانی سەر بە پارێزگای سلێمانی و هەندێ لەقەزا و ناحیەکانی سەر بەپارێزگای هەولێریش بەتایبەتی لەقەزای کۆیە و تەق تەق، هەروەها لەهەموو شارو شارۆچکەکانی تری کوردستان نارەزایی هەیە، تا ئێستا چەندجار داوای مۆڵەتی خۆپیشاندان لەپارێزگاری هەولێر کراوە، بەڵام مۆڵەتیان پێ نەداون، کەواتە نارەزایی خۆپیشاندانەکان تەنیا لە سلێمانی نییە، بەڵکو لەهەموو هەرێمی کوردستانە، بەڵام لەسلێمانی خەڵك دەسەڵاتی ناچارکردووە کەخۆپیشاندان ئەنجام بدەن و دەسەڵاتی یەکێتی لەسلێمانی نەتوانێت پەرچەکرداری هەبێت، بەڵام لەهەر شوێنێکی تر دەسەڵاتی هەبووبێت، ئەوە بەهێز وەڵامی خۆپیشاندەرانی داوەتەوە، هەروەها دەبێت ئەوەش بزانین کە تائێستاش لەهەرێمی کوردستاندا دوو ئیدارەیی هەیە.

سەبارەت بەچۆنییەتی هێورکردنەوەی بارودۆخەکەش، ئێمە پێمانوایە دوو ڕێگە لەبەردەمی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان هەیە، ڕێگایەکیان ئەوەیە کە وەکو قەزافی بەهێزە ئەمنییەکانی خۆیان و ئەو هێزە چەکداریانەی کە هەیانە بیانهێنە ئەو شوێنانەی خۆپیشاندانی تێدایە و نارەزاییەکان کپ بکەنەوە، بێگومان بەراوبۆچوونی من ئەوە فەشەل دەهێنێت، ئەو ڕێگەیە سەرکەوتوو نابێت، ئەمە لەگەڵ ئەوەی بەشێك لەناو دەسەڵاتی سیاسی وا بیر دەکاتەوە کە بە ڕێگەی هێز و چەك دەتوانرێت بارودۆخەکە هێوربکەنەوە، بەڵگەش بۆ ئەمە ئەو بەیانامەیەیە کە شەوی هەشتی مانگ لەلایەن دەسەڵاتی سیاسی دەرچووە کە بۆ وەڵامدانەوەی هەر سێ لایەنی ئۆپۆزسیۆنەو بەنەفەسێکی زۆر توند و هەڕەشەئامێزە.

ڕێگەی دووەم بۆ هێورکردنەوە بریتییە لەوەی کە دەبێت دەسەڵاتی سیاسی بەدەنگ داخوازیەکانی خەڵك و ئۆپۆزسیۆنەوە بچێت و هەوڵی گۆڕانکاری بنچینەیی لەهەرێمی

کوردستان بدات و دەستی گەندەڵکاران لە هەرێم ببرێت و هێزە چەکدار و ئەمنییەکان بەدەست حزبەوە نەمینێت و پارتی و یەکێتی وەکو دوو حزبی سیاسی بمێننەوە کە لە ڕابردوو وەکو حزبەکانی تر خزمەتیان بەهەرێمی کوردستان کردووە)).

ئەو بۆچوونەی یوسف محەمەد وەك ئەندامی شاندی بزووتنەوەی گۆڕان لەوتووێژەکانی نێوان پارتی و یەکێتی ئاماژەی پێکرد، تارادەیەکی زۆر بەدەربڕی هەڵوێستی فەرمی بزووتنەوەی گۆڕانیش دەخوێنرێتەوە، بەڵام پرسیاری سەرەکی ئەوەیە ئایا لایەنەکانی دیکەی ناو ئۆپۆزسیۆنیش هەمان هەڵوێستی توندیان

**پێداگرتن لەسەر ئەوەی کە دەبێت بێ وتووێژکردن پرۆژەکەی ئۆپۆزسیۆن جێبەجێ بکرێت، ئەمە کارێکە دەکەوێتە دەرەوەی سیاسەتکردن لەکۆمەڵگەی دیموکراتیدا**

هەیە، یان بەجۆرێك لەجۆرەکان بواری ئەوەیان هێشتۆتەوە کە هەوڵبدرێت بەزمانی دیالۆگ و لێکتێگەیشتن کێشەکان چارەسەر بکرێن، لەمبارەوە پرسیارمان لەبەڕێز مەولود باوەمراد ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکگرتووی ئیسلامی کرد و بەم شێوەیە سەبارەت بەهێورکردنەوەی باردۆخەکە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی : (سەرەتا دەمەوێت لەو خاڵەوە دەست پێبکەم کە پێویستی وخواستی چاکسازی ئەمڕۆ لەکوردستاندا کۆدەنگییەکی نیشتمانی کۆمەڵگەی کوردستانی لەسەرە و هەموو حزب ولایەن وهێزەکان لەدەسەڵات بن یان ئۆپۆزسیۆن هاودەنگ وکۆکن لەسەر پێویستی ئەنجامدانی چاکسازی وچارەسەرکردنی کێشەی گەندەڵی، لەگەڵ جیاوازی ودیدو ڕوئیاکان بۆ چۆنیەتی چاکسازی وچۆنیەتی پیادەکردن وجۆری میکانیزمەکانی، ئەم ڕاستیە لانیکەم لەڕووی تیۆرییەوە ئاماژەی ئەوە دەدات بەدەستەوە کە هیچ کەس ولایەنێك لەبەرەی دژی چاکسازیدا نییە و چاکسازی نە لەدژی ئەزموون و دەسەڵاتی سیاسی هەرێمە، نەلە دژی هێزولایەنە سیاسیەکانیدا نابێت و دەبێ و دەشێ ئەم کۆدەنگییە خاڵی هاوبەشی لێك تێگەیشتنی گشتی بێت بۆ پەڕینەوە بەرەو قۆناغێکی نوێی سیاسەتکردن لەکوردستاندا کەتایتڵی گەورە تیایدا پرۆسەی چاکسازی نیشتمانییە کە ئەوەش وەڵامدەرەوەی خواستی خۆپیشاندەران وسەرجەم کۆمەڵگەی کوردستانییە، بۆئەوەی ئەم قسانەش لەخەون وخەیاڵێکی خۆشی ئۆپۆزسیۆن وجەماوەر و وگوتارێکی جوان ودڵخۆشکەرەوەی ناکردەیی دەسەڵات دەرچن، دەبێ ئەم پرۆسە نیشتمانییە زەرور وژیانییە لەسەرو حەساسیەتە حزبی وچوارچێوە تەسکەکانی ململانێی حزبی ودەسکەوتی سیاسی و شەرەکانی نفوز بردنەوە ودۆڕاندن دابنرایە وسەیر بکرایە، بەداخەوە تا ئێستە وانەهاتووە وبەدڵنیاییەوە تا نەگەینە وێستگەی ئەو تێگەشتنە هاوبەشە، هەر خەریکی دۆزینەوەی خیارەکانی باسك بادانی یەکترو شەڕی بەحساب تەنازول نەکردنی سیاسی دەبین، لێرەوە دیمەوە سەر پرسیارەکە بەڕای ئێمە بەڕەوا زانینی داوای خۆپیشاندەران داننانە بەڕاستی و پێویستبوونی ئەوەی کە خۆپیشاندەران داوای دەکەن لەدەسەڵاتی سیاسی هەرێم بەهەموو دامەزراوەو ئۆرگانە تەشریعی وتەنفیزی وسەرۆکایەتیەکەوە، ئەمە هەنگاوی ئیجابی یەکەمە ودەبێتە خاڵی سەرەتاو بنەرەتی و ڕێخۆشکەر بێت بۆ نیشاندانی ئیرادەی سیاسی دەسەبەکاربوون بۆ چاکسازی وچارەسەرکردنی گەندەڵی کە کرۆکی داخوازی خۆپیشاندەران پێکدەهێنێ، بەڵام ئەگەر لەڕوانگەی مەرجە بابەتی و پێویستە کردییەکانی بەرجەستەبوونی ئیرادەی سیاسیەوە بڕوانینە وەڵامەکان لەماوەی ڕابردوودا، ئیرادەی سیاسی دەکاتە ئامادەیی و ئارەزووی نوخبەی حوکمڕانی ئەم هەرێمە بۆ وەرگرتنی ئەو بڕیارانەی کە وەڵامدەرەوەی خواست وداوای خۆپیشاندەران وجەماوەرە بەگشتی بۆ چاکسازی گشتی کە بەسەرهەموو لایەکی کۆمەڵگەی کوردستاندا ڕابگات، ئەو ئیرادەیە پێویستی بەم مەرجە پراکتیکیانەی خوارەوە هەیە:

١. وەرگرتنی بڕیار و پابەندبوونی حکومەت بەو پرۆژە دانپێنراوەی کەدانراوە بۆ چاکسازی وەك پرۆتۆکۆلێك لەنێوان حکومەت و دەسەڵاتی سیاسی هەرێم کەخاوەنی ئیرادەکەیە وجەماوەری خۆپیشاندەر یان کۆمەڵگە بەگشتی.

٢. پابەندبوون بەو میکانیزمانەی بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەی چاکسازییە بڕیاردراوەکە دیاریکراون.

٣.پابەندبوون بەموتابەعەکردنی ئیداری وسیاسی وپاسایی و هەڵگرتنی لەمپەڕ وگرفتەکانی سەر ڕێی ئەو پرۆژەیەی ئیرادەی سیاسی دەسەڵاتی هەرێم وەڵامدەرەوەی بووە.

٤.پەرەپێدان وگۆڕینی میکانیزمەکان بەمەبەستی چوونە پێشەوەی پرۆسەکە.

٥. پابەندی بەبەردەوامبوونی گەیاندنە جێی پرۆسەکە.

ئەگەر لەڕووی ئەو خاڵە پێویستیانەی بەرجەستە بوونی ئیرادەی سیاسیەوە بڕوانینە وەڵامەکان بۆچی نابنە هۆکاری هێورنەبوونەوە بەشی هەرەزۆری پەیوەستبوون بەناهەماهەنگی ولێکپچڕانی وەڵامدانەوەکانی قۆناخی ڕابردوو لەلایەن پێگە جیاوازەکانی دەسەڵاتی هەرێمەوە، پەرلەمان لە٢٣/٢دا پرۆژەیەکی ١٧خاڵی ڕاگەیاند، ئێمە لەیەکگرتوو تەبەنیمان کرد ولەڕووی کردییەوە بەهیچ نەگەیشت، دواتر داخوازی خۆپیشاندەران لە٢/٢٨دا لەدووبەشی هەنووکەیی وبنەڕەتیدا لەمیانەی ٣٧ خاڵدا بەنامەونامەکاری لەلایەن سەرۆکی حکومەتەوە وەڵامدرایەوە جێگەیەکی ئەوتۆی نەگرت، دواتر سەرۆکی هەرێم لەپاش گەڕانەوەی لەسەفەر هەندێك پێشنیاری گرنگی خستنەڕوو

**یوسف محەمەد:**

**لەسلێمانی خەڵك دەسەڵاتی ناچارکردووە کەخۆپیشاندان ئەنجام بدەن و دەسەڵاتی یەکێتی لەسلێمانی ناتوانێت بەرچەکرداری هەبێت..**

میکانیزمی بۆ نەسازێنرا، ئاخر خۆ ئیرادەی سیاسی وشەیەك نییە هەروا لەخۆوە بوترێت موستەلزەماتی کردیی خۆی هەیەونابێ بەرپرسانی هەرێم ڕێگەبدەن تەنیا بەگوتار ئەو ئیرادە سیاسییە دەربڕدرێت وببێتە قوربانی ململانێی هێزە سیاسییەکان.

گفتوگۆی ڕاشکاوانەی لەگەڵ خۆپیشاندەران کە ئەنجومەنێکیان بۆ خۆیان دەستنیشانکردووە هەروەها لەتەك هەموو هێزەکان بێ لەبەرچاوگرتنی هیچ جۆرە حەساسیەت و باسوخواسی تەنازولکردن یان گوێدانە ڕەنگ ودەنگێك بۆ گەیشتنە پرۆژەیەکی چاکسازی نیشتمانی هی هەمووان بێت و گوزارشت لەم کۆدەنگیە نیشتمانیەی چاکسازی بکات.))

ئەمە دیدی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بۆ هێورکردنەوەی باردۆخەکە پیشاندەدات.

هەروەها سەبارەت بە هەڵوێستی کۆمەڵی ئیسلامیش پرسیارمان لە عەبدولستار مەجید ئەندامی مەکتەبی سیاسیی کۆمەڵی ئیسلامی کرد و سەبارەت بەچۆنییەتی هێورکردنەوەی باروودۆخەکە بەمجۆرە ڕای لایەنەکەی خۆی

بۆ گولان خستەڕوو: ((پێموایە هەرێمی کوردستانیش وەکو هەندێ وڵاتانی دیکە، لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردەواریماندا بەقۆناغێکی نوێ تێدەپەڕێت، ئەم قۆناغە نوێیەش پێویستی بەهەڵسوکەوت و مامەڵەیەکی نوێ هەیە، بۆیە دەبێ بەرپرسانی هەرێم بەدەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنەوە زۆر بە وردی و واقیعبینانە و بە دڵسۆزی و خەمخۆری و بوێرانە مامەڵە لەگەڵ ئەم بارودۆخە بکەن، بەڵام کۆتاییهێنان بەم خۆپیشاندانانەش کە جار جار هەڵیشکشاوە بۆ ئاڵۆزی، بەلایەنی بە دەسەڵات دەکرێت، واتە (حکومەت و سەرۆکایەتی هەرێم و پەرلەمان) ئەوان دەتوانن کۆتایی بەو خۆپیشاندانانە بێنن، ئەویش بەوە دەبێ کە وەڵامی داوا ڕەواکانی خۆپیشاندەران بەکردار بدەنەوە، چونکە ئەوەی تا ئێستا گوێمان لێ بووە لە وەڵامەکان پڕۆژەی باش پێشکەش کراوە، وەڵامەکانی سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەت و پەرلەمان لە (١٧) خاڵەکەی خۆیدا وەڵامی باشبوون، بەڵام ئەو بڕیار و وەڵامانە تا ئێستا نەکەوتۆتە چوارچێوەی جێبەجێکردن، بۆیە تاکە ڕێگە بۆ رزگاربوون لەم بارودۆخە وەڵامی ئیجابی بەرپرسانەی بەرپرسانی هەرێمە بۆ خۆپیشاندەران و پڕۆژەی ئۆپۆزسیۆن.

سەبارەت بەپڕۆژەکەی جەنابی سەرۆکی هەرێمیش، ئێمە پێمانوایە هەندێك کەموکوڕی تێدایە، بەتایبەتی لە یاسای خۆپیشاندان و لەو بڕگەیەی باسی دەستگیرکردن دەکات، کە لە خاڵی پێنجەمدا هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کە هاندان و خاوەنداریەتی خۆپیشاندانەکانیان کردووە، چونکە خۆپیشاندانی نایاسایی و بێ مۆڵەت بووە. هەروەها خاڵێکی تر ناکرێت هەرکەسێك بە هەر بیانوێك تەقە بکات و خەڵك بکوژێت و بریندار بکات، بەڵام دەستگیر نەکرێت و لێکۆڵینەوەی لەگەڵ ئەنجام نەدرێت، کەچی یەکێك تەنیا دوو قسەی کردووە بگیرێت، بەبڕوای ئێمە ڕەوشەکە ناسکە، بۆیە پێویست بوو ئەو کۆبوونەوانەی کە لەنێوان ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتی کە بەتەنیا لەگەڵ هەر یەك لە کۆمەڵی ئیسلامی و یەکگرتوو و گۆڕان ئەنجام دەدرا تەفعیل بکرابووایە و بەردەوام برەویان پێ بدرابووایە، تاوەکو لەکۆتاییدا هەموومان بە پڕۆژەیەك یان ئەنجامێك بگەیشتبووایین کە چارەسەری کێشە و گرفتەکانی بکردبوایە، سەرەڕای ئەوەش ئێمە هەرسێ لایەنی ئۆپۆزسیۆن داوای هەڵوەشاندنەوەی حکومەتمان کردووە، گەرچی ئێستاش دەڵێین و ئامادەین کە بەیەکەوە پێنج قۆڵی دابنیشین و لەسەر ئەو پڕۆژەیەی هەمانە ڕێك بکەوین بۆ ئەوەی ئەو قەیرانەی کە هەیە چارەسەر ببێت و داواکاری خۆپیشاندەران بێتەدی و رزگارمان بێت، چونکە ئەو بارودۆخە بۆ هەموو لایەکمان ناخۆشە. خۆمان بەخەمخۆر و دڵسۆزی جەماوەر و میللەت و وڵات و کوردستان و حکومەت و پەرلەمان دەزانین، هەر هەنگاو و نەخشەڕێگەیەك ببێتە مایەی چارەسەری کێشە و گرفتەکان و رزگاربوون لەم قەیرانە، ئێمە دڵسۆزانە و بوێرانە دێینە پێش و لەم قۆناغەدا پێمانوایە ئەوەی ئێستا ئۆپۆزسیۆن پێشکەشی کردووە بریتییە لە پڕۆژەیەکی (٢٢) خاڵی کەدوا خاڵی داوای هەڵوشانەوەی حکومەت دەکات، ئەوە مانای ئەوە نییە کە دژایەتی حکومەت دەکەین، بەڵکو پێمانوایە ئەو حکومەتە لەم قۆناغەدا نەیتوانیوە ئەرکی خۆی جێبەجێ بکات، بۆیە پێمان باشە ئەو حکومەتە هەڵبوەشێتەوە و حکومەتێك بەتەوافوق دروست بکەین کە وەکو ئەوەی برادەرانی پارتی دەڵێن حکومەتێکی بنکە فراوان بێت کە لەئاستی داواکاری جەماوەر و پڕۆژە و داوارەواکانی خۆپیشاندەران و ئۆپۆزسیۆن بێت، ئەمەش تاکە ڕێگەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و ئەو بارودۆخەی ئێستا هەیە)).

> **جەعفەر ئیمنکی:**
>
> **بڕوامان بەوە هەیە کەخۆپیشاندەران بەنیازێکی دیار و پاك ئەو کارە دەکەن و بەیاننامەکەشیان ڕەوایە. لێرەدا دەبێ بۆ لایەنی بەرامبەریش باوەڕی بەوە هەبێت کە نیاز پاکە و ئەو داواو ئامانجانە نەك تەنیا هی ئەوانە. بەڵکو هی ئێمەشە و تەنیا ئامڕازە کە لە نێوان ئێمە و ئەوان جیاوازە..**

بەڵام لەبەرامبەردا جەعفەر ئیمنکی ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان و ئەندامی شاندی پارتی و یەکێتی بۆ دانیشتن لەگەڵ هەرسێ لایەنەکەی ئۆپۆزسیۆن، سەبارەت بەدیدی پارتی و یەکێتی بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخەکە لەلێدوانێکی تایبەتدا بۆ گولان بەمجۆرە هاتە ئاخاوتن: (بێگومان وەك دیارە مەبەستمان هێورکردنەوەیە و دەمانەوێت باشتر و وردتر لە داواکاریی خۆپیشاندەران تێبگەین، بۆ ئەمەش دەبێت هەردوو لامان (پارتی و یەکێتی و نوێنەرانی خۆپیشاندەران) پێکەوە دیالۆگ ئەنجام بدەین، بەڵام ئەگەر راستەوخۆ و لەنزیکەوە دیالۆگ لەنێوان ئێمە و خۆپیشاندەران نەبێت، ئەوە درەنگتر یان کەمتر لەیەك حاڵی دەبین. هەروەها لەگەڵ ئەوەی ئێمە بەردەوام داواکاری خۆپیشاندەرانمان پێدەگات و وەڵامیشیان دەدەینەوە، بەڵام دیارە تائێستاش لێکحاڵی نەبوونێك لەنێوانماندا هەیە، هەربۆیە و بۆ ئەوەی باشتر لە یەکتری تێبگەین، پێویستە پێکەوە دابنیشین و وتووێژی راستەوخۆ لەگەڵ سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەت و پەرلەمان دەست پێبکات و داواکاریەکانیان وردتر بخەنەڕوو بۆ ئەوەی باشتر وتووێژی لەسەر بکەین، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ناکرێت تەنیا لەسەر سەکۆیەکەوە یان لەڕێگەی میدیاوە داواکاریەکانیان باس بکەن بەبێ ئەوەی بێنە پێشەوەو وتووێژی لەسەر بکەین، هەر ئەمەش وایکردووە وەڵامەکانی ئێمەش بە وردی بەوان نەگات، چونکە لەگەڵ یەك دانەنیشتووین، بۆیە زۆر پێویستە دیالۆگێکی بەهێزتر لە نێوان ئێمە و خۆپیشاندەران دروست بێت و باوەڕی ئێمە ئەوەیە کە پێویستە هەردوو لامان زیاتر هەنگاو بنێین بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخەکە نەك بەرەو تەفعیلکردنی بارودۆخەکە)).

هەر سەبارەت بەهێورکردنەوەی بارودۆخەکە و هەوڵە هەمەلایەنەکانی لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات بۆ ئەوەی بتوانن پێکەوە بگەنە پڕۆژەیەکی هاوبەش بۆ ئەوەی ئەم قەیرانە تێپەڕێنرێت، جەعفەر ئیمنکی وتی: (لێرەدا هەست دەکەین لایەنی ئۆپۆزسیۆن زیاتر شێوازی مەرجدار و فشار بەکاردەهێنن، ئەمە لەبری ئەوەی بێن لەگەڵ یەك گفتوگۆ بکەین بۆ ئەوەی وردتر لەسەر داواکاری خۆپیشاندەران و ئۆپۆزسیۆن بکۆڵینەوە، پێکەوە بەهاوبەشی میکانیزمێك دابڕێژین و پێکەوە جێبەجێی بکەین، بەپێچەوانەوە ئەوان دەیانەوێت بەدوور بەدووری داواکارییەکان ئاڕاستە بکەن، بەداخەوە من بەشی حاڵی خۆم وا تێدەگەم، ئەوان زیاتر مەبەستیانە رای گشتیی لە دژی پارتی و یەکێتی بوروژێنن، بۆیە ئومێد دەخوازم من لەمەدا بەهەڵەدا چووبم، بەڵام گۆڕانکاری و چاکسازی کاری هەموو لایەکمانە تەنیا کاری بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان و پارتی و یەکێتی نییە، بەڵکو کاری ئۆپۆزسیۆنیشە، چونکە ئەوانیش لە حکومەت و پەرلەمان بەشدارن و بوونیان هەیە، هەروەها پێش کەمتر لە دووساڵ بەشی زۆری سەرکردایەتی گۆڕان لە سلێمانی و ئیدارەی سلێمانی بەرپرس بوون و بەرپرسیاریەتیان لەسەر شان بووە، بۆیە دووبارە

دەڵێم چاكسازی كاری هەموولایەكمانە، بەڵام ئەوەی دەیبینین ئەوەیە كە بەداخەوە ئۆپۆزسیۆن ڕۆڵی خۆی نەبینیووە كــە دەتوانیت ڕۆڵێكی كاریگەرتر بۆ هێوركردنەوەی خۆپیشـــاندەران و بارودۆخەكە ببینێت، چونكە باوەڕناكەین تا ئێستا ڕۆڵی خۆیان بە باشی دیتبێت، بۆیە داوایان لێ دەكەیـــن با ڕۆڵی خۆیان باشـــتر و كاریگەرتر ببینن لە هێوركردنەوەی خۆپیشاندەران و شەقام ئەمـــە لە لایەك، لە لایەكی تـــر ئێمە و ئەوان لە وڵاتێك دەژین كە سیســـتەمێكی دیموكراتی هەیە، دەبێ زمانی دیالۆگ و لێك تێگەیشتن بەهێز بكەین لەپێناوی ئـــەوەی ئەو ئەزموونە بەرەوپێشەوە ببەین)).

## ئۆپۆزسیۆن و بایكۆتكردنی دانیشتنە ئاساییەكانی پەرلەمان

لایەنێكی دیكە كە ئەمڕۆ لایەنی ئۆپۆزسیۆن جەختی لەسەر دەكاتەوە ئەوەیە كە نابێت پەرلەمان دانیشـــتنی ئاســـایی خۆی گرێبدات و دەبێت هەموو كۆبوونەوەكان نائاسایی بن و تایبەت بن بەبارودۆخی ئێســـتا، ئەمە لەكاتێكدایە ناكرێت پەرلەمان لەكاری ئاســـایی خۆی پەكبخرێت و

**جەعفەر ئیمنكی:**

**گۆڕانكاری چاكسازی كاری هەموو لایەكمانە تەنیا كاری بەڕێز سەرۆكی هەرێمی كوردستان و پارتی و یەكێتی نییە، بەڵكو كاری ئۆپۆزسیۆنیشە، چونكە ئەوانیش لە حكومەت و پەرلەمان بەشدارن و بوونیان هەیە**

بەزۆری زۆرداری هەموو یاســـاكان پشتگوێ بخرێن، ســـەبارەت بەگرێدانی دانیشـــتنەكانی پەرلەمانی كوردســـتان بەشـــێوەیەكی ئاسایی پرسیارمان لەبەڕێز د.كەمال كەركوكی سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان كرد، بۆچی دانیشتنەكان بە ئاسایی بەڕێوەدەبەن، لەكاتێكدا لایەنەكانی ئۆپۆزسیۆن داوا دەكەن دانیشتنەكان بەشێوەیەكی نائاســـایی بەڕێوە بچن؟ لەوەڵامدا ســـەرۆكی پەرلەمانی كوردستان بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن:(سەبارەت بەدانیشتنەكانی پەرلەمانی كوردستان كەبەشێوەیەكی ئاسایی بەڕێوەدەچن، لەبەر ئەوەیە بەپێی یاســـا و پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان هەركاتێك نیسابی یاسایی تەواو بوو، واتە لەكۆی ١١١ پەرلەمانتار ٥٦ پەرلەمانتار ئامادەبوو دانیشتنەكان بەشـــێوەیەكی ئاسایی بەڕێـــوە دەچن، خۆ ئەگەر لەم ڕێژەیەش كەمتر بوو، ئـــەوا پەرلەمان هـــەر دەتوانێت كۆبێتەوە و وتووێـــژ لەســـەر بەرنامـــەی كاری خۆی بكات، بەڵام لـــەم حاڵەتەدا ناتوانرێت بڕیارەكە بخرێتە دەنگدانەوە، لەم بارودۆخەی ئێستاشـــدا بێگومان وەك هەموو لایەك ئاگادارە نیســـابی یاســـایی پەرلەمـــان تەواو بـــووە و بەرنامەی كار ئامادەبووە، بۆیە بەشـــێوەیەكی ئاســـایی كۆبوونـــەوەكان بەڕێوەچوون، هەروەها ئەندامی پەرلەمـــان نوێنەری خەڵكـــن و خەڵك دەنگی پێداون، بۆیە كاتێك پەرلەمان كۆبوونەوە بكات و ئەو ئامادە نەبێت بەشـــداری لەكۆبوونەوەكان بكات، ئەوا غەدر لـــەو خەڵكە دەكات كە ئەو نوێنەرایەتییان دەكات)).

هـــەر لەدرێژەی لێدوانەكـــەی بۆ گوڵان و ســـەبارەت بە گرێدانی كۆبوونەوەی نائاسایی كە پێشـــتر پەرلەمانی كوردستان بۆ قسەكردن لەســـەر بارودۆخەكە گرێداوە، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان وتی:(ئەگەر پەرلەمانی كوردســـتان لەپشووی خۆیدا بێت و بارودۆخێك بێتە پێشـــەوە و پێویست بوو پەرلەمان لەسەری كۆبێتەوە، ئەوا دیســـان بەپێی یاسا و پەیڕەوی ناوخـــۆی پەرلەمان دانیشـــتنی نائاســـایی گرێدەدەین، بەڵام دوای ئەوەی كە خولی تازەی پەرلەمان دەســـت پێدەكاتـــەوە و بەرنامەی كار لەبەردەســـت بوو، ئەوا دانیشتنەكان بەپێی یاسا بە شێوەیەكی ئاسایی بەڕێوەدەچن، بەڵام دیسان ئەگەر مەســـەلەیەك هاتە پێشەوە و لەدەرەوەی بەرنامەی كار بوو، بـــۆ نموونە وەك داواكردن بۆ ئامادەبوونی وەزیری پێشـــمەرگە كە بڕیارە پەرلەمان ڕۆژی یەكشـــەمە بانگهێشتی بكات ئەوە كۆبوونەوەی نائاسایی گرێدەدەین، ڕۆژی چوارشەمەی دادێ وەزیری ناوخۆی حكومەتی هەرێمی كوردستان بانگهێشت دەكرێت).

ســـەبارەت بـــە پـــڕۆژە ١٧ خاڵیەكـــەی پەرلەمانیـــش كە بزووتنەوەی گۆڕان بەو جۆرە ناوی دەبات پەكخراوە یـــان جێبەجێ ناكرێت، ســـەرۆكی پەرلەمانی كوردستان سەبارەت بەم پرسەش وتی: (پڕۆژە ١٧ خاڵیەكەی پەرلەمان بەزۆرینـــەی دەنگـــی ئەندامانـــی پەرلەمان پەســـەندكراوە، بۆیە ئەم پڕۆژەیە كاری لەسەر دەكرێت و چەند خاڵێكی كاری لەســـەر كراوە و هەندێكی دیكـــەی لیژنەكانی پەرلەمانمان ڕاسپاردوە كاری لەسەر بكەن و بەدواداچوونی لەسەر بكەن، هەروەها هەندێك خاڵی دیكەشی پێویستی بەكاركردن هەیە لەدەرەوەی پەرلەمان، بۆیـــە بەهیـــچ جۆرێك پـــڕۆژە ١٧ خاڵییەكە پەكنەخـــراوە و كاری جددی لەســـەر دەكرێت، بەڵام هەندێك لەو خاڵانە پێویســـتی بەكات و ئیشی زیاترە)).

ئەوەی ســـەرۆكی پەرلەمانی كوردستان لە وتەكانی بۆ گوڵان ئاماژەی پێكرد، بەوجۆرەیە كە دانیشتنە ئاساییەكانی پەرلەمان بەپێی یاسا و پەیڕەوی ناوخـــۆی پەرلەمان بەڕێوە دەچێت و ئەگەر مەســـەلەیەكیش هەبێت كە پێویســـت بكات پەرلەمان كۆبوونەوەی نائاســـایی لەسەر گرێبـــدات، ئەوا زۆر ئاســـاییانە كۆبوونەوەی نائاسایی لەسەر دەكرێت، وەك ئەو كۆبوونەوانەی كە بڕیارە هەر لەم هەفتەیە بۆ بانگهێشتكردنی هەردوو وەزیری ناوخۆ و پێشمەرگە گرێبدرێن، بۆیـــە لـــەم چوارچێوەیـــەدا و ســـەبارەت بە بایكۆتكردنی دانیشتنە ئاساییەكانی پەرلەمان لەلایـــەن پەرلەمانتارانـــی ئۆپۆزســـیۆنەوە، پرســـیارمان لە یوســـف محەمەد بەڕێوەبەری ناوەنـــی توێژینـــەوەی سیاســـی بزووتنەوەی گۆڕان كرد، بەڕێزی بەمجۆرە وەڵامی داینەوە و وتی: (لەكاتێكدا خەڵك لەســـەر شـــەقامە و داخوازی هەیە و یاســـا جێبەجـــێ ناكرێت و خەڵك بەشێوەیەكی نایاسایی دراوەتە بەرگوللە و دەســـتگیر نەكراون، گەرچی خەڵكانێ هەنە

**مەولود باوەمراد:**

**چارەسەر گفتوگۆیە بۆ پێكهێنانی پرۆژەیەكی چاكسازی نیشتمانی كە هی هیچمان نەبێ و هی هەمووومان بێت، بەڵام مەرجی سەرەكی ئەوەیە ئەو قەناعەتەمان لادروست ببێت كە كوردستان كەوتووەتە قۆناغێكی سیاسی نوێوە**

لە لایەن دادگاكانەوە بڕیاری دەستگیركردنیان دەرچـــووە، بـــەڵام ناچنە بەردەمـــی دادگا و دەیانشـــارنەوە، لەو كاتەدا دەبێـــت پەرلەمانی كوردستان بەدەم داخوازییەكانی خەڵكەوە بچێت و بەرگری لە هاووڵاتیانی هەرێمی كوردستان بكات نەك وەكو ئەوەی نەبای دیبێت و نەباران و دەچێت گفتوگۆ لەســـەر شـــتە ڕۆتینیەكان دەكات و بیەوێـــت بودجە تێپەڕێنێت كە بڕێكی زۆری لە پارەی خەڵكی كوردستانی لە تاریكی هێشتۆتەوە و چەندین پڕۆژەی وەهمی تێدایە، بەڕاســـتی پەرلەمانێك كە لەگـــەڵ داخوازییە هەنوكەییەكانی هاووڵاتیـــان نەجووڵێتەوە ئەوە هێزەكانی ئۆپۆزســـیۆن هەقی خۆیانە ڕەخنە لە ئەدای پەرلەمان بگرن و هەڵوێست وەربگرن.

هەروەها سەرۆکایەتی ئەو پەرلەمانە ڕێز لەو پەیڕەوە ناوخۆیەی پەرلەمانە ناگرێت کە نزیکەی (٢٠)ساڵە دانراوە هەتا ئێستا گۆڕانکاری تێدا نەکراوە و بەپێی ئەو پەیڕەوە ئەجێندای پەرلەمان دیاری دەکرێت و کات و ساتەکانی دانیشتنەکان دیاری دەکرێت نەك بەپێی زەوق و ئارەزووی سەرۆکایەتی پەرلەمان و هەردوو حزبی دەسەڵات، بەرنامەی کاری پەرلەمان بەدەمەوەچوونی داوا و داخوازییەکانی خەڵك و خۆپیشاندەران بوو نەك بودجە و شتی تر کە ئێستا دانیشتنی بۆ ئەنجام دەدەن، ئەمەش کارێکی نایاساییە)).

سەبارەت بەتێکەڵاوکردنی خواست و داوای خۆپیشاندەران و ئەجێندای سیاسیی لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆنیش پرسیارمان لە یوسف محەمەد کرد و لێمان پرسی ئایا باشتر نییە کە ئەم دوو شتە لەیەکتری جیابکرێنەوە؟ لەوەڵامدا وتی:(ئەوە ڕوانینی دەسەڵاتی سیاسییە کە پێیوایە پێویستە خواستی خۆپیشاندەران و ئەجێندای ئۆپۆزسیۆن جیاواز بێت، چونکە دەسەڵاتی سیاسی لەلایەکە و جەماوەری هەرێمی کوردستان لەلایەکی ترن،

**عەبدولستار مەجید:**

**دەبێ ئۆپۆزسیۆنیش هەوڵبدات ئەو دەنگە نارەزاییانەی لە وڵات هەیە ڕێکیان بخات و خاوەنداری بکات بۆ چاککردن و گۆڕانکاری باش لە هەرێمدا بەشێوەیەك بێت هاووڵاتیان پێی رازی بن و ئومێدیان پێی هەبێت**

ئەوان لەسەرگردەکان خانوویان دروستکردووە و لەگەڕەکە راقیەکانی شارە گەورەکان دەژین و نازانن بێکارەبایی و بێ ئاوی چییەو...، بەڵام هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان و بەشی زۆری سەرکردەکانی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان وەکو ئەوان نین، لەناو خەڵکەکە دەژین و بەشێکی زۆریان کرێچین و سووتەمەنیان نییە و دەزانن بێ پارەیی چییە و دەزانن بێ ئیشی ئازاری چەندە و. بۆیە جیاواز نین لەگەڵ خەڵك و لەگەڵ خواستەکانی جەماوەر دەژین و لەگەڵ خوپیشاندەران یەکین، هەروەها دەمەوێت بڵێم تەنیا بەپشتگیری و تەبەنیکردنی رای جەماوەرە ئۆپۆزسیۆن بەزیندوویی دەمێنێتەوە. هەر کاتێك بزووتنەوەی گۆڕان پشت لە شەقام و جەماوەر و خەڵك بکات مانای وایە ئینتیحار دەکات، بۆیە جەماوەر و هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان لێك ناترازێن و یەکن)).

ئەوەی لە قسەکانی یوسف محەمەد دەردەکەوێت کە بایکۆتکردنی کۆبوونەوەکانی پەرلەمان لەلایەن پەرلەمانتارانی بزووتنەوەی گۆڕانەوە بڕیاریکی مەرکەزی سەرکردایەتی گۆڕانە، هەربۆیە پرسیاریشمان لە عەبدولستار مەجید ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی کرد سەبارەت بە بایکۆتی دانیشتنە ئاساییەکانی پەرلەمان و لەمبارەوە بەگوڵانی ڕاگەیاند:(ئێمە وەکو کۆمەڵی ئیسلامی تارادەیەکی زۆر پەرلەمانتارانمان لەهەڵوێست و بڕیاردان لەسەر بابەت و مەسەلە هەنووکەییەکان لەپەرلەمان ئازادن، بەڵام بەگشتی لەگەڵ ئەوەین کە پەرلەمانتارەکانی ئێمە لە لیستی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی لەکۆبوونەوەکانی پەرلەمان بەشداربن، بەڵام ئەوەش بەوە دەبێت کە سەرۆکایەتی پەرلەمان پرس و را لەسەر هەموو بابەتەکان بەهەموو لایەنەکان بکات،)) سەبارەت بەجیاکردنەوەی خواستەکانی خۆپیشاندەران و ئەجێندای ئۆپۆزسیۆن و بەشداریان لە پرۆسەی چاکسازی و دارشتنی میکانیزمێك بۆ چارەسەرکردنی دیاردەی گەندەڵی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی وتی:(ئێمە نەمانگوتووە لە دارشتنی میکانیزم بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی بەشداری ناکەین، ئەو کاتەی جەنابی کاك مسعود بارزانی داوای ئەم پڕۆژەیەی کرد، ئێمە پڕۆژەیەکمان ئامادەکرد، بەڵام جەنابیان سەفەری کرد، تا ئەویش هاتەوە ئەو بارودۆخە نوێیەی بەسەرداهات و ئەو کاتەش ئەو بارودۆخە لەوە گەورەتر بوو لەوەی بێن باسی پڕۆژەیەکی گەندەڵی بکەین، ئێستاش جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان داوا ڕەواکانی خۆپیشاندەران و پڕۆژەکانی ئۆپۆزسیۆن بۆ گۆرانکاری و چاکسازی نییە، چونکە ئۆپۆزسیۆن دەمێکە داوای گۆڕانکاری کردووە و پڕۆژە و یاداشتی بۆ چاکسازی و گۆڕانکاری پێشکەش کردووە، ئەوەی ئێستاکە سەریهەڵداوە لە ئەنجامی بەهەند وەرنەگرتنی داواکاری و پڕۆژەکانی ئۆپۆزسیۆنە و لە نزیکەوە لەگەڵ ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان و جەنابی سەرۆکی هەرێم و حکومەت و سەرۆکایەتی پەرلەمان بەوردی و بەتێروتەسەل باسی ئەو قەزایانەمان کردووە کە کێشە و گرفتن و پێویستیان بە چارەسەری بنەڕەتی هەیە، بەبۆچوونی من دەبێ ئۆپۆزسیۆنیش هەوڵبدات ئەو دەنگە نارەزاییانەی لە وڵات هەیە ڕێکیانبخات و خاوەنداری بکات بۆ چاککردن و گۆڕانکاری باش لە هەرێمدا کە بەشێوەیەك بێت هاووڵاتیان پێی رازی بن و ئومێدیان پێی هەبێت و دڵیان پێی خۆش بێت. دیسان دەڵێم ئەم قۆناغەمان پێویستی بە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی بوێرانە هەیە لەلایەن دەسەڵاتەوە، واتە دەسەڵات زۆر بەئاسایی و بوێرانە بێت و دەست بەگۆڕانکاری گەورەگەورە بکات کە لەحەقیقەتدا لە قازانجی حکومەت و پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێم و خەڵك و جەماوەرو ئۆپۆزسیۆنیشە، دووبارە دەڵێم ئێمە پڕۆژەمان ئامادەکردبوو و بڕیاریشمان دابوو کە لە ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی بەشداربین، ئێستاش ئامادە و هاوکارین بۆ بەشداری کردن لە گورانکاری و چاکسازی و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی بەشێوەیەکی بەرفراوان و ڕیشەیی، ئەو کاتە ئەگەر هەموو گەندەڵی و گەندەڵکارانیش کۆتایی نەیەت، ئەوە بەشێکی زۆر بنبڕ دەکرێت و نامێنن)).

هەر لەچوارچێوەی ئەم پرسە و بایکۆتکردن و ئامادەنەبوونی پەرلەمانتارانی ئۆپۆزسیۆن لە دانیشتنە ئاساییەکاندا، مەولود باوە مراد

**د. کەمال کەرکوکی:**

**هەرکاتێك نیسابی یاسایی تەواو بوو، دانیشتنەکان بەشێوەیەکی ئاسایی بەڕێوە دەچن، خۆ ئەگەر لەم ڕێژەیەش کەمتر بوو، ئەوا پەرلەمان هەر دەتوانێت کۆبێتەوە و وتوویژ لەسەر بەرنامەی کاری خۆی بکات، بەڵام لەم حاڵەتەدا ناتوانرێت بڕیارەکە بخرێتە دەنگدانەوە..**

ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی بەمجۆرەی رای خۆی دەربڕی : (وادەزانم لەبەرئەوەی ئەوان ئاسۆکانی کارایی وکاریگەرییان لەسەر ڕووداوەکان وچارەسەرکان لەبەردەم داخراوە ناچارن پەنا بۆ هەموو وەسیلەیەکی پەرلەمانی بەرن تا لەبەردەم دەنگدەرانیاندا تووشی ئیحراجی نەبن ئەگینا هێورکردنەوە بەوان ناکرێت، بە ئیرادەی سیاسی کۆی دەسەڵات دەکرێت لەهەرێمدا. هەروەها لەئێستادا لەبری گفتوگۆی پێویست، ولێککەیشتنی هاوبەش بۆ دۆزینەوەی خیارەکانی چارەسەر و دانانی میکانیزمی گونجاو و دوورکەوتنەوە لە ئەگەرەکانی تەشەنەکردنی گرفتەکان، جۆرێك



**جەعفەر ئیمنكی:**

**ئۆپۆزسیۆن داوا دەكەن ئێمە بەخۆدا بچینەوە و ئێمەش داوادەكەین با هەر هەموومان بەیەكەوە بەخۆدا بچینەوە. لەبەر ئەوەی ئەو گرفت و كێشانەی هەیە گەر چارەسەری نەكەین دەبێتە مەترسی لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی هەر هەموومان نەك تەنیا دەسەڵات. بەڵكو لەسەر ئۆپۆزسیۆنیش مەترسی دەبێت**

**مەولود باوەمراد:**

**پێویستی وخواستی چاكسازی ئەمڕۆ لەكوردستاندا كۆدەنگییەكی نیشتمانی لەسەرە و هەموو حزب ولایەنەكان. لەدەسەڵات بن یان ئۆپۆزسیۆن. هاودەنگ وكۆكن لەسەر پێویستی ئەنجامدانی چاكسازی وچارەسەركردنی كێشەی گەندەڵی**

**جەعفەر ئیمنكی:**

**لایەنی ئۆپۆزسیۆن لەبری ئەوەی بەشداری لە كۆبونەوەو دانیشتنی پەرلەمان بكەن و لەناو پەرلەمانەوە ڕەخنەی خۆیان بكەن و هەڵوێستی خۆیان پیشان بدەن. دەچن بەرێگەی میدیاكان و دەركردنی بەیاننامە ڕای خۆیان دەخەنە ڕوو..**

لەدابڕان وسەنگەر لەیەكگرتن هەیە كەپێویستە موبادەرەیەك بۆ سەرلەنوێ كۆكردنەوەی هەموو لایەنەكان لە دایەلۆگێكی سیاسی نیشتمانیدا بكرێت.))

لەدرێژەی پرسیارەكانی گوڵان بۆ باوەمراد، پرسیاری ئەوەمان لێكرد بۆچی ئۆپۆزسیۆن ئەجیندای خۆی تێكەڵاوی خۆپیشاندەران كردووە و ئامادەنین بەشداری لەپرۆژەكانی چاكسازیدا بكەن؟ لەوەڵامدا بەمجۆرە رای خۆی خستەڕوو: (ئەم سێ لایەنە، كە ئێمە لەیەكگرتوو لایەنێكین تیایدا خیاری ئۆپۆزسیۆن بوونمان هەڵبژاردووە لەم خولەی پەرلەماندا و ئاشكرایە ولەهەموو دنیادا وایە خیاری ئۆپۆزسیۆن واتای مانەوە لەگەڵ جەماوەر بۆ كەسبكردنی دەنگی شەقام وگوڕخواردنەوە بۆ نۆرەیەكی تری هاتنەوە بەردەمی جەماوەر لەهەڵبژاردنە گشتییەكاندا بەمەبەستی بردنەوەی دەنگەكانیان، هەروەها جەماوەر یەكێكە لە ڕەگەزە پێكهێنەرە سەرەكیەكانی حزب چ لەدەسەڵات بێت یان ئۆپۆزسیۆن، ئەم دابڕانە لە ئەجیندادا نەك هەر ناكرێ ونابێ ... ئێستەش چارەسەر گفتوگۆیە بۆ پێكهێنانی پرۆژەیەكی چاكسازی نیشتمانی كە هی هیچمان نەبێ وهی هەموومان بێت، بەڵام مەرجی سەرەكی ئەوەیە ئەو قەناعەتەمان لادروست ببێت كە كوردستان كەوتووەتە قۆناغێكی سیاسی نوێوە، كەرەسە وبیر ومیكانیزم وسیستمی نوێی ئیدارەكردنی پێویستە.))

سەبارەت بەهەڵوێستیشیان سەبارەت بە پرۆژانەی بۆ چاكسازی خراوەنەتە ڕوو باوەمراد دەڵێت: (لەبەر ئەوەی تەواوی میكانیزمە قەزایی وئیدارییەكان لەدەست دەسەڵاتدایە وادەزانم ئەگەر ئەرك و بەرپرسیاریەتیەك ڕووبكاتە هەرلایەنێك لەسەر مێزی بەیەكگەشتنەوەی گفتوگۆی چارەسەر كەس نكوڵی لێ ناكات. بەڵام مەسئولیەتی سەرۆكی هەرێم وەك بەرپرسی یەكەمی هەرێمی دەسەڵات لەم هەرێمەدا لەئەمڕۆدا لەوەندەدا تەواو نابێت كە بەش وبازنەیەك یان پانتاییەكی دیاریكراو لە وەڵامدانەوەی داخوازی خۆپیشاندەران یان پرۆسەی چاكسازی بگرێتەبەر بەڵكو وەك لەهەموو گوتارەكانیدا ئاماژەی بەكۆی خاڵە پێویستەكانی پرۆسەی چاكسازی كردوە هەوڵی بەرهەمهێنانی پرۆژەیەكی نیشتمانی چاكسازی بدات كە كۆدەنگی هەمەلایەنەی لەسەربێت و بەنەتیجە بكاتە پرۆژەی هەرێمەكە))

جەعفەر ئیمنكیش وەك ئەندامی مەكتەبی سیاسیی پارتی دیموكراتی كوردستان، ئامادەنەبوون یان بایكۆتكردنی دانیشتنە ئاساییەكانی پەرلەمان لەلایەن پەرلەمانتارانی ئۆپۆزسیۆنەوە، بەهەوڵێكی دیكەی لێك دووركەتنەوە و لەیەكتری نەگەیشتن لەقەڵەمدا و لەمبارەوە بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو و وتی: (ئەوەی ئێستا دەیبینین ئەوەیە كە ئۆپۆزسیۆن دوور بە دوور زۆر پەنا بۆ بەیاننامە دەبەن، لەبری گفتوگۆ و كۆوبوونەوەی سێ قۆڵی و پێنچ قۆڵی، ئەمە لەلایەك، لەلایەكی دیكە بەشداری نەكردنیان لە دانیشتنە ئاساییەكانی پەرلەمان



وایکردووه زیاتر لێــك تێنەگەین، بۆیە ئەم دوو ئاماژەیە، بەمەترسی دەزانین و هەربۆیە لایەنی ئۆپۆزسیۆن لەبری ئەوەی بەشداری لە کۆبونەوە و دانیشتنی پەرلەمان بکەن و لەناو پەرلەمانەوە رەخنەی خۆیان بگرن و هەڵوێستی خۆیان پیشان بدەن، دەچن بەرێگــەی میدیاکان و دەرکردنی بەیاننامە رای خۆیان دەخەنە روو، بەڵام ئەگەر کۆبوونەوەکانی نێوانمــان بەردەوامبووایە، ئەوا بەرێککەوتــن و ئامانجی باش دەگەیشــتین. هەروەهــا ئەوان هەر داوا دەکــەن ئێمە بەخۆدا بچینەوە و ئێمەش داوادەکەین با هەر هەموومان بەیەکــەوە بەخۆدا بچینــەوە، لەبەر ئەوەی ئەو گرفت و کێشــانەی هەیە چارەسەری نەکەین دەبێتە مەترســی لەسەر ئاساییشی نەتەوەیی و هــەر هەموومان نەك تەنیا دەســەڵات، بەڵکو لەسەر ئۆپۆزسیۆنیش)).

سەبارەت بەوەشی کە پارتی و یەکێتی دەیەوێت خواســت و داواکاری خۆپیشاندان لە ئەجیندای لایەنــەکان جیابکاتــەوە، جەعفــەر ئیمنیکی سەبارەت بەم پرسەش وتی: (ئۆپۆزسیۆن هەقی خۆیەتی چۆن داوای خۆی پێشــکەش دەکات، ئــەوان لە دیالۆگن وەکو ئێمــەن چۆن ئێمە لە پەرلەمانیــن هەقی خۆمانە و ئیــش دەکەین ئەوانیــش هەقــی خۆیانە لــە پەرلەمان ئیش بکەن و رەخنە و پێشــنیار لە حکومەت بگرن، بەڵام لەبارەی خۆپیشــاندەران ئێمە وەکو پارتی دیموکراتی کوردستان و دەتوانم بەناوی یەکێتی نیشتمانی کوردســتانیش قسە بکەم، داواکاری خۆپیشــاندەرانمان بەڕەوا زانیوە و بەڕەواشــی دەزانین، ئەگەر هەندێ لەو داوکارییانە جێگەی خۆشــی نەبێت ئــەوە ئێمە تێدەگەیــن ئەوان خۆپیشــاندەرن و بۆی هەیە داوایەك بەشێوەیەك بخەنــەڕوو بەنــاوی داوایەکــی درێژخایەن و هەنووکەیی، بۆیە ئێمــە تێدەگەین و وەڵامیان دەدەینــەوە و بۆیــان جێبەجــێ دەکەین، بەڵام هەندێ لەو داواکاریانە پێویســتی بەمیکانیزم و تەفعیلکردنــی حکومەتــە، خۆپیشــاندەر خۆ لایەنێکی سیاســی نییــە، بۆیە دەبێ ئەو داواکارییانە بەلایەنێکی سیاســی بدرێت و ئەو لایەنە سیاسییەش میکانیزمێك لە حکومڕانی بەکاربێنــێ بۆ تەفعیــل کردنی حکومەت، بۆ نموونــە یەکێــك لەمانە چاکســازییەکانە ئەو بابەتە زۆر ســادە و ئاســان نییە هەر بڵێ بە بەیاننامەیــەك داوا دەکــەم و دەبێ لە ڕۆژی دووەم حکومــەت جێبەجێــی بــکات، چونکە ئەوە پێویســتی بەکات و میکانیزم و ئالییەتی دیموکراســی هەیە و هەندێکی دەبێ پەرلەمان گفتوگۆی لەسەر بکات و یاسای بۆ دەربچێت، لێرەدا ئێمە بڕوامان بەوە هەیە کەخۆپیشــاندەران بەنیازێکــی دیــار و پاك ئــەو کارە دەکەن و بەیاننامەکەشیان رەوایە، لێرەدا دەبێ بۆ لایەنی بەرامبەریــش باوەڕی بەوە هەبێت کە نیاز پاکە و ئەو داواو ئامانجانە نــەك تەنیا هی ئەوانە، بەڵکو هی ئێمەشە و تەنیا ئامڕازە کە لە نێوان ئێمە و ئەوان جیاوازە، بۆگەیشتن بە ئامانجێکی هاوبەشیش لەنێوان هەردوولادا پێویستمان بەوەیە هەردوو پێکەوە لەنزیکەوەو راســتەوخۆ وتووێژ و دیالۆگ ساز بکەین)).

**د.کەمال کەرکوکی:**

**ئەندامی پەرلەمان نوێنەری خەڵکن بۆیە کاتێك پەرلەمان کۆبوونەوە بکات و ئەو ئامادە نەبێت ئەوا غەدر لەو خەڵکە دەکات کە دەنگیان پێداوە...**
**بڕیاریشە ئەم هەفتەیە پەرلەمان کۆبوونەوەی نائاسایی گرێبدات بۆ بانگهێشتی هەردوو وەزیری پێشمەرگە و وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان**

**یوسف محەمەد:**

**دەبێت پەرلەمانی کوردستان بەدەم داخوازییەکانی خەڵکەوە بچێت و بەرگری لە هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان بکات نەك وەکو ئەوەی نەبای دیبێت و نەباران و دەچێت گفتوگۆ لەسەر شتە ڕۆتینیەکان دەکات و بیەوێت بودجە تێپەڕێنێت**

**عەبدولستار مەجید:**

**تاراددەیەکی زۆر پەرلەمانتارانمان لەهەڵوێست و بڕیاردان لەپەرلەمان ئازادن، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی لەگەڵ ئەوەین کە پەرلەمانتارەکانی ئێمە لە لیستی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی لەکۆبوونەوەکانی پەرلەمان بەشداربن**

# شەرعیەتی نێودەوڵەتی بۆ مافەکانی مرۆڤ و دامەزراندنی کۆمەڵگەی مەدەنی و دیموکراتی لەعیراقدا



کازم حەبیب *
تایبەت بۆ گوڵان نووسیویتی

بەدۆڕاندنی وڵاتانی تەوەر لەشەڕەکەدا کە ئەڵمانیاو ئیتاڵیاو یابان بوون، جەنگی دووەمی جیهان کۆتایی پێهات،جەنگێگی شەش ساڵە کە ژیانی ٦٠ ملیۆن مرۆڤی چنییەوە جگە لە ٣٥ ملیۆن زامدارو بێسەروشوێن و ئاوارەو داڕمانێکی یەکجار گەورەی ئاوەدانی و شارستانی وڵاتانی ئەوروپاو وڵاتانی دیکەی بەشدار لەو جەنگەدا، بەو شێوەیە هزری ڕاسیزمانەو دوژمنکارانەو دیکتاتۆریانەی ئەڵمانیای نازی و ئیتاڵیای فاشی و یابانی سەربازی بەرزەبرو لێدانی کوشندە کەوتن و لەبەرژەوەندی ئازادی و دیموکراتی و ئاشتی لەسەر ئاستی جیهانیدا شەڕەکە یەکلابووەوە، لەکۆتایی جەنگەکەدا ئەنجومەنی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان دامەزرێنراو لیژنەیەکیان پێکهێنا بۆ دانانی پرۆژەی ڕاگەیاندنی جیهانی مافەکانی مرۆڤ لەساڵی ١٩٤٦ـ ١٩٤٧عێراقیش یەکێك بوو لەو نۆ وڵاتەی لەلیژنەی دانانی ڕەشنووسەکەدابوو دواتر لە دیسەمبەری ساڵی ١٩٤٨بەفەرمی کۆبڕیاری لەسەردرا، ٦٣ ساڵ بەسەر ئەو کۆبڕیارەدا تێدەپەڕێت کە بەناوی (ڕاگەیاندنی جیهانی مافەکانی مرۆڤ )ەوەیە ..

بەتێپەڕینی زەمەن پێداویستی و داخوازی نوێ و، دەرچواندنی بەڵگەنامەی تری تەواوکار بۆ ئەو ڕاگەیاندنە یەکێك بوو لە پێداویستییە مێژوویییەکانی نیوەی دووەمی ساڵانی شەستەکانی سەدەی بیستەم ولەدوای زنجیرەیەك پرۆتۆکۆل و پەیماننامە، چەمکی مافەکانی مرۆڤ زیاتر چەسپێنران بەم شێوازانەی خوارەوە:

١ـ ڕاگەیاندنی جیهانی مافەکانی مرۆڤ لەساڵی ١٩٤٨

٢ـ پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە سیاسی و مەدەنییەکان ١٩٦٦

٣ـ پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بەمافەئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکان ١٩٦٦

٤. پرۆتۆکۆلی پاشبەند بەپەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بەمافە سیاسی و مەدەنییەکان(سکاڵا مەدەنییەکان)١٩٦٦

٥. پرۆتۆکۆلی پاشبەند بەپەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بەمافە سیاسی و مەدەنییەکان( ڕاگرتن و ڕەتکردنەوەی سزای لەسێدارەدان.لە ساڵی١٩٦٦

لیژنەکەی مافەکانی مرۆڤ لەیەکەمین دانیشتنیان کە لەدیسەمبەری ١٩٤٧ بۆ تەماشاکردنەوەی بەڵگەنامەکان و بەناوی ڕاگەیاندنی جیهانی مافەکانی مرۆڤ سازیانکرد هەردوو پەیمانی نێودەوڵەتی هەموارکراو ناویان لێنرا، بێگومان دوای ئەوەش لەساڵی ١٩٦٦کۆمەڵێك بەڵگەنامەی گرینگ لەسەر هەردوو ئاستی جیهانی و ناوخۆیی کەتایبەتمەندن بە مافەکانی ئافرەت و منداڵان و بەحەرامکردنی ئەشکەنجەدان و راسیسزمی وپاراستنی ژینگەو ..تاد دەرچوێنرابوون کە ئەم بەڵگەنامانە هەموو مرۆڤێکی وەکیەك دەگرتەوە لەنێرومێ و بەجیاوازی ئیتنی و ئایین و مەزهەب و ڕەنگ و زمانەوە ،هەروەها جینۆساید وتاوانەکانی دژبە مرۆڤایەتییان بە تەجاوز دانابوو لەسەر مافەکانی مرۆڤایەتی هەروەك چۆن سەدام حوسێنی پێ تاوانبارکرا کاتێك کیمیاوی ڕژان بەسەر خەڵکی سڤیلی هەڵەبجە و جینۆسایدو ئەنفالیشی لەزۆر شوێنی تری کوردستان دژ بە گەلی کورد ئەنجام دا و هەوڵەکانی بۆ پاکتاوکردنی ڕەگەزی کوردە فەیلییەکانیش لە هەمان خانەی تاوانی دژەمرۆڤایەتی بوو، هەموو بەڵگەنامەکانی بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ تەرخان کراون لە خاڵێکدا هاوبەشن ئەویش مەسەلەی نەشکاندنی کەرامەتی مرۆڤە بەپشت بەستی تەواو بەزۆر دەستووری هاوچەرخی وڵاتانی مەدەنی کەجەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە هەر مەسەلەیەك زیان بە مرۆڤ بگەیەنێت و ئازادی شەخسی و ژیانی کەسەکان بخاتە بە هەڕەشەو لەناوبردنەوە پێوەندی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆی بەکەرامەتی مرۆڤەوەیە ..

بۆنموونە موعاناتی مرۆڤ بەهۆی بێکاری وهەژاری و گرتنی هەڕەمەکی بەبێ دەرچوونی فەرمان لە لایەن دادوەرەوە یان ئەشکەنجەدانی دەروونی و جەستەیی و دەربەدەربوون بەهۆی بێ ماڵی و بێ جێگەیی شایەن بە ژیانی مرۆڤەوە و یان ڕەتاندن و دەربەدەرکردن و زۆربۆهێنانی خەڵکی لەسەر گۆڕینی نەتەوەو ئایین و مەزهەب و ئەو فیکرو بڕوایەی بەڕاستی دادەنێت، یان لێدانی خۆپیشاندانی ئاشتییانە بە ئاگرو ئاسن کە مافێکی ڕەوای مرۆڤە لە هەموو شوێنێدا، یان دانانی حوکمی عورفی بۆ بەستنەوەی بزاڤ و ئازادی و مافەکانی مرۆڤ، یان زەوتکردنی مافەکانی ئافرەت و بەکارهێنانی توندوتیژی لە بەرانبەر ئەوئەرك و مافانەیدا کە هاوشانن بە ئەرك و مافی پیاوان، یان پشتبەستن بە سیاسەتی ئاپارتاید لەسەر بنچینەی ڕەگەزو نەتەوەو ئاین و مەزهەب و فیکرو ئینتمای سیاسی وبۆ دەسکەوتنی وەزیفەو کارکردن، یان دەسبەسەرداگرتنی موڵك و ماڵی گوازراوەو نەگوازراوە بە نییەتی تۆڵە، یان بێبەشکردنی تاك لە ژیانی گشتی و سیاسی و ئابووری و کەلتووری و کۆمەڵایەتی و بێبەشکردنی مرۆڤ لەمافی خۆڕێکخستن و مانگرتنی ئاشتیانەو ئازادی بیروڕادەربڕین، یان پیادەکردنی هەژموون و زەبری باوکایەتی بەسەر ئەندامانی خێزان ...تاد هەمووئەمانەو زۆرانی تریش هەن کە کەرامەتی مرۆڤ دەشکێنن بۆیە بەپێی ناوەڕۆکی پەرەسەندووی بەڵگەنامەکان حەرامکراون ..

بێگومان نەبوونی دادپەروەری کۆمەڵایەتی لەدابەشکردنی بودجەو خراپ بەکارهێنانی و بڵاوبوونەوەی گەندەڵی کارگێڕیی و پارە وسامان کۆمەڵەکان دیاردەیەکن بۆ سنوورتێپەڕاندن و پێشێلکردنی مافە بنچینەییەکانی مرۆڤ کە بەخراپ دەشکێنەوە لەسەر کەرامەتی مرۆڤایەتی، هاووڵاتیان مافی خۆیانە داوا بکەن لەڕێگەی سیستمێکی سیاسی گونجاوەوە دەوڵەت بەدادوەرانە بودجە بخاتەگەڕ بۆ خزمەتگوزاری و خۆشگوزەرانییەکانیان بە دوو شێوە یەکەمیان، بەشی وەبەرهێنان لەسەر بودجەی گشتی پەرەپێدان دادەنرێت تا بەئاڕاستەی بەرهەمهێنان بەکاربهێنرێت و ببێتەوە بەسەرمایەیەکی هەڵسوڕاو بۆ پەرەپێدانی نیشتمانی بەتایبەتی لەکەرتەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵی و پیشەوەری بچوك و دامودەزگای ئابوورییانەی بەرهەمهێنان و ببێتە پاڵپشتییەك بۆ ژێرخانی ئابووری کە هاوکاری دەکات لەفەراهەمکردنی کەرەسەو کەلوپەلەکانی بەرهەمهێنان و بەکارخستنی بێکاران و دۆزینەوەی هەلی کار بۆ هەموان دواجار ئەمانە دەبێتەهۆی فراژیبوونی سامانی کۆمەڵایەتی و باشتربوونی داهاتی تاکەکەس لەکۆمەڵگەدا، بەڵام بەشی بودجەی وەگەڕخستنیش دەخرێتە سەر بودجەی

ئاسایی، کە دوا جار بۆ پەرەپێدانی خزمەتگوزارییە گشتییەکانی کۆمەڵگا بەکاردێتەوە لەوانە فێرکردن و خوێندن و تەندروستی و بوارەکانی رۆشنبیری و توێژینەوەی زانستی و گواستنەوەو وزەو چاودێری تەندروستی و کۆمەڵایەتی. پرۆسەی سەر لەنوێ دابەشکردنەوە پشت دەبەستێت بەگەیشتنی خزمەتگوزاری بۆ هەموو خەڵکی بەتایبەت خەڵکانی رەنجبەرو کرێکار هەژارانیش، بەشێوەیەك دادپەروەری بۆ هەموویان وەکو یەك فەراهەم بکرێت نەك بەو شێوەیەی خزمەتگوزاری بۆ دەوڵەمەندەکان بێت و هەژاران و کرێکاران بێبەش بن لێی، دابەشکردنی یەکەم بەتەنیا گرنگ نییە، بەڵکو وەکو دابەشکردنی دووەم گەر بەدروستی بەکار بێت ناهێڵێت پارە بخزێتە گیرفانی گەندەڵکاران و لەپرۆژەکانی خزمەتگوزاری دوورناخرێتەوە.

رێکخراوی نەزاهەی نێودەوڵەتی ئاماژەی داوە بەوەی گەندەڵی لەپارەو ساماندا دەبێتە هۆی پەرش و بڵاوکردنی پارەی گشتی دواتر مافەکانی مرۆڤ و کەرامەتی مرۆڤایەتی دەشکێنێت بەتایبەت بەهۆی دزینی پارەو بەهەدەردانی بۆ کاری لابەلای بێ سوود،

لەژێر تیشکی بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان مرۆڤ وەکو تاك و کۆ لە نێوکۆمەڵگادا مافی دەستەبەرکردن و پیادەکردنی هەموو رێگایەکی ئاشتیانەی هەیە لەپێناوی پاراستنی مافەکانیدا تادەگاتە ئەوەی لەدژی ئەوانەی ئەومافانە پێشێل دەکەن مانبگرن، مافی مانگرتنیش بە شێوەیەك دەبێت کە ئیمزا کۆبکرێتەوەو بەئاشکرا بڵاوی بکەنەوە یان لایەنێکی بەرپرس ئاگادار بکەنەوە ئەگەر هاتوو لەشوێنی گشتی مانگرتن ئەنجام بدرێت، رێکخستنی خۆپیشاندانی ئاشتیخوازانە بۆ ئەوەیە هەر مافێکی پێشێلکراو لەرێگای داواکردنی راستەوخۆوە نەهاتبێتە دی ئەوا بەمانگرتن داخوازییەکان ئاراستەی حکومەت دەکرێت، هەموو مرۆڤێك مافی خۆیەتی بەشێوازێکی دیموکراتی ببێتە ئەندامێك لەرێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی یا هەر رێکخراوێکی تری ناحکومی ngo هەروەها رێکخستنی فراکسیۆنی سیاسی و پارتەکان ..تاد.

مافی هەر کەسێکیشە لە کۆمەڵەو سەندیکاکاندا بەشێوازێکی ئاشتیانە بەرگری لە چین و توێژێك بکات، رێگرتن لەهەریەکێك لەو مافانەی کە باسمانکردن بەپێی بەڵگەنامە شەرعییەکانی مافی مرۆڤ، دەکرێت سکاڵا لەدژی حکومەت تۆمار بکرێت چ لەئاستی ناوخۆیی یا نێودەوڵەتی بۆ ئەوەی گەل مافە رەواکانیان وەربگرنەوەو کەس نەتوانێت پێشێلکاری لە دژی ئەو مافانە ئەنجام بدات.

حکومەتە یەك لە دوا یەکەکانی عێراق بەدرێژایی ماوەکانی حوکمڕانیکردنیان لەسەر ئەو بەڵگەنامانە رازی بوون جگە لەهەندێك تێبینی کەلەلایەن حوکمەتی بەعسییەکانەوە لەسەر بەندەکانی مافی مرۆڤ هەیانبوو بەتایبەتی لەسەر مافی ئافرەت و مەسەلەی بەحەرامکردنی ئەشکەنجەدان، بۆیە پێویستە لەسەر عێراق لەدوای رووخانی بەعسەوە بەو بەڵگەنامانەوە پابەند بێت، مادام ئەمیش بەشێکە لەوجیهانەی کە بۆتە گوندێك و لەهەر ماڵێکدا ماف پێشێل بکرێت ماڵەکانی دەوروبەری لێی بەدەنگ دێن. ئەوەی ئێستا تەماشای بارودۆخی عێراق بکات هەندێك دیاردەی نەرێنی بەدی دەکات کە لەگەڵ شەرعییەتی مافەکانی مرۆڤدا یەکناگرنەوە لەوانە:

١- حکومەتی عێراق لەسەربنچینەی تایەفەگەری دامەزراوەو پشت بەناسنامەی تایەفەگەری دەبەستێت بەر لە ناسنامەی بەهاووڵاتی بوون .

٢- ئازادییە گشتی و تایبەتییەکانی تاك لە عێراقدا رووی لە کەمکردنەوەیە هەروەها ئازادی رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لەلایەن ئاسایش و دامودەزگای حکومەتەوە یان لەلایەن ئەنجومەنی پارێزگاکانەوە پێشێل دەکرێن کاتێك بە رەفز وەڵامی داواکاری مانگرتن و خۆپیشاندانی خەڵکی دەدەنەوە یا بەئاگرو ئاسن لە مانگرتووان دەدەن، هەروەها ئازادی رۆژنامەگەری و رۆژنامەنووسان لەلایەن دامودەزگاکانی ئاسایشەوە هەڕەشەیان لێ دەکرێت و دەگیرێن.

٣- جیاوازییەکی بەرفراوان بەدی دەکرێت بۆ دامەزراندن لەسەر هەر سێ ئاستی تایەفەگەری و نەتەوەیی حزبی، کەهەرسێکیان بەپێی مافەکانی مرۆڤ حەرام کراون. ئەو ئاستانەش بەپێی بەڵگەنامەکانی مافی مرۆڤ حەرام کراون، چونکە رێز لە مەبدەئی ئازادی هاووڵاتی بوون و یەکسانی و دانانی مرۆڤی گونجاو لەشوێنی گونجاو نانێت.

٤- بوونی گەندەڵییەکی بەرفراوان، عێراق لەچوارچێوەی ئەو وڵاتانەدایە کە بەرێکخستنەوە خەریکی گەندەڵییە، هیچ جددیەتێك لەلایەن بەرپرسانەوە بەدی ناکرێت بۆ نەهێشتنی گەندەڵی بەلایەنی کەمەوە دامەزراندنی دادگایەك بۆ ئەوانەی بەرێکخراوەیی پارەی وڵاتیان دزیوە .

٥- بوونی بێکاریەکی بەرفراوان لەنێوان ئەو گەنجانەی توانای کارکردنیان هەیە بەرێژەی لە ٣٠٪.

٦- بوونی هەژارییەکی بەرفراوان کەرێژەکەی دەگاتە لە ٣٠٪ی لە تێکرای ژمارەی دانیشتووان کەوتوونەتە ژێر هێڵی هەژاری .

٧- رێژەیەکی بەرزی هاوشێوەش دەکەونە سەر هێڵەکە یا کەمێك سەروتر لە هێڵی هەژاری بەپێی ناساندنەکانی بڕگە نێودەوڵەتیەکان.

٨- هەوڵنەدان بۆ چارەسەرکردنی هەموو ئەو دیاردە سلبیانەی کەڵەکە بوون و زۆریان لە حکومەتەکانی پێشووی عێراقەوە بەمیرات بۆ دەسەڵاتی ئێستا ماونەتەوەو ژیانی هاووڵاتیانیان زەحمەت کردووە، لەوانەش کەمی خزمەتگوزاری ئاوو کارەبا و چاودێری تەندروستی و خوێندن و ئاسایش .

لێرەوە پێم وایە هۆشیاری دەسەڵاتی سیاسی و حزبە دەستڕۆشتووە سیاسییەکان و دامودەزگاکانی ئاسایش و سەربازی لەو ئاستانەدا نەبوون و تا ئێستا چارەی ئەم گرفتانەی نەزانیوەو ددانی پێدا نەناوە، نایانەوێت رێبازەکانی مافەکانی مرۆڤ کە لە دەستووری عێراقی و بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکاندا هاتوون بەدروستی جێبەجێ بکەن، ئەمەش دەبێتە هۆی ئاڵۆزبوون لە پێوەندییەکانی نێوان دەسەڵات و تاك و کۆمەڵگادا، پێویستە هەر لە سەرەتای خوێندنەوە وانەی تایبەتی هەبێت لەسەر مافەکانی مرۆڤ لە باخچەی ساوایانەوە تا زانکۆکان و سەنتەرەکانی توێژینەوەی زانستی و وەزارەتەکان و هەر سێ دەسەڵاتی دەوڵەت.

جێبەجێکردنی بەندەکانی مافی مرۆڤ و خوێندنیان لەلایەن هاووڵاتیانەوە بەس نین بۆ زامن بوونی ئەکتیڤانەی پاراستنیان، بەڵکو پێویستە خەباتێکی ئاشتیخوازانە و دیموکراتی لەپێناویدا ئەنجام بدرێت بۆئەوەی فشار بخرێنە سەر پەرلەمان و حکومەت و دەزگاکانی تری مەدەنی تاوەکو چارەسەری ئەو گرفتانەی تر بکرێن کە پێوەندییان بەدەسەڵاتی سیاسی و دامودەزگای دەوڵەتی و ئاسایشی و هێزە دەستڕۆیشتووەکانەوە هەیە، چارەنەکردنی ئەو گرفتەیە کە لەم هەفتانەی دواییدا خەڵکی خستە سەر شەقام، یەکەمین رێگا بۆ مسۆگەربوونی مافەکانی مرۆڤ رێکخستنی پێوەندییەکی مرۆڤانەیە لەنێوان تاك و کۆمەڵگاو دەسەڵاتدا. تاکو هاونیشتمانیبوون و دەوڵەتی مەدەنی و یاسا بەشێوازێکی دیموکراتی کارەکانی خۆیان بکەن و دەستاودەستکردنی دیموکراتیانەی دەسەڵات فرتوفێڵی تێدا نەکرێت و دادوەری کۆمەڵایەتی دابین بکرێت، هەروەها رێزی کەرامەتی مرۆڤیش بگیرێت، ئەمەش پابەندبوونێکی ئەخلاقییە بۆ هەردوو حکومەتی عێراق و هەرێم تاوەکو جێبەجێیان بکات.


الله اكبر
القتلة
لادنا
كلا احتلال

### خوێندنەوەی چاودێرانی سیاسیی بۆ پرۆسەی چاکسازی لە عێراقدا

# خۆپیشاندان هۆکارێکە بۆ بەهێزکردنی دیموکراتی نەک ڕووخاندنی




عەرەبی عێراق بەهەردوو لایەنی سوننە و شیعەوە رازی نابن سیستمی حکومڕانی لەعێراقدا لەگەڵ ڕژێمە دیکتاتۆرییەکانی وڵاتانی عەرەبی بەراورد بکرێت، لەنێو ئەم وڵاتەدا کەحکومەتێکی فیدراڵی هەیە بەناوی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەموو سەرکردە عێراقییەکان خوازیاری ئەوەن عێراق بەهاوشێوەی هەرێمی کوردستان ڕێکبخەنەوە، لەمەش گرنگتر ئێستا کە خواستی دروستکردنی هەرێمە فیدرالیەکان خەریکە دەبێتە خواستی تێکڕای پارێزگاکانی عێراق بەهەردوو پارێزگای تکریت و ئەنباریشەوە، هەوڵێکە بۆ لاساییکردنەوەو سوود وەرگرتن لە ئەزموونی فیدرالی هەرێمی کوردستان، بەڵام وێڕای ئەملایەنە ئیجابیانەی حکومڕانی هەرێمی کوردستان لەعێراقدا و لەگەڵ عەرەبی عێراق بەو بارودۆخە ناسەقامگیرەی بەشەکانی دیکەی عێراقەوە بەتاوانی دەزانن عێراق بەرژێمەکانی وڵاتی عەرەبی بەراورد بکرێت، کەچی لەهەرێمی کوردستاندا زۆر لایەنی سیاسیی بە دەنگی بەرز و بێ شاردنەوەو بەبێ ئەوەی هەست بە بەرپرسیارێتی سەرشانی لەم قۆناغە مێژووییەدا بکات، نەك هەر هەرێمی کوردستان بەو ڕژێمە دیکتاتۆریانە دەچووێنن، بەڵکو ئەو ڕژێمانە دەخەنە سەرووی حکومڕانی هەرێمی کوردستان و لەسەر زاری سەرۆکی بزووتنەوەی گۆڕانەوە دەگوترێت ڕژێمی تونس و میسر لە هەرێمی کوردستان باشترە لەبەر ئەوەی لەو دوو وڵاتە کارەبا هەبووە لێرە کارەباش نییە، ئەم خوێندنەوانە کە بەنییەتی دژایەتیکردنی هەردوو لایەنی حکومڕان لەکوردستان (پارتی و یەکێتی) دەردەبڕێن، بەڵام دەرهاویشتەیەکی دیکەی سلبی لەسەر کەلتووری سیاسیی کۆمەڵگە و خەڵك لەدیموکراتی و بونیادی دامەزراوەکانی بەشێوەیەکی بەهێز نائومێد دەکات، بۆ بەدواداچوون و بەراورد کردنی ئەم حاڵەتەی ئێستا لە عێراق و هەرێمی کوردستان بوونی هەیە، پێوەندیمان بەچەند چاودێر و شرۆڤەوانێکی عێراقیەوە کرد، کە ئەمە دەقی بۆچوونەکانیانە.



د.جابر حەبیب جابر بۆ گوڵان:

# خۆپیشاندانی هاووڵاتیان مافی ڕەوان، بەمەرجێ ئامانجی خۆپیشاندەران بۆ ئەوە نەبێت عێراق بگێڕنەوە پێشی ساڵی ٢٠٠٣

**د.جابر حەبیب جابر یەكێكە لە قەڵەمە دیارەكانی عێراق و بەردەوام ناوەكەی لەسەر لاپەڕەكانی ڕۆژنامە عەرەبییەكان بەتایبەتی شەرقولئەوسەتی لەندەنی دەبینن، جابر لەگەڵ ئەوەی ئەندامی پەرلەمانی عێراقیشە، بەڵام هەموو كات زیاتر وەك نووسەر و ڕۆژنامەنووسێك باری سەرنجی خۆی لەسەر ڕووداوەكان دەخاتە ڕوو، سەبارەت بەخوێندنەوەی بۆبارودۆخی ئێستای عێراق و هەوڵەكانی حكومەت بۆجێبەجێكردنی داواكاری هاووڵاتیان، د.جابر لە لێدوانێكی تایبەتی بۆ گوڵان بەمجۆرە هاتە ئاخاوتن.**



((لەگەڵ ئەوەی ئەو داواكارییانەی خۆپیشاندەرانی وڵاتانی دیكەی عەرەبیش بەرزی دەكەنەوە داواكاری گشتین و پێوەندییان بەباشتركردنی خزمەتگوزاری و نەهێشتنی ناعەدالەتی كۆمەڵایەتی و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵییەوە هەیە، بەڵام دۆخی عێراق جیاوازی لەدۆخی ئەو وڵاتانە هەیە، ئەمەش لەبەرئەوەی خۆپیشاندانەكانی عێراق بەشێوەیەكی سەرەكی دژی داخرانی ئاسۆ سیاسییە و كۆمەڵایەتییەكانە، بەڵام لەو وڵاتانەی دیكەی عەرەبی داوای دیموكراسی و ئاڵوگۆڕی دەسەڵات و هەڵبژاردن دەكرێت، ئەمانە هەمووی لە عێراقدا بوونیان هەیە و خەڵكی عێراق بەخوێن و بەفرمێسك لە كاتی خۆیدا لەم پێناوەدا باجیداوە، لەبەر ئەوە باوەڕ ناكەم بتوانرێت عێراق یەكسان بكرێت یاخود بەراورد بكرێت بەوەی لە وڵاتانی ناوچەكەدا ڕوودەدات. چونكە خەڵكی عێراق دەرفەتی ئەوەی هەیە و توانای ئەوەی هەیە سەركردە سیاسییەكانی خۆی بگۆڕێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو داواكاریانەی دەكرێت داواكاری ڕەوان و تەنانەت مافی خۆشیانە كە شەقام بجوولێنن، بەڵام بەمەرجێك ئەو خۆپیشاندان و جووڵانەوانە هەڵگری ئەجێندای دەرەكی نەبن، یان هەڵگری ئەجێندای گەڕاندنەوەی عێراق نەبن بۆ ڕابردوو بۆ سەردەمی پێش ساڵی ٢٠٠٣ بۆ سەردەمی دیكتاتۆریەت، بەڵكو لە پێناو ئەوەبێت كە حكومەت و دەسەڵات دووبارە ڕیزبەندی ئەولەویاتەكانی بكاتەوەو بایەخدان بە پێداویستی و خواستەكانی هاووڵاتیان بكاتە ئەولەویەتی كارەكانی، هەروەها پشتیوانی جددی بكرێت لە هەوڵەكانی حكومەت بۆ چارەسەركردنی هەندێ لە كێشەكان، وەك بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی. لەبەر ئەوەی من پێموایە ئەم خۆپیشاندانە و ئەو جووڵانەوەیەی لە شەقامی عێراقدا هەیە هێشتا لە چوارچێوەی سیستمەكەدایە و باوەڕم وانییە كە ئامانجی ڕووخاندنی سیستمەكە بێت، ئەگەرچی هەندێ لایەن ئامانجی ئەوەیان هەبێت بارودۆخەكە بۆ دواوە بگەڕێننەوە، بۆ سەردەمی دیكتاتۆری، كە من پێموانییە ئەمە ڕووبدات. لەلایەكی دیكەوە ئەگەرچی هەندێ كەسایەتی و لایەن هەن كە ئیدیعای ئەوە دەكەن لەگەڵ موعارەزەدان، هەربۆیە باس



لەوە دەکەن کە لە داهاتوویەکی نزیکدا ئەم حکومەتە دەڕووخێت و هاوپەیمانێتی نوێ و تەرتیباتی نوێ دروست دەبێت، بەڵام من پێموایە ئەمە ئەگەرێکی دوورە، لەبەر ئەوەی چەند مانگێکی پێچوو تا حکومەتی ئێستای عێراق پێکبهێنرێت، بە تێڕوانینی من کەس سەرکێشی ئەوە ناکات ئەم حکومەتە هەڵوەشێنێتەوە. لەلایەکی دیکەوە نزیکەی هەموو لایەنە عێراقیەکان بەشدارن لە حکومەتدا، لەبەر ئەوە کەس ناتوانێت ئیدیعای ئەوە بکات کە پەراوێزخراوە و پشتگوێ خراوە و دوورخراوەتەوە بۆ ئەوەی باس لەوە بکات کە پێویستە حکومەتی نوێ پێکبهێنرێت بۆ ئەوەی دەرفەتی بەشداری کردنی بۆ بڕەخسێت)).

سەبارەت بە میکانیزمی ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی و ئەنجامدانی چاکسازیش لە حکومەتی عێراقدا د.جابر لە درێژەی لێدوانەکەیدا بەگوڵانی ڕاگەیاند: (وەك پێشتریش ئاماژەم پێکرد داواکاری خۆپیشاندەران داواکاری گشتین، لەهەموو شوێنێکی عێراقدا بەرز دەکرێنەوە، چ لەسەر ئاستی حکومەتی عێراق، یان حکومەتی کوردستان و تەنانەت لەسەر ئاستی پارێزگاکانیش. هەر بۆیە سیاسییەکان و بەرپرسەکان تەنیا بەوەندە ئیکتیفا نەکەن کەشەرعیەتی هەڵبژاردنیان هەیە، بەڵکو دەبێت پشت بەشەرعیەتی دەستکەوتە بەدەستهاتووەکان ببەستن.

دواتر بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی بەوە ناکرێت بەڕێوەبەری بنکەیەکی پۆلیس یاخود فەرمانبەرێکی گەورە دەستگیر بکەین لەبەر ئەوەی بەرتیلیان وەرگرتووە، مەنزومەی گەندەڵی لە عێراقدا مەنزومەیەکی گەورەیە، کە سوودی لە کەشی دیموکراسی و لە غیابی چاودێریکردن و بوونی داهاتی گەورە وەرگرتووە. بەچەشنێك مەترسی گەندەڵی گەیشتۆتە ئاستی مەترسی ئیرهاب و هەندێ جار گەورەتریش لە مەترسی ئیرهاب، لەبەر ئەوە نابێت تەسامومحمان هەبێت لەگەڵ گەندەڵکاراندا و دەبێت لەم ڕووەوە جدی بین، هەروەها نابێت ڕێککەوتنی سیاسی هەبێت لەنێوان لایەنە سوودمەندەکان بۆ ئەوەی پشتیوانی یەکتر بکەن، لەبەر ئەوەی دواتر خەڵکی عێراق ڕەحم بەکەس ناکات)).





## ئیبراهیم سومێدعی بۆ گوڵان:

# هەندێک لەو هێزە سیاسییانەی لە هەڵبژاردنەکاندا دۆڕابوون هەوڵیاندا خۆپیشاندانەکان ئیستغلال بکەن


**شرۆڤەکار و چاودێری سیاسیی و ئەمنی عێراقی ئیبراهیم سومێدعی یەکێکە لەناوە دیارەکانی نێو میدیای عەرەبی و عێراقی و بەشێوەیەکی واقیعیانە بارودۆخی سیاسی و ئەمنی عێراق شرۆڤە دەکات، هەر ئەمەش بۆتە هۆکاری ئەوەی کە زۆربەی راگەیاندنە عەرەبییەکان بۆ شرۆڤەکردنی بارودۆخەکە پێوەندی پێوە دەکەن، هەروەها گوڵانیش چەند جاری دیکە پێوەندی پێوەکردووە و بۆچوونەکانی بڵاو کردۆتەوە، ئەمجارە بۆ قسەکردن لەسەر گۆڕنکارییەکانی ناوچەکە و خۆپیشاندانەکانی عێراق پێوەندی پێوەکردەوە بەرێزی بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو.**

(سەبارەت بەو شەپۆلی ئەو خۆپیشاندانانەی وڵاتانی ناوچەکە و عێراقی گرتۆتەوە، دەمەوێت راشکاوانە ئاماژە بەوە بکەم کە خۆپیشاندان لە هاوچەرخترین هۆکارەکانی پاڵپشتی کردنی پرۆسەی سیاسی و پرۆسەی دیموکراتییە لەعێراقدا، بەداخەوە هەندێ لەو هێزە سیاسییانەی لە هەڵبژاردنەکاندا دوچاری دۆڕاندن بوون هەوڵی ئیستیغلالکردنی ئەو بارودۆخەیاندا کە بەهۆی هۆشیاری دەستەجەمعی و ئاستبەرزی خەڵکەوە هاتە ئارا کە ئەم خەڵکە شۆڕشێکیان کرد بۆ چاککردنی پرۆسەی سیاسی و چارەسەرکردنی گەندەڵی و زەنگی مەترسی لێدا بۆ بەرپرسەکان کە سەردەمی نووستن بە چەشنی (اسحاب الكهف) بەسەرچووە، سەردەمی ئەوە بەسەرچوو کە تەمەتوع بە ئیمتیازاتەکانی دەسەڵاتەوە بکەن. بێگومان ئەم خۆپیشاندانانە پیرۆزترین بێداربوونەوەی ویژدان و پیرۆزترین ئامرازی پشتیوانیکردنە لە پرۆسەی دیموکراتی لە عێراقدا و چاککردنی پرۆسەی سیاسی و هەنگاو پێهەڵگرتن بە وڵاتەکە بۆ وڵاتێکی دیموکراتی. بەڵام هەندێ لەو پارتە سیاسییە بچووکانەی لە هەڵبژاردنەکاندا تووشی دۆڕاندن بوون، چ لە عێراق و چ لە هەرێمی کوردستان، هەوڵیاندا سواری شەپۆلی ئەو خۆپیشاندانانە بن کە وەك چاولێکەرییەك بۆ خۆپیشاندانەکانی میسر و تونس ئەنجامدران بۆ ڕووخاندنی سیستمی سیاسی عێراق، کەواتە ئەم لایەنانە ئۆباڵی شێواندنی وێنەی خۆپیشاندانەکان لە ئەستۆ دەگرن و هەروەها ئۆباڵی کاردانەوەی حکومەت، چ حکومەتی عێراق یان حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت، دەکەوێتە ئەستۆی ئەوان، لەبەر ئەوەی هەر حکومەتێکی دیموکراتی و شەرعی مافی خۆیەتی بە هەموو هۆکار و شێوازێك کە مومکینە بەرگری لە خۆی بکات. هەروەها ئەگەر باس لەوە دەکرێت کە حکومەت تەجاوزی سنووری ڕێپێدراوی کردووە بۆ بەکارهێنانی هێز، ئەوا پەرلەمان هەیە و لایەنە سیاسییە ڕکابەرەکان هەن، بە هەمان شێوە ڕای گشتی هەیە، کە هەموو ئەم لایەنانە بەشداربوونە لە ئاماژەکردن و دەستنیشانکردنی تەجاوزی حکومەتی عێراقی یان حکومەتی هەرێم لەسەر مافی خۆپیشاندان و ئاسایشی نەتەوەیی و ئاسایشی هاووڵاتیان. لەلایەکی دیکە و دیسان سەبارەت بەو لایەنانەی سواری شەپۆلی خۆپیشاندانەکان بوون، من تەمەننام دەکرد ئەو هێزانەی لە هەڵبژاردنەکاندا دۆڕان، واتە نەیانتوانی زۆرینەی سیاسی بەدەست



بهێنن، بۆ یەکجاریش بێت ئیعتیرافیان بەشەرعیەتی سیستەمە سیاسیەکە بکردایە، ئەوا بەشداربوون لە بەرەوپێشبردنی پرۆسە سیاسییەکە بەلای کەمەوە لە ماوەی یەك خولی هەڵبژاردندا، بەڵام هەموو جارێك ئەو لایەنانە باس لە پێکهاتە و لە موحاسەسە و بابەتی لەم شێوەیە دەکرێت. بەهەر حاڵ من دژی خۆپیشاندان نەبوومە و ناشبم، بەڵام لە هەمان کاتدا باوەڕم وایە خۆپیشاندان هۆکارێکە بۆ بەهێزکردنی دیموکراسی نەك بۆ رووخاندنی، من ئەو کاتە دژی بووم کە لەلایەن هەندێ سەرکردەوە کرایە بیانویەك بۆ بەکارهێنانی لە پێناوی رووخاندنی دیموکراسیدا، ئەگەر ئەم بێداربوونەوەیەی شەقامی عێراق بە ئاراستەی گەلاڵەکردنی هۆشیاریەکی جەمعی لەلای هاووڵاتیان برۆیشتایە بۆ پشتیوانیکردن لە پرۆسە سیاسییەکە، ئەو کاتە سیستمێکی میسالی دروست دەبوو بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی، لە راستیدا ئەو زەلکاوەی ئافەتی گەندەڵی ئیداری تێدا دروست دەبێت بریتییە لەو موحاسەسەی لە یەك ئاست پێکهاتووە، بەڵام کاتێك موحاسەسەکە لە دوو ئاست و زیاتر پێکهاتبێت، ئەوا ناتوانین باس لە ئالیەتی دەرچوون لە موحاسەسە بکەین، ئەو چینە سیاسییەی ئێستا کە بارودۆخەکەی کردۆتە بیانو بۆ باسکردن لە چاکسازی کردن لە سیستەمە سیاسییەکەدا و کەسانێك دێن و هەوڵی کۆپیکردنی خۆپیشاندانەکان دەکەن لە پێناو رووخاندن و لە ناوبردنی ئەزموونی دیموکراسی لەعێراقدا، ئەوا من لەم حاڵەتەدا باوەڕم ناکەم من یەکێك بم لەو کەسانەی جیاوازی بکەم لە نێوان ئەم خەڵکانە و ئەو خەڵکانەی سەر بە ڕێکخراوی ئەل قاعیدەن، بەڵام کاتێك خۆپیشاندانەکان بۆ بەهێزکردنی ئەزموونی دیموکراسی و بۆ ڕاستکردنەوەی کەموکوڕییەکانی پرۆسەکە بێت، ئەوا هەموومان پشتگیری لە خۆپیشاندانەکان دەکەین)).

لەلایەکی دیکە و سەبارەت بەچۆنییەتی ڕێکخستنی هەوڵەکان بۆ چاکسازی و هێنانە ئارای کەشێك کە باری گوزەرانی هاووڵاتی بەرەو باشتر بچێت، سومێدعی بەمجۆرە وەڵامی داینەوە و وتی:(من باوەڕم وایە کە ئەو سیستەمەی ئێستا لە عێراقدا هەیە پێگەیشتووترین و پێشکەوتووترین سیستەمە کە بە باشی دەسەڵاتەکانی تێدا دابەش کرابێت، بە مەرجێك کار بە زۆرینەی سیاسی بکرێت. ئەوجا ئەگەر ئێمە خۆمان دەرباز نەکەین لە موحاسەسە و تەنیا و تەنیا و بەشێوەیەکی حەسری لەسەر ئەساسی هاووڵاتیبوون کار نەکەین، کە نوێنەرایەتی تێکڕای عێراقییەکان بکات، کە لە دەرئەنجامدا دەبێتەهۆی هێنانەئارای یان ئالیەتی هێنانەئارای حکومەتێکی زۆرینەی سیاسی، کە بیانو نەهێڵێتەوە بۆ کەسانێك تاوەکو باس لە پەراوێزخستنی سوننەکان یاخود دوورخستنەوەی کوردەکان یان زاڵکردنی شیعەکان بکات، واتە ئەگەر ئەم زمانە بەکارنەهێنرا و لە بری ئەوەی کوتلەیەك هاتە ئاراوە کە توانیویەتی حکومەت لەسەر ئەساسی زۆرینەی سیاسی پێکبهێنێت و لایەنی دۆڕاو ناچار بکات بۆ ئەوەی بەرەی موعارەزە هەڵبژێرێت، بۆیە دەڵێم ناچارکردن لەبەر ئەوەی هیچ حزبێك نییە لە جیهاندا بە ئیختیاری خۆی بەرەی موعارەزە هەڵبژێرێت، بەڵکو لە لایەن زۆرینەی سیاسییەوە ناچار دەکرێت موعارەزە هەڵبژێرێت. ئەمەش وا دەکات موعارەزە بە هەموو هێزی خۆیەوە چاودێری حکومەت بکات و چاودێری گەندەڵی بکات، واتە لە کەمیندا دەبێت بۆ ئەوەی دەرفەتێکی بۆ دروست بێت حکومەت هەڵەیەك بکات تاوەکو بتوانێت بیرووخێنێت و لایببات، ئەگەرچی لەرێی هەڵبژاردنەکانی داهاتووشەوە بێت. ئەمەش وا دەکات حکومەت هەموو کار و کۆششێك بکات بۆ ئەوەی لە گەندەڵی ئیداری دووربکەوێتەوە، ئەویش بۆ ئەوەی بیانو نەداتە دەست موعارەزە تا لە هەڵبژاردنەکاندا بیرووخێنێت. ئەمە ناوەڕۆکی سیستەمی پەرلەمانییە، ئەگەر سیستەمە پەرلەمانییەکە بەم شێوەیە کار نەکات، ئەوا هەر قسەکردنێك لەبارەی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی قسەیەکی بێ مەعنایە و دەبێت ئینسانی عاقڵ خۆی لێ بەدوور بگرێت)).



## تاریق حەرب بۆ گوڵان:

# واقیعی سیاسیی ئێستای عێراق لە چەند ساڵێك پێش ئێستا باشترە و حکومەتیش لەتوانایدایە بارودۆخەکە ئیدارە بکات

**یاساناس و چاودێری سیاسیی عێراقی د.تاریق حەرب یەکێکە کە هەم لەئاستی یاسایی و دەستووری کەسێکی شارەزایە، هەمیش لەسەر ئاستی سیاسی و لەسەر هەموو رووداوێکیش بۆچوونی تایبەتی خۆی هەیە، سەبارەت بە خوێندنەوەی بۆ رەوشی ئێستای عێراق لە لێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان بەمجۆرە رای خۆی دەربڕی و وتی.**

(ئەوەی من ئێستا لە بارودۆخی عێراقدا دەیبینم، بەشێوەیەکی واقیعیانە باسی دەکەم، نەك وەك ئەوەی لەمیدیاکان بڵاودەکرێنە، لەبەرئەوەی ئەو شتانەی لە میدیاکاندا دەبینرێن زۆر دوورە لە راستییەکان، هەروەها لێدوانی زۆربەی سیاسەتوانەکانیش زۆر دوورە لە واقیعەوە. بەڕای من واقیعی سیاسیی ئەمڕۆی عێراق لە دووسێ ساڵی پێشووی عێراق زۆر باشترە. هەروەها پێموایە ئاستی سیاسیی ئەمڕۆ لەتوانایدا هەیە شێوازی بەڕێوەچوونی کاروبارەکان ئیدارە بکات. مەبەستم ئەوەیە، ناکرێ لێدوانی ئەندامێکی ئیئتیلافی نیشتمانی بە لێدوانی ئیئتیلافی نیشتمانی دابنێین، لەبەرئەوەی ئێمە زۆرجار دەکەوینە هەڵەوە و دەڵێین ئیئتیلافی نیشتمانی وتی «فلان شت»، لەکاتێکدا ئەو لێدوانە لەسەر زاری تاکە کەسێك دەرچووە، یاخود دێین و دەڵێین لیستی «عێراقیە» وتی «فلان شت»، لەکاتێکدا ئەو قسەیە لەلایەن نوێنەرێك یان دوو نوێنەر وتراوە. ئەمەیە ئەو هەڵەیەی کە تێیکەوتووینە. من دەڵێم واقیعی سیاسی ئامادەیە بۆ دەربازبوون لە هەندێك لە بەربەستەکان لەڕووی خزمەتگوزاری و ئابووری و بێکارییەوە. سەبارەت بە خۆپیشاندانەکانیش من پێموایە بارودۆخی عێراق لەگەڵ وڵاتانی دیکەی ناوچەکە بەراورد ناکرێت، هەربۆنموونە لە پارێزگای سەلاحەدین خەڵك دەرچوون بۆ ئازادکردنی گیراوەکان، پاش یەك کاتژمێر لە هەواڵەکانەوە بیستمان ئەو زیندانییانەی کە ئازادکرابوون هەڵیانکوتایە سەر ئەنجومەنی پارێزگای «سەلاحەددین». ئەو ئازادی و دیموکراسییەتەی کە لای ئێمەدا هەیە هەموو چوارچێوە یاساییەکانی بەزاندووە. بەڵێ، هەندێك هەڵە روویانداوە، بەڵام هەڵەکان تاکن و لەسەر سەرکردایەتی ناژمێردرێت، نەلەسەر حکومەتی هەرێم و نەلەسەر حکومەتی ناوەندی و نەلەسەر حکومەتی لۆکاڵ-یش. بەلامەوە سەیرە کە «بان کی مۆن» دەڵێت ٢٣ قوربانیی لێ کەوتۆتەوە، نازانم ئەم ژمارەیەی لە کوێ هێناوە، ئایا جەماعەت کە لە ئۆتێلی «رەشید» دانیشتوون و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی راپۆرت بۆ «بان کی مۆن» دەنووسن؟ دڵنیام ئێوەیش ئاگادارن لە مەسەلەی ئەو رۆژنامەنووسەی لە ناسریە دەستگیرکرابوو و کە سەنتەری ئازادییە رۆژنامەوانییەکان و بەرگری لە ئازادییەکان هاواریان دەکرد بۆ ئازادکردنی، بەڵام ئەوە رۆژنامەنووس نەبوو، بەڵکو عەقیدی پۆلیسە لە پۆلیسی «ناسریە». لێرەدا پرسیارێك دەکەم، ئەگەر دەوڵەت سزای پۆلیسێکی بدات، دەکرێ هەموو رۆژنامەنووسەکان بۆی دەرچن و داوای ئازادکردنی بکەن؟ ئەگەر بێت و «تارق حەرب» بابەتێك لە رۆژنامەکان بڵاوبکاتەوە، ئایا ئەو نووسینە «تارق حەرب» دەکات بە رۆژنامەنووس؟ بەڕای من، بارودۆخی ئەمڕۆی عێراق زۆر باشە، هەروەها ئەو گێلەشێواوی و نالەبارییەی کە وڵاتانی دەوروبەری گرتۆتەوە پێموایە لە ئێمە دوورە، لەبەرئەوەی گەورەترین خۆپیشاندان لە عێراق لە ٢هەزار کەس تێنەپەڕیوە، لەزیمنی خۆپیشاندەرەکانیش کەسانێك هەبوون وێنەیان دەگرت بۆئەوەی بۆ دەرەوەی بنێرن یاخود لەپێناو پارە، وێڕای ئەوەی کە زۆربەیان تەنیا بۆ سەیرکردنی خۆپیشاندانەکە دەرچووبوون و خۆپیشاندەر نەبوون. خۆپیشاندانیش شتێکی رەوا و جوانە و لە مێژووی عێراق تۆماردەکرێت. بەڵێ، گەندەڵی ئیداری هەیە، دواکەوتن هەیە، لەگەڵ بەفیڕۆدانی سامانی گشتی، وێڕای سەرپێچی و خروقات، هەروەها فەرمانبەری گەندەڵ لە عێراق هەیە، بەڵام وێڕای ئەم هەموو شتانەش، عێراق هێشتا لە وڵاتانی دراوسێ و وڵاتانی ناوچە زۆر زۆر باشترە)).

سەبارەت بە دۆزینەوەی میکانیزمێك بۆ رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی و بەردەوامی چاکسازی لە دامەزراوەکانیشدا، تاریق حەرب دەڵێت:(رۆژگار سەلماندی کە دامودەزگاکان بۆ رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی شکستیان هێناوە، لەمەش زیاتر یاساکانیش بۆ رووبەڕووبەڕوونەوەی گەندەڵی ئاچوغ بوون، ئەمە لەکاتێکدا ئێمە بۆ رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی هەڵستاین بە دامەزراندنی دەستەیەکی گەورە، کە پێکهاتبوون لەوەزیر و بریکاری وەزیر و بەڕێوەبەری گشتی بە هەموو ئیمتیازاتێکەوە، بەڵام هەموو کاری ئەم دەستە گەورە ئەوەبوو کە فەرمانبەرێك دەستگیر بکەن کە ٢٥ هەزار دینار بەرتیلی وەرگرتووە، ئەمە گەندەڵی نییە، لەهەر وڵاتێکی جیهاندا ئەم دیاردەیە نە بە گەندەڵی دادەنرێت و نە بە تاوان، ئەمە تاوان نییە، بەڵکو «تەوریق»ە. لێرەدا پێویستە یاسا هەمواربکرێت، بەڵام چۆن؟ سەرەتا پێویستە لەسەر گرێبەست کاربکەین، هەڵە گەورەکەی ئێمە لەوەدایە کە پیشەی هەمیشەییمان هەیە. پێویستە سیستەمی وڵاتە پێشکەوتووەکان پیادەبکەین، ئەمڕۆ فەرمانبەر دادەمەزرێت و ٤٠ ساڵ خزمەت دەکات و پاش ئەوەی ٤٠ ساڵەکەی تەواو دەکات و دەگاتە تەمەنی خانەنشینکردن، دەبینین «واستە» دەکات بۆئەوەی لە خزمەت بمێنێتەوە. لەهەموو وڵاتە پێشکەوتووەکاندا، لەبارەی نەهێشتنی گەندەڵیی دارایی و ئیداری تەنیا لەسەر گومانێك فەرمانبەر دەردەکەن، بەڵام

ئێمە هێشتا نەگەیشتووینەتە ئەو ئاستە. لێرەدا پرسیارێك دەخەمەڕوو، ئێمە چ پێویستییەكمان بە كۆمسیۆنی هەڵبژاردنەكان هەیە؟ دوو ڕۆژ بەر لە ئێستا «میسر» لەماوەی ٣ ڕۆژدا ریفراندۆمێكی سازكرد لەڕێگەی « دەسەڵاتی دادوەریەوە». لە هیچ وڵاتێك لە وڵاتانی دراوسێ و لە ناوچەكە شتێك نییە بەناوی «كۆمسیۆنی هەڵبژاردنەكان»، كۆمسیۆنی هەڵبژاردنەكان كۆمسیۆنێكی كاتییە نەك هەمیشەیی، بەپێی سروشتی كارەكەی بەردەوام نییە لەبەرئەوەی تەنیا چەند ساڵ جارێك هەڵبژاردنەكان ئەنجام دەدرێت. لەم بارەیەوە «میسر» وتی نامەوێ لاسایی ئەو بارە نەشازە بكەم كە لە «عێراق»دا هەیە، ئەوجا بابێینەوە سەر ئەوەی بزانین ئەم دامەزراوە گەورەیە لەچی پێكهاتووە؟

بێگومان كۆمسیۆنی هەڵبژاردنەكان ٤٠ بەڕێوەبەری گشتیی هەیە، پرسیار ئەوەیە ئایا ڕۆژانە ئۆتۆمبێلەكانیان چەند سووتەمەنی سەرفدەكەن؟ بێگومان بڕی پارەكە زۆر زۆرە. ئەی باشە چەند وەزیرمان هەیە؟ ئەمڕۆ لە ئەنجوومەنی وەزیران ٤٠ وەزیرمان هەیە، بەڵام ئەگەر بێت و ئەو كەسانە بژمێرین كە بە پلەی وەزیرن، ئەوكات ژمارەیەكی خەیاڵی دەدۆزینەوە. ئەی چەند بریكاری وەزیرمان هەیە؟ هەروەها دەستەیەك هەیە بەناوی دەستەی ڕاگەیاندن و ژمێریاری، پرسیار ئەوەیە بۆ نە لە ئێران و نە لە توركیا و نە لە سوریا و لەهەموو وڵاتەكانی تر هیچ دەستەیەك بەم ناوە نییە؟ هۆكارەكەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە ئێمە لەگەڵ خۆمان ڕاستگۆ نین، لەبەرئەوەی ئەگەر بێت و لەگەڵ خۆمان ڕاستگۆبین، ئەوكات لەگەڵ ئەو كەسانە بێدەنگ نابین كە سەرپێچییان ئەنجامداوە و بەپێی یاسا سزایان دەدەین، هەروەها پێویستە ئەنجوومەنی نوێنەران دەسەڵات بە وەزیر ببەخشێت بۆ خانەنشینكردنی فەرمانبەرێكی پلەی ١٠مین. ئەمڕۆ كارگەی شكست خواردوومان هەیە، كە لەسەرەتای دەوام كرێكارەكان دێن و دەرگایان لەسەر دادەخرێت تاكو دەوامی فەرمی كۆتایی دێت، لەكۆتایی دەوامدا ئەگەر بپرسین ئایا بەرهەمی كرێكارەكان چییە دەبینین پێمان دەڵێن هیچ بەرهەمێكمان نییە. دەبینین ئەمڕۆ هەموو دەرچووانی زانكۆ و پەیمانگاكان دەڵێن هیچ فەرمانگەیەك وەرماننا گرێت و هیچ شوێنێك نادۆزمەوە لێی دابمەزرێم، لەكاتێكدا دەرچووانی وڵاتانی ڕۆژئاوا دەڵێن هیچ كۆمپانیایەك وەرماننا گرێت، بەڵام هەر بۆ نموونە كۆمپانیای بەرهەمهێنانی «نەسیج»، دەبینین دەوڵەت زەوییەكی زۆری بۆ ئەم كۆمپانیایە دابینكردووە و بەكرێیداوە، ئەی باشە دەوڵەت بۆ ناتوانێت مانگانە ١٠٠ ملیۆن دینار بۆ «شانۆی نیشتمانی» دابینبكات كە قەڵای هونەرە لە «بەغدا»؟ لەكاتێكدا پارەیەكی زۆر دەبەخشێت بە بەڕێوەبەر و سكرتێری بەڕێوەبەر...وتاد. ئەمڕۆ هەموو فەرمانگەكانی دەوڵەت بڵاوكراوەیان هەیە.

ڕژێمی پێشوو لە ٢٠٠٣/٤/٩ ڕووخا، لەهەموو فەرمانگەكانی دەوڵەت یەك «بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن»مان نەبوو، هیچ فەرمانبەرێك نەبوو بەناوی «بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن». بۆ نموونە، ئێستا «ئەمانەی بەغدا» چەند بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی هەیە؟ ئەی لە كشتوكاڵ چەند بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن هەیە؟ لە كاتێكدا پێشتر لە هەموو فەرمانگەی ڕێنمایی كشتوكاڵی ٣ فەرمانبەری ڕاگەیاندن هەبوو، ئەوانیش بەرنامەیان پێشكەش دەكرد، بەڵام ئەمڕۆ تەنیا لە فەرمانگەی كشتوكاڵی «كەربەلا» ١٥ فەرمانبەری ڕاگەیاندن-یان هەیە. لە وەزارەتی خوێندنی باڵا-دا تەنانەت یەك ڕاگەیاندنكار نەبوو، بەڵام ئەمڕۆ لەهەر زانكۆیەك یەك سوپا ڕاگەیاندكاران هەن. وێڕای سووپایەك لە كەناڵی ئاسمانی و ڕۆژنامە و بڵاوكراوە. دەوڵەت چەند ڕۆژنامە دەردەكەن؟ توخوا ئێمە پێویستیمان بە «السباح» هەیە؟ ڕۆژنامەی «السباح» هەزار و شتێك كارمەندی هەیە، ئەم ڕۆژنامەیە بەو ئیعتبارەی كە ڕۆژنامەی

> **ئەو شتانەی كە ڕاگەیاندنی عێراقی ڕووماڵیان دەكات شتێكی نوێ نییە و هەموومان لێی بەئاگاین. فڵان سووتا و فیسار لەزیندانەو فڵان چوو ئەو شتەی كرد... وتاد. ئەم مەسەلانە شتێكی شاراوە نیین و هەموومان دەیزانین. ڕاگەیاندنی عێراقی هیچ داهێنانێكی تێدانییە**

دەوڵەتە پشتی بە ریكلام و بانگەشەكانی دەوڵەت ئەستوورە، بەڵام ئایا دەتوانێت ململانێ لەگەڵ «مشرق» یان «زەمان» بكات؟ كێشەكە لەوەدایە كە هیچ كەسێك ئامادە نییە ددان بە ڕاستییەكان بنێت، كەس ئامادە نییە بێت و بڵێت لە ڕۆژنامەی «سباح» لە «تۆڕی ڕاگەیاندندا» جۆرێك لە بێكاریی ڕوودا پۆشراو» (مقنع) هەیە، ژمارەی كارمەندەكانی «سباح» ١٠ بە قەد كارمەندەكانی «نیویۆرك تایمز»ە)).

لەلایەكی دیكە و سەبارەت بەوەی چۆن بتوانرێت بەڕێگەی یاسا ئەم حاڵەتانە ڕێكبخرێتەوە؟ تاریق حەرب پێی وایە: (ئەمڕۆ لەعێراقدا هەر كەسێك باس لە سەروەریی یاسا بكات بە سەرپێچیكەری دەزانن لە یاسا، ئەمەش ئەو هەڵەیەیە كە هەموومان دەیكەین. كێشەكەی ئێمە لەوەدایە كە لە یاسا و لە دەستوور تێناگەین. ئەمڕۆ دەوڵەت ڕووی لە دامەزراندنێكی بەرفراوان كردووە و، ٣ ملیۆن فەرمانبەری حكومەت هەیە. با بەراوردێك بكەین لەنێوان ژمارەی وەزارەتەكان لە ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا و عێراق لەكاتێكدا ژمارەی دانیشتووانی ئەمریكا ٣٠٠ ملیۆن و شتێكە، لەگەڵ بەراوردكردن لەنێوان ژمارەی فەرمانبەرە هەمیشەییەكانی ئەمریكا و عێراق، سووپایەك لە فەرمانبەر مووچە لە دەوڵەت وەردەگرن و هیچ ناكەن، كێ ڕازییە فەرمانبەرەكانی كۆمسیۆنی هەڵبژاردنەكان ٣ ساڵ دانیشن و تەنیا بۆ ماوەی ٢ یان ١٠ ڕۆژ یاخود ١ مانگ بێن و تەنیا لەساتی هەڵبژاردنەكاندا دەركەون و لەسەر میلاكی هەمیشەیی بن؟ وێڕای ئەوەش، ڕاگەیاندنەكان باس لە خۆپیشاندانی فەرمانبەرەكانی كۆمسیۆنی هەڵبژاردنەكان دەكەن كە داواكارن بۆ دامەزراندنیان. هەروەها ڕاگەیاندنەكان باس لە هەندێك گەندەڵی دەكەن كە خۆپیشاندان ئەنجام دەدەن و داواكارن شوقەكان بەناویان بكرێت، ئەو شوقانە موڵكی دەوڵەتن، بۆ بەناویان بكرێت؟ ئەمڕۆ هەموو شتەكان وەرگەڕاوە، «باتڵ» بووە بە «هەق»، «ڕەش» بووە بە «سپی»، ئەمەیە هەڵەكەی ئێمە. لەكاتێكدا گەندەڵیی دارایی و ئیداری بوونی هەیە، نەك تەنیا لە حكومەت، بەڵكو لەناو هەموو هاووڵاتیان گەندەڵی هەیە، لەبەرئەوەی كاتێك ئەندامێكی ئەنجومەنی نوێنەران دەست بە قسە و وتەكانی دەكات لەبارەی گەندەڵیی دارایی و ئیداری، هیچ ڕاگەیاندكارێك بۆی هەڵناستێت و لێی بپرسێت بزانم بۆ ئەو ئەندام پەرلەمانە ٣٠ پاسەوانی هەیە، لەكاتێكدا وڵاتەكە ئاسایش و ئارامیی نییە و ناسەقامگیرە، پێویستە لێی بپرسێت ئایا تەنیا ١٠ پاسەوان بۆی بەس نییە؟ بەڵام هیچ ڕاگەیاندكارێك ئەم جۆرە پرسیارانەیان ئاڕاستە ناكەن، ئەویش لەبەرئەوەی ڕاگەیاندنی ئێمە نەزان و ناشارەزایە، ڕاگەیاندنێكی دواكەوتوومان هەیە، نموونەكەشی لەوە دەردەكەوێت، ساڵی ڕابردوو كاتێك كە ئەمریكا ١٠٠ هەزار سەربازی پاشەكشەپێكرد لەگەڵ نیو ملیۆن پارچە چەك، ڕاگەیاندنی عێراق بەشێوەیەكی چڕ ئەو ڕووداوەیان ڕووماڵكرد. ئەمە چ ڕاگەیاندنێكە ئێمە هەمانە؟ هیچ دەزگایەكی ڕاگەیاندن نەچوو چاوپێكەوتن لەگەڵ سەربازێكی ئەمریكی سازبكات و لێی بپرسێت ژیانی چۆن بوو لە عێراق، یاخود حەزدەكات ڕۆژێك لە ڕۆژان دووبارە بگەڕێتەوە بۆ عێراق. ئەو شتانەی كە ڕاگەیاندنی عێراقی ڕوماڵیان دەكات شتێكی نوێ نییە و هەموومان لێی بەئاگاین، فڵان سووتا و فیسار لە زیندانە و فڵان چوو ئەو شتەی كرد...وتاد. ئەم مەسەلانە شتێكی شاراوە نییە و هەموومان دەیزانین، ڕاگەیاندنی عێراقی هیچ داهێنانێكی تێدانییە)).

# بە پێچەوانەی هەڵوێستی عێراق و کۆمکاری عەرەبییەوە تورکیا بەرانبەر قەیرانی لیبیا هەڵوێستی دروستانە بوو



فلك الدين كاكەیی

**هەڵەی هەڵوێست نواندنی حکومەتە عارەبییەکان:**

لەسەرەتاکانی کێشە ناوخۆییەکەی لیبیاوە هەڵوێستی تورکیا لەهەڵوێستی وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەند ڕاستر دەرچوو، کاتێك هەوڵی تورکیا میانگیرییانە بوو بۆ دروست نەبوونی جەنگی ناوخۆیی لە لیبیاداو دەستێوەردانی نێودەوڵەتیشی ڕەتکردەوە وێڕای ئەوەی وەك ئەندامێکی ناتۆ پابەندی خۆیشی بەبڕیاری دانانی ئاسمانێکی دژەفڕین دەربڕی دژ بە لیبیا، بەڵام بەردەوام داوای دیالۆگی لە هەردوولایەنی پێکداپژاو دەکردو خزمەتگوزاری تەندروستی پێشکەشی پێکراوو زامداران دەکردوە، تەڕابلوس هەستی بەم هێوری و سەلامەتییەی تورکیا دەکرد بۆیە هەر زوو داوای لە تورکیا و ماڵتا کرد سەرپەرشتی بڕیاری ڕاگرتنی تەقەلەیەککردن بکەن کە لەمانگی شوباتەوە قەزافی ڕایگەیاندبوو.

لەملاوەش کۆمکاری عارەبی هەڵوێستیان نەرێنی و هەڵە بوو لەبەرانبەر قەیرانی لیبیادا کاتێك هیچ ڕۆڵێکی هاکەزاییشیان بۆ ناوبژیوانیی لەنێوان هەردوولایەنی حکومەت و ئۆپۆزسیۆنی پێکداپژاودا نەگێڕا تەنانەت دەسپێشخەری سەرۆکی بەرازیلیشیان بەهەند وەرنەگرت کە لەسەرەتای مانگی شوباتەوە بۆخوێن نەڕشتن و سازدانی گفتوگۆ هەوڵی هێورکردنەوەی دەدا تا جەنگی ناوخۆیی هەڵنەگیرسێت تەنانەت بەرازیل و زۆر لە حکومەتەکانی وڵاتانی کیشوەری ئەمەریکای باشوور لە دژی دەستێوەردانی سەربازی وەستانەوە، تورکیاش لە هەڵوێستی ئاشتیانەی بەرازیلی نزیك بوو ، لەبابەتێکی ترمدا بەناوونیشانی (دەرفەتی دیالۆگ وئەگەری دروست بوونی سیستمی فیدراڵی لە لیبیادا) کەلەسەر بارودۆخ و مێژووی لیبیا لەڕۆژنامەی تەئاخی لە ٢٠١١/٣/٩ لە بەغدا بڵاوم کردەوە، لەوێدا بەپێی دیدو ڕوانینم بۆ باری ئاڵۆزی نێودەوڵەتی کە لە هەڵپەی بڕیاردانی سەربازی بەولاوە شتێکی دی بەدی نەدەکرا ئەگەری دیالۆگ و ڕێگەچارەی ئاشتیانەم بۆ دۆخەکە کرد بەتایبەتی دوای ئەوەی قەزافی و سەیفولئیسلام دەروازەی ئەو ڕێگەچارەیان بەکراوەیی هێشتبووەوەو شاندیان بۆ هەمان مەبەست ڕەوانەی بنغازی دەکرد، لەو کاتەدا ئۆپۆزسیۆن بە هەندێك سەرکەوتنی کاتییەوە غروور گرتبوونی و هەموو دیالۆگێکیان لەگەڵ حکومەت ڕەت دەکردەوە و وەڵامی ڕێگەچارەی ئاشتیانەیان نەدەدایەوە..

**هەڵە چەندپات بووەکانی ئۆپۆزسیۆن:**

وەك وتم ئۆپۆزسیۆنی هەڵەی زۆری تۆماردەکرد بە ڕەتکردنەوەی ڕێگەچارەی ئاشتیانە لەگەڵ تەڕابلوس گەر وەڵامی بۆ سازدانی دیالۆگ بدایەتەوە دەسکەوتی سیاسی و مەیدانی فرەیان بەدەست دەهێنا، بێ ئەوەی خۆیان ناچاری هەڵگرتنی چەك بکەن و حکومەتیش ناچار بکەن بەهاوشێوە وەڵامیان بداتەوەو و ئەو هەموو قوربانیانە لەناو خەڵکی سڤیلدا بکەوێتەوە کەدواتریش ژمارەی قوربانیان بەهۆی بۆردومانەکانی ئاسمانی نێو دەوڵەتییەوەو بەناوی پاراستنی گەلی لیبیاوە زۆر زیاتر کەوتنەوە.

تا ئێستاش ئۆپۆزسیۆن هەر بە ئومێدی لەناوبردنی حکومەتەوەیەو دانیشتن و دانوستان ڕەت دەکاتەوە گەرچی لێدانە ئاسمانییەکانی نێودەوڵەتی لە ئاستی ئومێدیان نەبوو لە کاتێکدا بۆردومانەکان ٪٣٠ هێزی سەربازییانەی ڕژێمی لیبیای پەکخستووە بەپێی ڕاپۆرتێکی نێودەوڵەتی کە لە ٢٠١١/٤/٦ دەرچوێنراوە، ڕژێمی قەزافی هەر لە بەرگریدایە و لە دوای بۆردومانەکانی ئەمریکی و ئەوروپایی لایەنگرانی قەزافی لە زۆربووندان..

**هەڵوێستی ڕووسیاو ئەڵمانیا:**

ڕووسیا پاشەکشێی کرد لەجێبەجێ کردنی بڕیارە نێودەوڵەتیەکە لەسەر لیبیا درا، لەمبارەیەوە وەزیری دەرەوەی ڕووسی وتی نەپشتگیریمان لەو بڕیارەکرد و نە دەنگمان بۆدا ، ئەڵمانیاش بێلایەن بوو، صینیش دووپاتی دەکردەوە کە دیالۆگ تاقە چارەیە بۆ قەیرانی لیبیا و دەستێوەردانی نێودەوڵەتی ڕەت دەکردەوە، لەناو وڵاتانی عارەبیشدا تەنیا سعوودیە بەرگری لە گەل و حکومەتی لیبیا دەنواند ، بڕیارەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ڕەت دەکردەوە و هەمان هەڵوێستی بێلایەنی ئەرێنی بەرانبەر یەمەنیش هەبوو بەم هەڵوێست دروستەیەوە دەتوانێت کاریگەری گونجاوو باشی بۆ سەرجەم کێشەکان هەبێت ..

**دانوستان لە ڕیاز لەنێوان حکومەتی یەمەنی و ئۆپۆزسیۆن:**

هەڵوێستی میانگیرانەی سعودیەو وڵاتانی کەنداو قەتەریان لێ دەربچێت لە قەناعەت پێکردنی هەردوو لایەنی تەنگژەی یەمەنی بۆ کۆکردنەوەی ئۆپۆزسیۆن و حکومەت لەشاری ڕیاز بۆ ڕێکەوتن لەسەر داهاتووی ئەو وڵاتە بەسەرپەرشتی وڵاتانی کەنداو بەبەرهەم هات.

واتە گەر ئەو ئومێدە هاتەدی لە ڕێی دیالۆگ و تێگەیشتنەوە تەنگژە توندوتیژەکان بگەیەنێتە ئەنجام وەك ئەوەی لە بەحرەینیش ڕوویدا کە هاوشێوە بوو ..

وادەگەیەنێت پەلە لە حوکمدان نەکرێت لەسەر ئەنجامی ڕووداوەکان و ڕاپەڕینەکانی تونس و میسر کە لەڕووی کردارەکییەوە بارودۆخیان سەقامگیر نەبوونەتەوەو هەرحکومەت دادەمەزرێنن و دەیڕوخێنن وتائێستاش مانگرتن و بێزاربوونی هاووڵاتیان لە جێبەجێ نەکردنی ئەو هەموو بەڵێن وئومێدەی دراون بەردەوامە زەمانێکی زۆری پێویستە تا جێبەجێ ببن

**چەوتییەکانی ڕاپەڕینەکان :**

یەکەمین هەڵەی سەرەکی کە خۆپیشاندەران لە تونس تێیکەوتن گوێنەگرتنیان بوو لە چاکسازی و پێشنیازی چاککردنە دەستوورییەکان لەلایەن ڕژێمی زێن عابدینەوە بەڵێنی پێدرا و کاتێك لە ڕووی سیاسی و دەستوورییەوە بەڵێنی بەجێبەجێکردنی دابوون بە پێی هەندێك هەلومەرجی کاتیی کە دەبوونە چەترێکی دەستووری بۆ خێراکردنی پرۆسەی چاکسازی، بەڵام گەنجانی ڕاپەڕیوی تونسی لەسەر کۆچپێکردنی بن عەلی مکوڕ بوون، ئەویش بێ ئەوەی ئەلتەرناتیڤ حازر بێت، بن عەلی سەری خۆی

هەڵگرت و جومگە و ڕایەڵەکانی دەوڵەتی تونس لێك هەڵوەشێنران و هەرچەند سیماو ڕووخسارێکی ڕژێمی پێشـــوو بوونەوە بە پێشەنگ و ئیتر چاکسازی ڕاستەقینە وەك پێشنیازی فەرامۆشکراویان لێهات و کەس تا ئێستا نەیتوانیوە جێبەجێیان بکات ، چونکە هەموو ئەوانەی ئێستـــا لـــە گۆڕەپانەکەدان بێ ئیرادەو دەسەڵاتن، بەو شێوەیەگەنجە شۆڕشگێڕەکانیان بە ڕاپرسی لاوەکییەوە سەرقاڵ کردبوو لەسەر دەرخستنی سامان و پارە و هەندێ تاوانی سەرکردەکانی ڕژێمی پێشوو..

هەمان شت لە میســـریش ڕوویدا لە ڕۆژەکانی دواییداکە یەکلایی کەرەوە بوون سەرۆك موبارەك بەڵێنی بە چاکسازی دەستووری دا و نەخشەی ڕێگای لەبەرانبەر هەڵبژاردنی ئازادانەو دانانی میکانیزم بۆ جێبەجێکردنی دەرچواند بەڵام ســـەرکردایەتی خۆنشـــاندەران تەنیا یەك لایەنی داواکاری جەخت لێ دەکردەوە ئەویش ڕۆیشتنی موبارەك، وەك ئەوەی هەموو چارەی گرفتەکان لەو ئەفسوونەدا گیرسابێتەوە لەکاتێکدا زۆربەی شرۆڤەکاران و دادوەران و کەسانی عاقڵمەنـــد مانەوەی موبارەکیان پێ ئاســـایی بوو تـــا هەڵبژاردنی داهاتوو بیێتە زامنکارێکی دەســـتووری و سیاســـی وکارگێڕی بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتوو بەڵام بەهاندانی ئەملاو ئەولا سەرکردە لاوەکانی ڕاپەڕین گوێیان بەو هەموو بەڵێن و خۆپابەندکردنە دەستوورییانە نەدا لەکاتێکدا موبارەك لەڕووی کردارەکییەوە ڕایگەیاندبوو کە نە خۆی و نە کورەکەی لەهەڵبژاردنی داهاتوودا خۆهەڵنابژێرنەوە واتە وازیان لە دەسەڵات هێنابوو ، دواتر موبارەکیش ڕۆیشت و ئیرادەیەکـــی ئەزموونداری دەوڵەتداری لەگەڵ خـــۆی برد و کارگێڕی دەوڵەت ئیفلیج بوو، سوپا کۆنترۆڵی هەموو کایەو ڕایەڵەکانی دەسەڵاتی گرتە دەست بێ ئەوەی هیچ میسرییەك جورئەتی ناوڵێنانی هیچ شێوازێکی دۆخە تازەکەی پێ بێت، ئایا ئەمە حوکمی ســـەربازییە، یان حوکمێکی مەدەنیانەی نیمچە ئیفلیجی بێ بڕیارو ئیرادەیە !!!

### ئایا دەکرێت خۆ لە هەڵەکان لابدرێت لە داهاتوودا ؟!

کەســـانی شـــارەزای هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی بە بارودۆخی گشـــتی ئـــەم وڵاتانە هەندێك وانەیان بەخێرایی لـــەم گۆڕانکارییانە وەرگرت ئەویش زەحمەتی پڕکردنەوەی سیاســـی لەنێوان شـــەوورۆژێکدایە، بەڵکو پێویســـتە قۆناغێکی گواســـتنەوەی گونجاو سازبکرێت بۆ دەساودەستکردنی دەسەڵات بەپێی بنەما دیموکراتییەکانی بەدامودەزگاییکردن و دۆزینەوەی ئەلتەرناتیڤ بۆکاروبار بەڕێخستن چونکە زۆربەی ئەم وڵاتانە نەشارەزایییان هەیە لە بواری بەڕێوبردنی قەیرانی لەم جۆرانە..

### گەڕانەوەیەك بۆ بابەتی پێشووم :

ئەم بابەتەم لە گۆڤاری گوڵانی هەفتانەلە ٢٠١١/٣/٧ورۆژنامەی زەمانی لەندەنـــی لە ٢٠١١/٣/٢١ بە هـــەردوو زمانی کوردی و عارەبی بڵاوکردنەوە پوختـــەی ئەنجام لـــەو بابەتەدا ئەوەبوو کـــە قەیرانی لیبیا بـــۆ ماوەیەکی درێژتر دەمێنێتەوە بە تایبەتی لەگەڵ دەســـتێوەردانی نێودەوڵەتیدا و بە جۆرە هاوســـەنگبوونێك کۆتایی پێ دێت لە نێوان حکومەت و ئۆپۆزسیۆن ئەوکات بیر دەکرێتەوە لە دیالۆگ.

گوزارشـــتم لە ڕای تایبەتی خۆم کردبوو بە ئومێدی ئەوەی خێرایی زیاتر بکرێـــت لە ڕاگرتنی شـــەڕو خوێنڕێژی و دەرگای گفتوگۆ بخرێتە ســـەر پشت..

ئـــەوکات وتم دەســـتێوەردانی نێودەوڵەتی بارودۆخەکـــە ئاڵۆزتر دەکات و چەکدارکردنی ئۆپۆزســـیۆن ئازارەکانی گەلـــی لیبیایی زیاتر دەکات ئەوەتا ئێستاش ڕاپۆرتەکان ئەوەیان سەلماندووە کە ئەم گرفتە بۆ چەندین مانگی تر درێژدەکێشێت، بەهۆی ئەوەی هەریەك لەجەمسەرەکانی ناکۆکی لەبەرژەوەندی خۆیاندان ناتوانن بارەکە هاوســـەنگ بکەنەوەو تەنیا ڕێگەچارەی دیالۆگ و دانوســـتان لەبەردەمیان دەمێنێتەوە لەم کاتانەشدا ڕاپۆرتەکانی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی لەسەر هاتنە ناوەوەی گرووپی پەڕگیر بۆ وەرگرتنی دەسەڵات لە میسرو یەمەن و لیبیاشدا دەدوێن ئەمەریکا و وڵاتانی خۆرئاواش لەمە دەترسان ، ئەنجومەنی ئەفریقی هەر زوو بە زوو نەخشـــەی ڕێگای بۆ چارەســـەری ئاشـــتیانە داڕشتبوو کە قەزافی پێشوازی لەو هەوڵانە کردو ئامادەیی خۆی بۆ گفتوگۆ کردن نیشان دا..

### هەوڵەکانی تورکیا بۆ سازدانی دیالۆگ لە نێوان هەردوولایەندا:

ڕۆژنامەی زەمان لە ٢٠١١/٤/٦ دەریخســـت کـــە ناوبژیوانییەکی تورکی لـــە ئارادایە بۆ بەســـتنی وتووێژی نهێنی لەگـــەڵ نوێنەرانی حکومەت و ئۆپۆزســـیۆن لە لیبیا هەروەها بۆ ڕاسپاردنی دەســـەڵات بە کەسایەتییەکی میانڕەوی ناوەنـــدی گونجاو گەر ئەم هەوڵە بـــەردەوام بێت جەختکردنەوەیە لەســـەر هەڵوێستی ئاشـــتیانەی تورکیا بۆ پێوەندی کردن بە هەردوو لایەنەوە بـــە پێچەوانەی وڵاتانـــی عارەبی و کۆمـــەکاری عارەبی کـــە لایانداوەتە لای تەرەفی ئۆپۆزســـیۆن و ڕۆڵـــی خۆیان بۆ ناوبژیوانی لەدەســـتداوە، تا لەمدواییـــەدا وتەبێژی فەرمی وەزارەتی دەرەوەی عێراق ڕایگەیاند کە عێراق لەگەڵ نوێنەرانی ئۆپۆزســـیۆنی لیبیایی کۆبۆتەوە، کە ئەمەش هەڵەیەکی گـــەورەی بێ ئەزموونییـــە لە لایەن حکومەتی عێراقییـــەوە چونکە دەبوایە لەگەڵ نوێنەرانی هەردوو جەمسەری هاوکێشەکەدا دابنیشتنایە تا ڕۆڵیان لە ئاشتەوایی بگێڕابایە کە ئەمە ئەرکی وڵاتانی عارەبییە ئەو ڕۆڵە بگێڕن وەك ڕۆڵگێڕانێکی مرۆڤدۆستانە لەم ڕووەوە..

### تۆڵەسێنی ناشرینترین سیاسەتە:

زۆربـــەی دەوڵەتانی عارەبی لە تۆڵەی خۆیان دژ بە شەخســـی قەزافی کەوتونەتە لای ئۆپۆزســـیۆنەوە ئەمەش لە دنیای سیاسەتتدا هیچ خێرێکی بـــۆ کەس لێ شـــین نابێتەوە، بەو شـــێوەیە حکومەتی تورکی هەڵوێســـتی ئاشـــتیخوازانەی بۆ کۆکردنـــەوەی لایەنە ناکۆکەکان قۆزتەوەو بە ســـەدان بریندار وەك کارێکی مرۆڤدۆستانە گواستۆتەوە بۆ چارەسەرکردن وبەمەش نییەت پاکی خۆی لە نیشـــاندانی چارەیەکی گونجاو بۆ کێشـــەکە خستۆتە ڕوو، ئەم هەڵوێستە ئیسلامی و مرۆڤانەیەی تورکیا لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەنجامی دەدات ڕاسـترین هەڵوێسـتە هەروەها ڕۆڵی ســـعودیەش لەگەڵ دیالۆگی ئاشـــتیانەدابووە هەر لەسەرەتا قەیرانەکەوە وەك چۆن هەمان ڕۆڵیش بۆ چارەسەری قەیرانەکانی بەحرەین و یەمەن دەگێڕێت ،کۆمەڵێك مەرج هەن لەلایەن هەر یەك لە دوو جەمســـەری ناکۆکی نـــاو لیبیاوە گەر هەوڵەکانی ناوبژیوانی بەردەوام بن ئەنجامی بەرهەمداریان دەبێت چونکە تای تەرازووی هێز لای هەردوو لایەنەوە گەیشـــتۆتە ئاستی هاوسەنگی و چەند هەفتەیەکە لە مسراتەو برێگە و راس لارۆف چەقیون ..

### دەست بەربوونی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە ڕۆڵگێڕانی ئاشتیخوازانە:

ئەنجومەنی ئاسایشـــی نێودەوڵەتی و دامودەزگاکانی نەتەوەیەکگرتووەکان هیچ پرۆژەیەکیان بۆ ڕاگرتنی خوێنڕشـــتن پـــێ نییە، پەیامی نێونەتەوەیی ڕۆڵێکـــی ئیجابی وا دەخوازێت لەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەوە بۆ بانگێشـــتی ســـازدانی دیالۆگ نەك پەلەکردن بۆ پشتگیریکردنی لایەك لە دژی لایەکی تر وەك لە قەیرانەکەی لیبیا کردیان ، نەیەکێتی ئەورووپا نەئەمەریکا ئەو ڕۆڵە ئاشتیخوازانەیان نەگێڕا جگە لە ئەڵمانیاو ڕووسیا کە دەستێوەردانی سەربازییان ڕەتکردەوە، ئەنجامی کۆتایی لەو هەڵوێست سلبیانەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی درێژکردنەوەی ماوەکانی شەڕو خوێنڕێژییە ، زیاتر بوونی موعانات و ئازاری ســـەدان هەزار هاووڵاتی سڤیلە لە تەرابلوس و شارەکانی خۆرئاوای لیبیا کە ئێستا بێ دەرمان و خۆراك و ســـووتەمەنی لە گەمارۆیەکی تونددا ژیانی مەمرەو مەژی دەگوزەرێنن ..

### پرۆژەو پێشنیازەکان:

ڕژێمی لیبیا زۆر پرۆژەو پێشنیازی قبوڵکردووە لەوانە دانانی دەستوورێکی نوێ بۆ وڵات و دامەزرانی دامودەزگای شەرعی و سەرلەنوێ بونیادنانەوەی دەوڵەت و هەڵبژاردنی ئازاد و ڕاپرســـی بۆ دیاریکردنی شـــێوازی سیستمی داهاتووی حوکم کە هەموویان پێشنیازی قابیل بەوەن هەردوو لایەنی حکومەت و ئۆپۆزســـیۆن بەسەر مێزی دیالۆگەوە بەفیعلی کاری لەسەر بکەن، ئیتر چ بە سەرپەرشـــتی تورکیا یان سعودیە یان ئەڵمانیا یان ڕووسیا یان بەهیممەتی هەموانەوە بکرێت ئومێدێکە بۆ چارەسەرێکی خێرای ئاشتیانە بۆ ئەو گەلە هاوڕێیەی لیبیامان تا لە میحنەتی ناوەخۆ دەربچێتە دەرەوە ..





تەحەددییەکانی قۆناغی وەرچەرخان بەرەو دیموکراتی

# بونیادی دامەزراوەکان و دژایەتیکردنی گەندەڵی

کێشـــەکانی قۆناغـــی وەرچەرخـــان بەرەو دیموکراســـی تەنیـــا کۆمەڵێـــك کێشـــە نین بڵێیـــن رووبەڕوویـــان دەبینەوە و چارەســـەریان دەکەیـــن، بەڵکـــو کۆمەڵێـــك تەحدیـــن کە پێویســـتە رووبەڕوویـــان ببینـــەوە و هەوڵبدەین کە ئەو تەحدیانە نەبنـــە رێگر لەبەردەم بەرەو پێشەوەچوونی زیاتر بۆ چەسپاندنی دیموکراتی لەکۆمەڵگەدا، بەواتایەکی دیکە و راشکاوانەتر قۆناغی وەرچەرخـــان پێوانەیەکی دیاریکراوی نییـــە، یـــان ناتوانیـــن بڵێین هێندە ســـاڵەی پێویستە تا دەیبڕین، لەمەش گرنگتر قۆناغی وەرچەرخان لەهەمـــوو وڵات و ئەزموونێك نییە کۆتاییەکەی بە گەیشتنە کەناری کۆمەڵگەی دیموکراتی کۆتایی پێبێت، بەڵکو لە زۆر وڵاتی کۆلۆنیالیـــدا پـــاش ئەوەی دەگەنـــە قۆناغی سەربەخۆیی و دەست دەکەن بە هەنگاو هەڵگرتن بۆ بونیادی دیموکراتـــی، ناتوانن ئەو قۆناغە ببڕن و پاشەکشـــە دەکەنەوە بـــۆ گەڕانەوە بۆ سیستمێکی نادیموکراتی، کەواتە هەڵوەستەکردن لەســـەر قۆناغی وەرچەرخان یەکێکە لەو پرسە گرنگانەی پێویستی بە وەرچەرخانێکی هەمە لایەنەی کۆمەڵگە هەیە بۆ ئەوەی بتوانێت خۆی لەگـــەڵ ژیانی تازە بگونجێنێت، کە پێکهاتە و توخمی سەرەکی لەم پرۆسەیە پێویستە گۆڕانی بەســـەردا بێـــت، پارتە سیاســـییەکانی وڵاتە، کە لە قۆناغی شـــەرعیەتی شۆڕشـــگێڕییەوە دەگوزارێنەوە بۆ قۆناغی شەرعیەتی دەستووری و پەرلەمانـــی و ئەرکـــی نوێنەرایەتی کردنی راستەوخۆی هاووڵاتیان رووبەڕوویان دەبێتەوە.

ســـەبارەت بـــەو وەرچەرخانـــەی کۆمەڵگە لـــەم قۆناغە ناســـکە رووبـــەڕووی دەبێتەوە، پرۆفیسۆر جولیۆ ساموێڵ ڤالانزوێللا ئوستادی سۆسیۆلۆژی لەزانکۆی کۆلۆمبیا لە لێدوانێکی تایبەتی سەبارەت بە قۆناغی راگواستن بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە دوان: (لە قۆناغی گواستنەوەدا هەموو جۆرەکانی رێکخســـتن و پێوەندییەکانی نێوان گرووپەکان دەست بە گۆڕان دەکات، ئەویش بەپشت بەستن لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئازادیی زیاتر دێتەکایەوە بـــۆ کۆمەڵبوون و پێکهێنانی گرووپەکان. لەم قۆناغـــەدا پێوەندییەکی نوێ لە گفتوگۆ و دانوســـتان دێتەکایـــەوە لەنێوان هاووڵاتیان و بەرپرســـان و حکومەت. هەروەها لە قۆناغەکانی گواستنەوەدا ژمارەیەك پارتی سیاســـی دروست دەبن، بەڵام هەندێك لەو پارتە سیاســـییانە لەڕووی هەڵبژاردنەکانەوە شکست بەدەست دێنن و سەرکەوتوو نابن، ئاکامەکەشی ئەوەیە کە رێـــژەی ئەندامێتیی ئەو جۆرە پارتە سیاســـییانە روو لە دابەزیـــن دەکات. هاوکات زۆربەی پارتە سیاســـییەکان لەســـەر ئاستی ناوخۆیی دیموکراســـی نین، هەربۆیە، دەبینین دۆزینـــەوەی میکانیزمێکـــی دیموکراســـی



جو لیۆ ساموێل ڤالانزوێلا:

**زۆربەی ئەو تەحەددیانەی لە قۆناغی گواستنەوە رووبەڕووی دەبینەوە، بریتییە لەوەی کە بەرەو چ ئاڕاستەیەک بڕۆین و کام ئاڕاستە هەڵبژێرین**

زۆر زەحمەتـــە بـــۆ بەدیموکراتیزەکردنی پارتە سیاسییەکان. ئەم مەسەلەیە پەیوەستە بە کات و تەنیا بەتێپەڕبوونی کات روودەدات)).

کەواتە ئەوەی پرۆفیسۆر جۆلیا سەبارەت بە پرۆســـەیەکی گۆڕانکاری لەهەموو ئاستەکان ئاماژەی پێکرد، بەدیدی پرۆفیســـۆر ماسیۆ لەڤیس ئوستادی زانستی سیاسەت و بەڕێوەبەری ســـەنتەری کرۆفت لەزانکۆی ئیندیانا بریتییە لە چۆنییەتـــی بڕیاردانی کۆمەڵگە لەســـەر ئـــەو شـــێوازی سیســـتمی حکومڕانییەی کە دەستنیشانی دەکات، لەمبارەوە و لە لێدوانێکی تایبەتیدا بۆ گوڵان پرۆفیسۆر لەڤیسس بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خســـتەڕوو و وتی:(ئەو وڵاتانەی کە لەماوەی ٣٠ – تاکو ٤٠ ســـاڵی رابردوودا لە دیکتاتۆرییەتـــەوە هەنگاویان ناوە بەرەو ئاڕاســـتەکانی دیموکراســـییەت، دەبینین زۆربەی ئـــەو تەحەددیانەی کـــە رووبەڕوویان دەبێتەوە بریتییە لەوەی کە بەرەو چ ئاڕاستەیەك بڕۆن و کام ئاڕاســـتە هەڵبژێـــرن. بەڕای من ئابـــووری لیبراڵ و ئابووری بـــازاڕ ئامانجی ئەم جـــۆرە وڵاتانەیە. بەهەرحـــاڵ، تەحەدداکە بریتییە لە بڕیاردان لەو بارەیەوە، بۆ نموونە: چ دەستەبژێرێك هەڵبژێرین؟ کێ بڕیارەکان بدات؟ هەروەها یاســـاکان چۆن دروســـتبکرێن؟ ئایا دەستوور چۆن بنووسرێت و هەڵبژاردنەکان چین لە نووســـینەوەی دەســـتوور؟ ئایا سیستەمەکە پەرلەمانی بێت یان ســـەرۆکایەتی؟ لایەنێکی تر: ئایا دەنگەکان چۆن بژمێردرێت؟ بەڕای من

ئەمە کێشـــەی وڵاتانێکە وەکو عێراق، هەربۆیە ئەگەر لەخۆمان بپرســـین ئەو جیاوازیانە چین لە قۆناغەکانی گواســـتنەوە دروست دەبن؟ ئەم پرســـیارە پاش رووخانی یەکێتی سۆڤێت هاتە کایـــەوە، بۆ نموونـــە ئەوروپـــای رۆژهەڵات. پرسیارەکە بریتی بوو لەوەی کە ئایا ئەم وڵاتانە، نەك وەك گواستنەوە، بەڵکو کەی وەك وڵاتانی دیموکراسی دادەنرێن. وێڕای ئەوەی لەماوەی ٢٠ ساڵی رابردوودا ئابووری بازاڕ و دیموکراسییەت لە وڵاتانی ئەوروپـــای رۆژهەڵات بونیادنراوە، بـــەڵام تەنانەت تاکو ئەمـــڕۆش لێکۆڵینەوە و توێژینەوە لەسەر وڵاتانی ئەوروپای رۆژهەڵات دەکرێـــت بەو ئیعتبارەی کە جیاوازە لە وڵاتانی ئەوروپای رۆژئـــاوا. تەنیا فاکتەرێکی بچووك هەیە بۆ کۆتایی هاتنی قۆناغی گواســـتنەوە لـــە وڵاتانـــی ئەوروپای رۆژهـــەڵات ئەویش بریتییە لە ئازادی و هەڵبژاردنی ئازاد، وابزانم ئەمانـــە نیشـــانەدەرێکن بۆ کۆتایـــی هاتنی گواســـتنەوە. هەروەها نیشـــانەیەکی دیکەش هەیـــە، ئەگەر بێـــت و هاووڵاتیـــان بڕیاربدەن لەسەر چارەســـەرکردنی کێشەکانیان لەڕێگەی دامەزراوە دیموکراســـییەکان، ئەوکات پرۆسەی دیموکراسی بەشـــێوەیەکی ئاکتیڤ و کاریگەر بەڕێوەدەچێت، بەڵام پەنابردنە بەر رێگەچارەی دیموکراسی مانای ئەوە دەگەیەنێت کە جگە لە رێگەچارەی دیموکراسی هیچ ئەلتەرناتیڤێکی تر نییە بۆ چارەســـەرکردنی کێشـــەکان. وەکو رایەکی شەخســـی، من پێموایە کە کەلتووری سیاسی دیموکراسی زۆر گرنگە بۆ کۆمەڵگە، بەتایبەتی لەسەر ئاستی تاکەکان، لەبەرئەوەی تاکەکان خاوەن چەند لایەنێکی هاوبەشـــن و کە پێوەندییەکی راســـتەوخۆی لەگەڵ سیاسەتی دیموکراسی هەیە، بۆنموونە لێبوردەیی، ئازادی لە بەشـــداربوونی سیاسی، ئازادی را دەربڕین، لەگـــەڵ کۆمەڵگەی مەدەنی و میدیا. بەڕای من ئەم فاکتەرانە نیشانەدەرن لەسەر وەدیهێنانی گۆڕانـــکاری لەســـەر ئاســـتی نیشـــتمانی. بۆیـــە جارێکی دیکە لێرەوە دەگەڕێمەوە ســـەر ئەزموونـــی دەوڵەتانی رۆژهەڵاتـــی ئەوروپا، پاش هەڵوەشـــانەوەی وڵاتە کۆمیۆنیستەکان و دەستپێکردن بە بونیادنانی وڵاتانی دیموکراسی، گەورەترین پرسیار لای ئەو وڵاتانە ئەوە بوو کە چ جۆرە سیســـتەمێکی حوکمڕانی هەڵبژێرن و کە لەگەڵ دیموکراســـییەتی لیبراڵ بگونجێت، هـــاوکات دەســـتەبژێرێکی کۆمیۆنیســـت لە سیســـتەمی کۆن رۆڵیان هەبوو لە سیستەمی نوێ. خاڵی دژیەکی پرۆســـەی دیموکراســـی ئەوەیە کە لە پرۆســـەی دیموکراســـیدا هەموو لایەنێك بۆی هەیە بەشـــداربێت، تەنانەت گەر ئەو لایەنە یان ئەو پارتە سیاسییە لەسەر ئاستی ناوخۆیی دیموکراســـیش نەبێت و تەنانەت گەر

لەگەڵ سیستەمی دیموکراسیشدا نەگونجێت. بۆ نموونە لە رۆژئاوا-دا پارتی کۆمیۆنیست هەنە و لە هەڵبژاردنە دیموکراسییەکاندا بەشداری دەکەن. بەواتایەکی تر، زۆر پارتی سیاسی هەن کە لەسەر ئاستی ناوخۆیی زۆر دیکتاتۆری و مەرکەزین لەکاتێکدا بەشداریشیان هەیە لە هەڵبژاردنە دیموکراسییەکاندا، لەبەرئەوەی پرۆسەی دیموکراسی بریتییە لە ململانێیەکی رەوا لەنێوان پارتە سیاسییەکان و ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان بەشێوەیەکی شەففاف و کراوە و رەوا. هەربۆیە، من پێموایە کە مەسەلەکە پەیوەستە بە گۆڕینی ئەقڵییەتی دەستەبژێرەکان و سەرکردەکانی پارتە سیاسییەکان)).

• بەڵام لایەنێکی دیکەی تەحەددییەکانی ئەم قۆناغە پەیوەستە بە رەفتاری تاکەکانی کۆمەڵگە و پەیوەستبوونی تاکەکان بە کەلتووری دیموکراتییەوە، سەبارەت بەم لایەنەش پرۆفیسۆر رادۆلف ریزمان ئوستادی زانستی سیاسەت و سیسیۆلۆژی لەزانکۆی (Liublijana) لە سلۆڤینیا لە لێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان بەمجۆرە تەحەددییەکانی ئاماژە پێکرد: ((سەرەتا دەمەوێت ئاماژە بە چەند تەحەددیەکی کەم، بەڵام گەورە بکەم کە پەیوەستن بە پرسیارەکەتانەوە. تەحەددی یەکەم پێوەندی بە هۆشیاری تاکەکەسەوە هەیە کە ئینتیمای هەیە بۆ کۆمەڵگەیەکی جیاواز کە ئەمەش بە واتای ناسنامەی جەماعەی دێت. هەروەك چۆن ئەوەی گرنگە هەر کەسێك بزانێت و هۆشیاربێت بە کەسایەتی خۆی بۆ ئەوەی لە ژیاندا سەرکەوتووبێت، دەبێت لە هەمان کاتدا بە هەمان ئاست دڵنیابن لە بیروباوەڕە کۆمەڵایەتیە هاوبەشەکانیان: مێژووی هاوبەش، کەلتووری هاوبەش، زمانی هاوبەش، هاوچارەنووسی سیاسی و سیاقی ئایینی هاوبەش وتاد، ئەویش لە پێناو ئەوەی بتوانن کۆمەڵگەیەکی یەکگرتوو و دەوڵەتێك بنیاد بنێین کە پشت ئەستوور بێت بە بەها دیموکراتیەکان و سیستمێکی دیموکراتی درێژخایەنیش پاڵپشتی بکات.

تەحەددی دووەم پەیوەستە بە پێداویستیەکانەوە بەوە راستی هەوڵێکی قەناعەتپێهێنەر هەیە بۆ بنیادنانی دەوڵەتێك کە بتوانێت ئەرکەکانی ئەدا بکات، ئەم دەوڵەتەش لەلایەك لەسەر بناغە یاساییەکان بنیادنرابێت (دەوڵەتی قانونی) و لەلایەکی دیکەش لەسەر بوونی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی کە بە راستی بوونی هەبێت، ئەمەش جۆرێك لە پرۆسەی راستکردنەوە بۆ ئەو کارانەی دەوڵەت ئەنجام دەدات کە رۆژانە ئەدای دەکات، لە هەمان کاتدا ئەمە دەبێتەهۆی بەرەوپێشبردن و پەرەپێدانی ئایدیای نوێ و بەرژەوەندیە کۆمەڵایەتیە هەمەجەشنەکان کە دەبێت دەوڵەت تەواو هۆشیاربێت پێیان و جێبەجێیان



**رادلۆف ریزمان:**

**دەبێت بەڵێ بۆ ئابووری بازاڕ بکەین، نەک بۆ کۆمەڵگەی بازاڕ، دەبێت کۆمەڵگە و دەوڵەت رێگە و دامەزراوەی پێویست بدۆزنەوە بۆ سنووردارکردن و رێکخستنی زیادەڕەوییەکانی بازاڕ**

بکات. تەحەددی سێیەم پێوەندی بە بنیادنانی هاوسەنگیەکی راست و دروستەوە هەیە لە نێوان دوو جەمسەری کۆمەڵگەدا (دەوڵەت و کۆمەڵگەی مەدەنی) لەگەڵ یەکدا.

بە دڵنیاییەوە تەحەددی دیکە هەن، کە پەیوەستن بە هەر کۆمەڵگەیەکەوە بە جیا کە دەکرێت لەلایەن هاونەتەوەییەکانەوە پێناسەی دروستی بۆ بکرێت، هەرچەندە دەتوانن جار بەجار راسپاردە باشەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەکار بهێنن و لێوەی فێربن. لێرەدا گرنگە ئاماژەش بۆ ئەوە بکەم کە رۆڵی پارتە سیاسییەکان تا دوا رادەە گرنگە. پارتە سیاسییەکان بەڵگەی عەمەلین بۆ ئەو راستیەی کە رێگەچارەی سیاسیی جۆراوجۆر لە بەردەم هاوولاتیاندا بە راستی بوونی هەیە، بەڵام ئەمە بە تەنیا بەس نییە. بۆ ئەوەی پەرە بە پرۆسەی دیموکراتی بدەیت لە کۆمەڵگەدا، دەبێت پارتە سیاسییەکان لە ناوخۆیاندا تەبەنی رێسا دیموکراتیەکان بکەن و بەپێی ئەم رێسایانەش رەفتار بکەن، لەوەش زیاتر دەبێت کار لەسەر کەمکردنەوەی هەر رەفتارێکی دیماگۆگی بکەن ئەو رەفتارانەی کە ترس لەبەرامبەر لایەنە جیاوازەکان دەخولقێنن، چونکە رەنگە ئەمە بۆ ماوەیەکی کاتی ببێتەهۆی بەدەستهێنانی متمانەی دەنگدەران، بەڵام لە مەودای دووردا بەرژەوەندیە ژیاریەکانی کۆمەڵگەکە تێکدەشکێنێت. زۆر گرنگە سەرکردەکان جێی متمانە بن و خۆیان بەسەر ئەندامەکاندا نەسەپێنن، بەڵام تەبەنی کردنی ژیانێکی دیموکراتی لەناو خودی پارتە سیاسییەکاندا نابێت بەهۆی سەپاندنی دیسپلینی قورس و توندەوە بێت، بەڵکو بە شێوەیەك بێت لە کۆتاییدا ببێتەهۆی ئەوەی ئەو سەرکردانە بە راستی شایستەی پاڵپشتی کەسانی خوارەوە بن. هیچ گرفتێك لەوەدا نییە هەندێ لە سەرکردەکانی پارتەکان کەسایەتیەکی کاریزمیان هەبێت، ئەگەر بەراستی لە پرۆسەیەکی دیموکراتی راستەقینە و بەپێی رێوشوێنە دیموکراتیە راستەقینەکانەوە لەناو پارتەکانی خۆیانەوە هەڵبژێردرابێتن. جگە لە پارتە سیاسییەکان، دیموکراسی راستەقینە و گەشەکردو، لە هەمانکاتدا کۆمەڵگەی مەدەنیش لە خۆ دەگرێت. دەبێت پارتە سیاسییەکان دەنگەکانی کۆمەڵگە بە هەند وەربگرن و خۆیانی لەگەڵدا بگونجێنن، کە لە دواجاردا یارمەتیدەریان دەبێت لە کۆکردنەوەی پشتیوانی زیاتر و بۆی هەیە ئەمە ببێتەهۆی باشترکردنی ئەدایان لە هەڵبژاردنەکاندا. دەبێت سەرکردەی پارتە سیاسییەکان هۆشیاربن بەو راستیەی کە هیچ شتێك وەك ژیانی بەردەوام و هەمیشەیی پارتە سیاسییەکان نییە، لەم روانگەیەوە ژیرترین سەرکردە دەبێت ئەو راستیەی لەبەرچاوبێت متمانە و باوەڕی کۆمەڵگە بە پارتەکانیان دەوەستێتەسەر ئەوەی چۆن ئەوان بە بەردەوامی و بە شێوەیەکی قەناعەتپێهێنەرانە هەوڵی بنیادنانی ئەو متمانەیە بدەن. دەبێت سەرکردە و پارتە سیاسییەکان ئەو راستیە لەبەرچاوبگرن لە سەردەمی بە جیهانی بووندا، ئەوان کەمتر تا زۆر تەنیا ناکونە بەردەم تاقیکردنەوەی نەتەوەکەی خۆیانەوە، بەڵکو دەکەونەبەر تاقیکردنەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیشەوە. بە تایبەتی پشکداریان لە بنیادنانی سیستمێکی دیموکراتی و بەها دیموکراتیەکاندا)).

دیارە هەڵسەنگاندن و بۆچوونەکان جیاوازن بەرامبەر بە کێشەو گرفتەکانی قۆناغی وەرچەرخان یان گواستنەوە بەرەو دیموکراتی و لەم چوارچێوەیەدا پرۆفیسۆر محەمەد عەلی کادیڤار ئوستادی سیسۆلۆژی لەزانکۆی نۆرس کارولینا، پێیوایە ئەم قۆناغە دەکرێتە سێ بەش و لەمبارەوە و لە لێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان بەمجۆرە باسی تەحەددییەکانی کرد و وتی: ((لە ئەدەبیاتی پرۆسەی بە دیموکراتیکردندا ئەم پرۆسەی راگواستن بۆ سێ قۆناغ دابەش دەکرێت، یەکەمیان داخرانی رژێمە دەسەڵاتخوازەکە، دووەمیان قۆناغی ئینتیقالیە کە قۆناغی نێوان رووخانی رژێمە دەسەڵاتخوازەکە و یەکەم هەڵبژاردنە کە ئەنجام دەدرێت، دواتر قۆناغی چەسپاندن و پتەوکردنی دیموکراسیمان هەیە. من پێموایە پرسیارەکەی ئێوە زیاتر دەربارەی قۆناغی بە دیموکراتیکردن

و قۆناغی چەسپاندن و پتەوکردنی دیموکراسیە، ئەگەر ئێمە باسی ئەم قۆناغە بکەین- قۆناغی ئینتیقالی و قۆناغی چەسپاندن و پتەوکردنی دیموکراسی- ئەوا گرنگترین تەحەددی لە قۆناغی ئینتیقالیدا بریتییە لەوەی ئایا لایەنەکان دیموکراسی وەك گەمەیەکی سەرەکی قبوڵ دەکەن، واتە ئەگەر لایەنەکان دیموکراسی قبوڵ بکەن، جا ئەو قبوڵکردنە لەسەر ئەساسی بەهاکانی ئەو لایەنانە بێت یان لەسەر ئەساسی بەرژەوەندیەکانیان، ئەوا دەتوانرێت بەسەر ئەم تەحەددیەدا زاڵبین. لە قۆناغی چەسپاندن و پتەوکردنی دیموکراسیدا گرنگترین مەسەلە بریتییە لە ئەدای ئابووری ڕژێمەکە، لەبەر ئەوەی ئەگەر ئەدایەکی ئابووری خراپی هەبوو، ئەوا خەڵکی دووچاری نائومێدی دەبن و ئەو تێڕوانینەیان لادروست دەبێت کە دیموکراسی باش نییە وەك ئەوەی ئەوان پێشبینیان دەکرد، بۆ سەرکەوتنی ئەم قۆناغە پێویستە ڕژێمەکە ئەدایەکی ئابووری باشی هەبێت، پێویستە پارتە سیاسییەکان ئەرکەکانی خۆیان ئەدا بکەن و هەروەها پێویستمان بە ئازادی ڕۆژنامەگەری دەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا من پێموایە دەکرێت فشار لەسەر پارتە سیاسییەکان دروست بکرێت لەم ڕووەوە، بۆ نموونە دەکرێت ڕۆژنامەکان ڕەخنە لە پارتە سیاسییەکان بگرن، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەتوانن داوا لە پارتە سیاسییەکان بکەن کە شەفاف بن و پرۆسە ناوخۆییەکانیان پرۆسەگەلێکی دیموکراتی بن. گرنگترین مەسەلە ئەوەیە خەڵکی خۆبەخشانە بەشداری لە ڕێکخراو و کۆمەڵەکاندا بکەن، بۆ نموونە ئەلکسی دی تۆکفیل لە کتێبەکەیدا بە ناوی «دیموکراسی لە ئەمریکا» باس لەوە دەکات نهێنی سەرکەوتنی دیموکراسی لەو وڵاتەدا هۆکارەکەی بەشداری خۆبەخشانەی خەڵك بوو. کە ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی دیموکراسی پتر شەفاف بێت و لە ئاستی بەرپرسیارێتیدا بێت و خەڵکی فێری ئەوە بن متمانە بەیەك بکەن و بەها دیموکراسیەکان فێربن، بەڵام پارتە سیاسییەکان ناتوانن بە تەنیا ببنەهۆکاری ئەوەی دیموکراسی سەرکەوتوو بێت، بەڵکو چەسپاندنی دیموکراسی پێویستی بە بەشداری خۆبەخشانە و بە دروستکردنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی هەیە، لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە یەکێکە لە دێرینترین دیموکراتیەکانی جیهان، بەشداری خەڵك لە تەنیا دەنگدان بۆ پارتە سیاسییەکان کورت نابێتەوە، بەڵکو خەڵکی لەسەر ئاستی مەحەلی بەشداری دەکەن، بەشدارن لە یەکێتیە بازرگانییەکان، لە ڕێکخراوە پیشەییەکان، من پێموایە بوونی ئەو ڕێکخراوە و کۆمەڵانە هاوشان لەگەڵ پارتە سیاسییەکاندا کێشەی نوێنەرایەتیکردن چارەسەر دەکەن)).

## دەرکەوتنی دیاردەی گەندەڵی و چارەسەرکردنی لە قۆناغی ڕاگواستندا

لایەنێکی دیکە لەرووی ئابوورییەوە دەبێتە تەحدایەکی دیکە لەبەردەم قۆناغی ڕاگواستندا، گواستنەوەی ئابوورییە لەئابووری دەوڵەتەوە بۆ ئابووری بازاڕ، لەم گواستنەوەیەشدا زۆر جار دیاردەی گەندەڵی بەدیار دەکەوێت، سەبارەت بەم لایەنە کە دەوڵەتانی ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا لە دوودەیەی ڕووبەڕووی بوونەوە، پرسیارمان لە پرۆفیسۆر رادلۆف ریزمان ئوستادی زانستی سیاسەت لە سلۆڤینیا کرد و بەڕێزی بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن: (گواستنەوە بەرەو دیموکراسی خۆی لە خۆیدا دەرمانێکی ئۆتۆماتیکی نییە بۆ دژایەتی گەندەڵی. هەروەها لەبەر ئەوەی گەندەڵی شتێکی سروشتی یاخود بەشێك نییە لە سروشتی ئینسان، ئەوا دەرفەتی ئەوە هەیە ڕۆڵە وێرانکارەکەی لەسەر کۆمەڵگە و بەهاکانی کەمبکرێتەوە، ئەویش ئەگەر ئەو دامەزراوانەی بۆ کۆنترۆڵکردنی گەندەڵی بنیادنراون، ڕۆڵی کارا و سەربەخۆی خۆیان بگێڕن و بە سەربەخۆیی چاودێری بەرژەوەندیە شەخسیەکان و بەرژەوەندیەکانی دەوڵەت بکرێت. هەروەها نابێت تەواوی ژیانی دیموکراتی لە پرسی نوێنەرایەتیکردندا کورت بکەینەوە، گەندەڵی کەم تا زۆر لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا هەیە. تەنانەت لەو کۆمەڵگەیانەدا زیاتر تەشەنەی کردووە کە بە قۆناغی ئینتیقالی (دیموکراتی) یدا تێدەپەڕن. ئەمەش هۆکارەکەی بۆ نەبوونی میکانیزمەکانی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی و ڕێسای یاسایی گونجاو دەگەڕێتەوە. نابێت بەو شێوەیە لە گواستنەوە لە ئابووری دەوڵەتەوە بۆ ئابووری بازاڕ بڕوانین کە پرۆسەیەکی کتوپڕە یاخود بە کتوپڕی جێبەجێ بکەین. لەم ڕووەوە هەم ئابووری دەوڵەت و هەم «فەندەمێنالیزمی» بازاڕ وەك یەك خراپن. دەبێت بەڵێ بۆ ئابووری بازاڕ بکەین، نەك بۆ کۆمەڵگەی بازاڕ. دەبێت کۆمەڵگە و دەوڵەت ڕێگە و دامەزراوەی پێویست بدۆزنەوە بۆ سنووردارکردن و ڕێکخستنی زیادەڕەویەکانی بازاڕ. بازاڕەکان بە تەنیا بەس نین، ئەگەرچی گرنگن، بەڵام لە هەمان کاتدا نازانن لە خۆیان پابەندبن بە ئیتیکەوە یاخود کەموکوڕیەکانی خۆیان ڕاستبکەنەوە، بەڵکو دەبێت ئەمە لەلایەن ئاژانسەکانی دەوڵەتەوە دیاری کرابێتن و ڕێکخرابێتن، هەروەها ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیش هۆشداری خۆیان بدەن لەم ڕووەوە، دیسان من پێموایە نابێت لەم ڕووەوە ئومێدمان بە پێشبینییە ناواقیعیەکان هەبێت یاخود ئەو پێشبینیانەی زیاد لە پێویست پێشبینی گەشبینانەن. کەڵەکەبوونی ئازادی و سەرچاوەکانی زانیاری پرۆسەیە: کەواتە گرنگە بتوانین لە ڕێی چاودێریکردنی زیادبوونی یان کەمبوونییەوە پێوانەی بەرەوپێشچوونەکە بکرێت. ئەگەر بەرەو کەمبوونەوە و داکشان چوو، ئەوا ئەمە هۆشداریە بەوەی دەبێت کارێك بکرێت بۆ پێچەوانەکردنەوەی پرۆسە سلبیەکە. کۆمەڵگە بەبێ ئەم دوو گەنجینە گرنگە وەك نابینایەك وایە کە دەتوانێت بڕوات، بەڵام ڕۆیشتنێکی زۆر لەسەرخۆ بە حەزەر. لەگەڵ ئەوەشدا، دەبێت ئەو کۆمەڵگەیانەی بە قۆناغی ئینتیقالیدا دەڕۆن هەنگاوی خێراتربنێن ئەگەر خوازیاری ئەوەن شوێن پێی، یاخود خوازیاری گەیشتنن بە دۆخی ئەو کۆمەڵگەیانەی زیاتر گەشەیان کردووە)).



ماتیۆ لەڤلێس:

**کێشەی گەندەڵی لە قۆناغی گواستنەوە لە خصخصەوە دەست پێناکات، بەڵکو لەو کەسانە دەست پێدەکات کە موڵکەکان دەکڕن**

لایەنێکی دیکەی گەندەڵی پەیوەستە بەپرۆسەی بە تایبەتکردن ( خصخصە)، بۆیە لەمبارەوەش پرسیارمان لە پرۆفیسۆر ماتیۆ لەڤیسس کرد و ئەویش لە وەڵامدا بە گوڵانی ڕاگەیاند: (کێشەی گەندەڵی لەوەدانییە کاتێك دەوڵەت دەست بە پرۆسەی «خصخصە» بکات و هەستێت بە فرۆشتنی ئەو شتانەی کە کەوتۆتە ژێر دەسەڵاتەکانی، بەڵکو کێشەکە لەوەدایە کە هەندێك کەس ئامادەن موڵکەکان بکڕن، ئەگەر هەشبن ئەو کەسانە بریتین لە گرووپێکی سنووردار و دیاریکراو. لێرەدا گەندەڵی دەست پێدەکات، ئەویش لەبەرئەوەی بازاڕ بەپێی پێویست کارناکات. بۆ نموونە «پۆڵەندا» و «ئەرجەنتین» و «شیلی» و

«روسیا»، دەبینین لەم وڵاتانەدا فرۆشتنی موڵکەکانی دەوڵەت بۆ بازاڕ قەیرانی گەورەی لێ کەوتەوە، هەندێك لەو قەیرانانە بۆ دەیان ساڵ درێژەی کێشا. بۆ نموونە «روسیا»، هەرچەندە ئێستا باری ئابووری و بازاڕ رووی لە باشتر کردووە، بەڵام هێشتا نایەکسانی لەڕووی داهاتەکانی تاکەکان جیاوازییەکی فراوانی پێوە دیارە. لەڕاستیدا مەسەلەکە پەیوەستە بە خێرایی و میتۆدی بەدامەزراوەکردنی بازاڕ لەو وڵاتانەی کە لە قۆناغەکانی گواستنەوەدان. نموونەیەکی دیار «چیکۆسلۆڤاکیا»، کە تیایدا موڵکەکانی دەوڵەت زۆر بە سەبری فرۆشرا، «چیکۆسلۆڤاکیا» وەکو وڵاتێکی کۆمیۆنیست مامەڵەی نەدەکرد، بەڵکو وەکو وڵاتێکی پاش رووخانی دیواری «بەرلین» بوو بەشێوەیەك کە بە چەندین قۆناغ تێپەڕی لە قەیرانی ئابووری، بۆیە واباشتر بوو بە سەبری کاربکات نەك بەشێوەیەکی خێرا وەکو ئەوەی کە لە «پۆڵەندا» روویدا. لە وڵاتانێك وەکو «عێراق» کە خاوەن سەرچاوەی سروشتیە و نرخی سەرچاوەکانی بەنرخ و گرانبەهایە، ئەوە لەم جۆرە وڵاتانەدا دەرفەت دەرەخسێت بۆ تەشەنەکردنی دیاردەی گەندەڵی و لە ئاستێکی زۆر بەرز دەبێت. لەوانەیە شەففافیەت و کرانەوەی بازاڕ سوودی هەبێت بۆ داگرتنی ئاستەکانی گەندەڵی، هەرچەندە کە مەرج نییە چارەسەری بکات، بەڵام هەوڵدان گرنگە، لەبەرئەوەی جیاوازی وڵاتانی رۆژئاوا ئەوەیە کە خاوەن زنجیرەیەك هەنگاو و میتۆد و مێژوویەکی درێژە لە کرانەوەی بازاڕ و رێگەدان بە هاووڵاتیان بۆ بەشداربوون لە بازاڕ)).

بەڵام پرۆفیسۆر محەمەد عەلی کادیڤار هۆکاری دیاردەی گەندەڵی وەك کەلتوورێك دەگێڕێتەوە بۆ ئەو رژێمانەی پێش دەسپێکی پرۆسەی بونیادی دیموکراتی حکومڕانیان کردووە، بۆیە لەسەر ئەم زەمینە گەندەڵییە کاتێك دەست بە پرۆسەی بونیادی دیموکراتی دەکرێت گەندەڵیەکان زیاتر دەردەکەون، لەمبارەیەوەو لەدرێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان وتی:(سەرەتا من دڵنیانیم لەوەی گەندەڵی لەم قۆناغە ئینتیقالیەدا سەرهەڵدەدات، لەبەر ئەوەی رژێمە دەسەڵاتخوازەکان خۆیان رژێمگەلێکی گەندەڵ بوون پێش ئەم قۆناغە ئینتیقالیە، بەڵام لەبەر نەبوونی رۆژنامەگەری ئازاد و بەهۆی ئەوەی دەستمان بە زانیاری نەگەیشتووە، ئەوا ئاگاداری ئەم گەندەڵیە نەبووینە. ئەمە لە کاتێکدا بەهۆی بوونی رۆژنامەگەری ئازادەوە هۆشیاردەبین بە هەر گەندەڵیەك لە قۆناغی ئینتیقالیدا رووبدات، لەلایەکی دیکەوە پرۆسەی بە تایبەتکردن خۆی لە خۆیدا دەرفەت بۆ دروستبوونی گەندەڵی دروست دەکات. لەم قۆناغەدا کارکردن بۆ پیادەکردنی شەفافیەت گرنگی خۆی هەیە، کە دەبێت پارتە سیاسییەکان، رۆژنامەکان و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی فشار لەسەر دامەزراوەکان بکەن بۆ ئەوەی شەفافیەت پیادە بکەن، دواتر دەتوانرێت بیر لە چارەسەری دیکە بکرێتەوە، لەبەر ئەوەی بێ هێنانەدی شەفافیەت ناتوانین هیچ کارێکی دیکە بکەین. لەلایەکی دیکەش هەندێ کەس پێیانوایە بۆ هێنانەدی دیموکراسی سەرەتا دەبێت کەلتووری دیموکراسی بنیاد بنێین، واتە پێیانوایە دیموکراسی پێشمەرجی هەیە و دروستکردنی ئەم کەلتوورەش یەکێکە لەو پێشمەرجانە، من هاوڕانیم لەگەڵ ئەم لێکدانەوەیەدا، بە تێڕوانینی من ئەو دوو پرۆسەیە شان بە شانی یەکتر دەڕۆن، بوونی کەلتووری دیموکراسی پاڵپشتە بۆ دامەزراوە دیموکراسیەکان و ئەم دامەزراوانەش دەبنەهۆی پەرەپێدانی کەلتووری دیموکراتی. هەروەك ئاماژەم پێکرد ئەم پرۆسەیە پێویستی بە کاتە، بۆ نموونە ئەو دیموکراسیەی لە عێراقدا هەیە لە سەرەتادایە، بەڵام ئەگەر بەردەوام بێت، ئەوا لە ماوەی دە ساڵی داهاتوودا کەلتووری دیموکراتی زۆر بەهێزتر دەبێت لەو کەلتوورەی ئێستا لە ئارادایە)).

رایەکی دیکەش هەیە پێیوایە لەهەموو سیستەمەکاندا ئاستێك لە گەندەڵی بوونی



محەمەد عەلی کادیڤار:

**گرنگترین تەحەددی لە قۆناغی ئینتیقالیدا بریتییە لەوەی ئایا لایەنەکان دیموکراسی وەک گەمەیەکی سەرەکی قبوڵ دەکەن؟**

هەیە، هەر بۆیە پرۆفیسۆر جولیۆ سامویڵ ڤالانزوێلا وای دەبینێت ئەم دیاردە بوونی هەیە و پێویستی بە رووبەڕووبوونەوە هەیە لەهەموو سیستمێکداو لەمبارەوە بە گوڵانی راگەیاند: (پێش ئەوەی وەڵامی پرسیارەکەتان بدەمەوە پێویستە پێناسەی قۆناغی گواستنەوە بکەم. قۆناغی گواستنەوە بریتییە لە پتەوکردنی دیموکراسییەت. ئەگەر هات و پرۆسەی بونیادنانی دیموکراسییەت کۆتایی هات، بە واتایەکی تر ئەگەر هات و هەموو فاکتەرەکانی دیموکراسییەت بونیادنران و ئامادەبوون، ئەوکات دەتوانین بڵێین کە قۆناغی گواستنەوە کۆتایی هاتووە. سەبارەت بەگەندەڵیش، پێموایە گەندەڵی لە قۆناغەکانی گواستنەوەدا سەرهەڵنادات، بەڵکو گەندەڵی لەهەموو جۆرە سیستەمەکاندا بوونی هەیە. لەڕاستیدا، ئاستی دیاردەی گەندەڵی لە سیستەمە دیکتاتۆرییەکان زۆر مەترسیدارترە لە گەندەڵی لە سیستەمە دیموکراسییەکان، ئەویش لەبەرئەوەی لە سیستەمە دیموکراسییەکاندا ژینگەیەکی کراوەتر هەیە لەڕووی سەروەری یاسا و دادگاکان کە سزای گەندەڵکاران دەدات. هەربۆیە، ئاستی گەندەڵی لە سیستەمی دیموکراسیدا زۆر نزمترە لە ئاستەکانی گەندەڵی لە سیستەمە دیکتاتۆرییەکان. تەنانەت لە سیستەمە دیموکراسییەکانیشدا گەندەڵی کاریگەریی نێگەتیڤانەی هەیە بەتایبەتی لەڕووی گەشەپێدانی ئابووری، لەبەرئەوەی ئەگەر بێت و گەندەڵی هەبێت ئەوکات وەبەرهێنەرەکان متمانەیان نامێنێت بە کاری وەبەرهێنان لە ژینگەیەك کە تیایدا گەندەڵی تەشەنەی کردبێت. لەهەمان کاتیشدا، گەندەڵی شەرعییەت لە حوکمڕانیی دیموکراسی وەردەگرێتەوە، ئەویش لەبەرئەوەی هاووڵاتیان دەبینن کە دەسەڵاتداران و حکومەت وەڵامدانەوەیان نییە بۆ داواکارییەکانیان، بەڵکو بەرپرسەکان زیاتر پۆست و دەسەڵاتەکانیان بەکاردێنن بۆ دەوڵەمەندکردنی خۆیان بەشێوەیەکی نایاسایی. هەربۆیە، سیستەمێکی دادوەریی سەربەخۆ و کارا پێویستە بۆئەوەی دیموکراسییەت بتوانێت بەشێوەیەکی ئاکتیڤ کاربکات. ئەگەربێت و لە قۆناغەکانی گواستنەوەدا سیستەمێکی دادوەریی سەربەخۆ بوونی نەبێت، ئەوکات زۆر زەحمەتە پرۆسەی بونیادنانی دیموکراسییەت سەرکەتوو بێت. لە دەسپێکی قۆناغەکانی گواستنەوەدا پەرلەمان و حکومەت پێکدەهێندرێت، هەروەها بونیادنانی سیستەمی دادوەریش زۆر پێویستە، بەڵام دروستکردنی سیستەمێکی دادوەریی سەربەخۆ پرۆسەیەکی درێژخایەنە و پێویستیی بە کاتێکی زۆر هەیە).



# ئابووری بازاڕ بۆ بەشداری خـ

چـۆن میکانیزمێك بدۆزرێتـەوە خەڵك لە پرۆسەی ئابووری بازاڕ بەشدار بێت بەهەمووان کار بکەین بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی و باشکردنی باری بژێوی هاووڵاتییان؟ ئاساییە حکومـەت دان بە بوونـی کەموکوڕی بنێت و پاسـاو بۆ ئەو گرفت و کێشانە نەهێنێتەوە کـە تاکو ئێسـتا چارەسـەری تەواوەتی بۆ نەدۆزیوەتەوە، پێویسـت ناکات ئۆپۆزسـیۆن لەکاتی داننان بـەو کەموکوڕییانە وا بزانێت هەنگوینـی لـە کونـە داردا دۆزێبێتەوەو ئەجێندای سیاسی خۆی تێکەڵ بە خواستی جەماوەر بکات، تاوەکو بەمەبەست و مەرامی سیاسی کەمینەیەك پرۆسەی ئابووری زیاتر تێـك نەچێت و لەبری ئەوەی چارەسـەر بۆ گرفت و کێشـەکانی هاووڵاتییان بدۆزینەوەو خواستی جەماوەر بهێنرێتە دی و هەموو ئەو ئاسـتەنگانە هەڵگیرێت کـە ڕێگرە لەبەردەم گەیشـتن بە ئابووری بازاڕ و بەرزکردنەوەی داهاتی تاکەکەسـی، بەپێچەوانەوە هەرێمی کوردسـتان بخرێتە دۆخێکی نەویستراو و پڕ لە پشێوی کە لەدۆخی وادا چارەسەر دوورەو ڕەنگە بارودۆخەکە ئاڵۆزتر بکات.

**تاچ ڕاددەیەك کەرتی تایبەت بوون و پێگەی لەئابووری هەرێمی کوردستان دا هەیە؟**

کەرتی تایبەت وەکو بەشـێکی گرنگ لە ئابووری بازاڕ باش بەڕێوەبردن و ئاراستەکردنی نیشـانەی سـەرکەوتنی حوکمڕانیە، بەڵام لە هەرێمی کوردسـتان ئـەو کەرتە بۆتە بار بەسـەر حکومەتەوە و نەتوانراوە لە ڕێگەی



# ـــەڵک هیچ واتایەک ناگەیەنێت

ئەم کەرتەوە پەرەپێدانی ئابووری بنیاد بنرێت، تەنانەت خودی کەرتی تایبەت نەیتوانیوە زۆرترین هەلی کار بۆ دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکان دابین بکات، کەرتێکی بێ زەمانەتەو بەدەست کۆمەڵێك گرفت و کێشەوە گیرۆدەیە. وەبەرهێنانیش کە ئومێدێك بوو بۆ ئەوەی بیزنسکار و سەرمایەداری بیانی و نیوخۆیی ئاراستەی ئەو کەرتانە بکات کە ئابووری هەرێمەکەی لەسەر دادەمەزرێت و کۆمەڵگەی کوردستانی لە کۆمەڵگەیەکی بەکارهێنەر و بەکاربەرەوە دەگەیەنێتە کۆمەڵگەیەکی بەرهەمهێن و بواری پیشەسازی و کشتوکاڵی و بەرهەمهێنان دەبوژێنێتەوە، کەچی زۆرترین سەرمایەدار و بیزنسکارەکانی ڕاپێچی کەرتێکی عەقارات و بازرگانی و کەمالیات کرد، زۆرترین پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون نەیتوانی چارەسەری بنەڕەتی کێشەی نیشتەجێبوون بکات، ئەمە دیوێکی کەمی ئەو شکستەیە کە کەرتی تایبەت تێی کەوتووەو بازرگان و وەبەرهێنەر و بیزنسکارانیش خەتاکە بۆ حکومەت دەگەڕێننەوە کە نەیتوانیوە بە بەرنامەو پلانی ئابووری بازاڕ بگەیەنێتە دۆخێك کە لانی کەم بنەماکانی سەرکەوتنی (ئابووری بازاڕ)ی تێدا بنیاد بنرێت، بەڵکو ئابوورییەکی تێکەڵاو و پڕ لە پشێوی دروست بووەو کەس نازانێت فەلسەفەو سیاسەتی ئابوورییەکەی لەکوێیە؟ لەم دۆخە ناهەموارەدا سیستەمی لێپێچینەوەو چاودێری لاوازە، ئەگینا بۆچی لە هەرێمێکداو بەدرێژایی ساڵانی ڕابردوو نەتوانرا

دارا جەلیل خەیات
سەرۆکی ژووری بازرگانی و پیشەسازی:

# ئابووری بازاڕ یاساو ڕێنمایی خۆی هەیەو پێویستی بەچاودێری و بەدواداچوونی بەردەوامە، هەربۆیە پێموانییە هەموو گرفت و کێشەکان لەئەستۆی کەرتی تایبەتدا بێت



ژمارەیەکی بەرچاو لە کۆمپانیا سەرپێچیکار و گەندەڵەکان و خاوەنەکانیان بخرێنە لیستی ڕەشەوە، کاتێك دەڵێین لیستی ڕەش مەبەست وەکو شەخس و سەرۆکی کۆمپانیاکەشە، لیستی ڕەش وەك ئەوە وایە مۆڵەتی شۆفێری لە گەندەڵکار و سەرپێچیکارەکان بسەنرێتەوە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، ناکرێت لەکاتی سەرپێچیکردنی شوفێرێك و بوونی مەترسی لەسەر گیانی هاوڵاتیان تەنیا سالانەی ئوتۆمبێلەکە دەستی بەسەردا بگیرێت و مۆڵەتی شۆفێریشی لێوەرنەگیرێتەوە، ئەمەی لە هەرێمی کوردستان ڕوو دەدات پێدانی ئازادییەکی ڕەهایە و بێ لێپرسینەوەیە، هەر بۆیە دۆخێکی وا دروست بووە کەسانێك باس لە گەندەڵی دەکەن کە خۆیان دەست و ڕۆڵیان لە گەندەڵی هەبووەو پێویست بوو هەر زوو موسائەلە بکرانایە.

بۆ چارەسەرکردنی دۆخەکە پێویست بە میکانیزمێك دەکات تاوەکو بگەڕێینەوە سەر ڕێگەی ڕاست و دروستی ئابووری بازاڕ، نەك ئابوورییەکی بێسەروبەرو دامەزرانی کۆمپانیای وا کە لەسەروو دەسەڵاتی یاساوە بێت و دەزگاکانی چاودێری نەتوانن ئەو کۆمپانیانە بخەنە لیستی ڕەشەوە. ئەوەتا زەوییەکی زۆری موساتەحە دراوە ئێستاکە بۆ مەبەستی تر بەکار دەهێنرێت و پێویستی بەگەڕانەوەو لێپرسینەوەش هەیە، تەشەنەکردنی گەندەڵی لە ئابوورییەکدا کە تێیدا نەریتی گەندەڵی زاڵە بەسەر ڕۆشنبیری دژە گەندەڵی، زەحمەتە بتوانرێت بێ میکانیزمێك و تەنیا بە هەڵدانی دروشم و بەکارهێنانی کەموکورییەکان بۆ مەبەست و مەرامی سیاسی چارەسەری دۆخە نەشیاوەکە بکرێت، ئەگینا ناکرێت هەردوو لایەنی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن دوور لە هۆڵەکانی پەرلەمان و دۆزینەوەی میکانیزم بۆ دژایەتیکردنی گەندەڵی و ڕێکخستنی ئابووری و بازاڕ باس لە چارەسەر بکەن، لە دۆخێکی پڕ لە پشێوی و ناسەقامگیردا مومکین نییە پرۆژەکان سەرکەوتن بەدەستبهێنرێت، بەڵکو دۆخێکی وا دروست بووە کەوا دەردەکەوێت هەندێك لایەنی سیاسی بەناوی ئۆپۆزسیۆنەوە بیانەوێت کێشەکان چارەسەر نەبن و گوێ لەبەرژەوەندی خەڵکی هەژار و کەم دەرامەت نەگرن و وەکو ماددەیەکی ئیعلامی بەکاریان بهێنن، دواکاری خەڵك و بەرژەوەندی خەڵك زۆر جیاوازە لە مەرام و بەرژەوەندی تەسکی حزبایەتی و لایەنی ئۆپۆزسیۆن کە خاوەنی خیتابێکی توندو گرژەو هەموو مەبەستی بەدەستهێنانی بەرژەوەندی حزبی و سیاسییە لە گۆڕەپانی سیاسی و ئابووری هەرێمەکەدا، هاوکات حکومەتیش نەیتوانیوە لە ئاست خواست و ویستەکانی خەڵکیدا بێت بەتایبەت چین و توێژە کەم دەرامەتەکە، لەم دۆخەدا کەرتی تایبەت و بازرگان و پیشەسازیکارانیش کە توێژێکی گرنگی کۆمەڵگەن و ڕۆڵیان لە بەڕێوەچوونی ئابووری بازاڕ دەبێت، قسەو گلەیی و داخوازی خۆیان هەیە کە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان گوێیان لێ بگرێت، ناکرێت نوێنەرانی ٨٠ هەزار توێژی بازرگان و پیشەسازیکار پرس و ڕایان پێ نەکرێت..

## بازاڕی کوردستان بەچی یاساو سیستەمێك بەڕێوەدەچێت

سەبارەت بە بارودۆخەکەی بازاڕ و گرفت و ئاستەنگەکانی بەردەم گەیشتن بە ئابووری بازاڕ و بوونی گەندەڵی و سەرپێچی لە بازاڕی کوردستان، بەڕێز دارا جەلیل خەیات سەرۆکی ژووری بازرگانی و پیشەسازی وتی: تاکو ئێستا سیستەمی ئابووری مەرکەزی باڵی بەسەر ئابووری و بازاڕەکانی کوردستان کێشاوە، ڕاستە لەزۆر لایەنەوە هەنگاو نراوەو بووینەتە خاوەنی سەدان کۆمپانیاو تاڕادەیەکی باش ئاڵوێری بازرگانی ئازاد کراوە، بەڵام یاساکانی بواری سۆشیالیستی کە پێشتر زۆربەیان هەموار کرابوون تاوەکو خزمەتی پرۆسەی پێشکەوتنی ئابووری و بەگەڕخستنی کەرتی تایبەت بکەن، بەڵام بەپێی پێویست نەبوو. گەرچی من پێموایە کەرتی تایبەت ڕۆڵێکی باڵای هەیە بۆ پێشکەشکردنی پرۆژەو خزمەتگوزاری و زیادبوونی هاوردەکردن و بەگەڕخستنی ژمارەیەکی بەرچاو لە هاووڵاتییان لەم کەرتە، ئەو واقیعەمان بۆ دەخاتە ڕوو کە کەرتەکە بەوشێوەیە نییە کە زۆرجار باس دەکرێت.



تەنانەت هەوڵدان بۆ باشترکردنی تواناو ئیمکاناتەکان بەردەوامە، بەڵام گرفتی کەرتی تایبەت و کۆمپانیاکان لە هەرێمی کوردستان بۆ نەبوونی کۆمەڵێك فاکتەر دەگەڕێتەوە کە ئەرکی حکومەتە دابینیان بکات. نەبوونی کوالێتی کۆنترۆڵ گرفتی حکومەتە نەك کەرتی تایبەت، کە وایکردووە کەسانێکی



هەڵپەرست بەناوی بازرگانی و بیزنسکارەوە زیان بەئابووری هەرێم و هاووڵاتییان بگەیەنن. ئومێدەوارین کەرتی تایبەت ڕۆڵی ئەکتیڤانەی خۆی وەربگرێت و خزمەتی هاووڵاتییان و نیشتمانەکە بکەن، ئەوە ئەرکی حکومەتی هەرێمە کۆمەڵێك یاسا هەیە کە واپێویست دەکات هەموار بکرێنەوە تاوەکو لەگەڵ سیستەمەکەدا بگونجێت، تاکو ئێستا یاساکانی کە کاری پێ دەکرێت، یاسا کۆنەکانە و بێ موراجەعەو گۆڕین ماوەتەوە، ئابووری بازاڕ یاساو ڕێنمایی خۆی هەیەو پێویستی بەچاودێری و بەدواداچوونی بەردەوامە، هەر بۆیە من پێموانییە هەموو گرفت و کێشەکان بکەوێتە سەر شان و ئەستۆی کەرتی تایبەت. تەنانەت کەمبوونەوەی کاڵاو کەلوپەلی خراپ و ئێکسپایەر بۆ باشبوونی داهاتی تاکەکەسی و بژێوی ژیانی هاووڵاتییان دەگەڕێتەوە کە دۆخێکی وای دروستکردووە کەرەستەو ئامێری باش بازاڕی زیاتر بێت و بازرگانەکان کەمتر پەنا بۆهێنانی کەرەستەی خراپ و مارکەی نزم بەرن.

لە وەڵامی پرسیارێکماندا کە ئایا چۆن بتوانین دیاردەی گەندەڵی و بێسەروبەری بازاڕەکان کەم بکەینەوە؟ بەڕێز سەرۆکی ژوورە بازرگانی و پیشەسازییەکانی هەرێم وتی: کەمتەرخەمی بۆ بازرگان و بەڵێندەر و پیشەسازیکاران ناگەڕێتەوە، بەڵکو بۆ ئەو تەندەر و کارانە دەگەڕێتەوە کە ڕاستەوخۆ بێ ئەوەی تەندەراتی بۆ بکرێت و دوور لە ڕێنمایی و ڕاسپاردەکانی چاودێری داراییەوە ڕاستەوخۆ دەدرێت بەکەسانێك کە زۆرجار خاوەنی نفوز و دەسەڵاتێکی زیاترە لەو وەزارەتە یا بەڕێوەبەرایەتییەی تەندەرەکە دەدات، سەرۆکی هەرێم ئاماژەی بەپێویستی بوونی شەفافییەت کرد، کە بەداخەوە لە هەندێك ئیدارەکان ئەم شەفافییەتە کەمە. دژایەتیکردنی قۆرخکاری و کەمکردنەوەی ڕۆتین پێویستی بە هەموارکردنی یاساکانی کوردستان هەیە، پێویستە یاساو ڕێنمایی زەبتی بازرگان و بیزنسکار و سەرمایەدار بکات، تۆ بڕوا دەکەیت جاری واهەیە کاری ئیداریی دوو ساڵی پێچووە لە ئیدارەی حکومەتی هەرێم، ڕۆتین و بیرۆکراتییەتێکی توند هەیە، زۆرجار بۆ ئەنجامدانی پرۆژەیەك چووین پرۆژەکە تەواو بووە کەچی ئیشوکارەکان هێشتا تەواو نەبووە. ئێمە خاوەنی زیاتر لە ٨٠ هەزار ئەندامین، ئەم ژمارەیەش قورسایی ڕێکخستنی نییە، بەڵکو بەپێی سیستەمێکی بازاڕ و هاوکێشەی خواست و خستنەڕوو یاسا بەڕێوەدەچن، ئەوەی جێی داخی ئێمەیە پرس نەکردنی پەرلەمان و حکومەتە لە دانانی زۆر یاسا و ڕێنمایی

**دکتۆر نەرمین مەعروف**
**شارەزا لەبواری پەرەپێدانی ئابووری:**

## کۆمەڵگەی ئێمە بەسیستەمی ئابووری بازاڕدا تێنەپەڕیوەو ڕۆڵی پێوەندی نێوان دەسەڵات و حکومەت لەلایەک و ئابووری و بازاڕ و کۆمپانیاکان لەلایەکی ترەوە ئەزموونێکی تازەیە



کە یاساکانی سۆشیالیستی و مەرکەزییەت بەشێوەیەکی زۆر فراوان لەم هەرێمەدا جێبەجێ دەکرێت، لەپەرلەمانی کوردستان یاسایەکی زۆر هەیە کاری بۆ نەکراوە وەکو یاساکانی کار و بیمەی کۆمەڵایەتی و نەبوونی متمانەو زەمانەتە بەکەرتی تایبەت، هەربۆیە ئەم کەرتە دواکەوتووە، چونکە زەمانەتی دوارۆژی تێدا نییە، من نازانم بۆ هەموو هەڵەکان دەبرێنەوە سەر کەرتی تایبەت! بابپرسین: گەر کەرتی تایبەت یاساو ڕێنمایی باش و پێشکەوتووی بۆ دانرێت تاوەکو کرێکار و کارمەندەکانیان زەمانەتی کارکردن و دوارۆژیان هەبێت، بۆچی هاووڵاتییەك ڕوو دەکاتە کەرتی حکومەت و بە مووچەیەکی کەمتر لە مووچەی ئەهلی کار دەکات؟ یان بۆچی زۆرجار گلەیی ئەوە دەکرێت کە بیزنسکارەکانمان ڕوو لەبازرگانی و کەرتی عەقارات دەکەن؟ پێم سەیرە گەر تۆ بیزنسکار بیت و بتەوێت کارگەیەك دامەزرێنیت کە قازانجەکەی دوور مەودایە ئایا کرێکاری هونەری و بەتوانامان هەیە یا حکومەت تاچەند پاڵپشتی دارایی و قەرزی درێژخایەن و پێدانی کارەبا بەنرخێکی هەرزان پێشکەش دەکات، لە هەمووی گرنگتر نەبوونی ڕۆشنبیری ئابووری کە وا دەکات خەڵکی مارکەی بیانییان لا گرنگتر بێت ئەمانە هەمووی گرفت و کێشەن و ڕێگرن

دکتۆر جەودەت جەعفەر خەتاب
پسپۆڕ و شارەزا لەبواری دارایی و بانکی:

# بەشداری هاووڵاتییان لە پشکەکانی گەورە کۆمپانیاکانی کوردستان و بوونی کێبرکێ و دەرچوونی کۆمەڵێک یاسای پێوەندار دۆخێکی وا دەخاتەوە قۆرخکاری لە بازاڕدا کەم دەبێتەوە



بەرەو بەپیشەسازیکردن.

پرۆژە چاکسازییەکەی سەرۆکی هەرێم کاری جددی و دڵسۆزانەی دەوێت و کاتی ئەوە هاتووە پەرلەمان و حکومەت ڕۆڵی بەرچاویان هەبێت و دەست بەو پرۆسەیە بکرێت، پێویستیشە لایەنە پێوەندارەکانی ئابووری پرسێکی زیاتر بە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بکات کە نوێنەرایەتی توێژ و چینێکی فراوانن، لەم پەرلەمانی ئەمجارە یەک ئەندام پەرلەمان نەهاتووە سەردانی ژوورە بازرگانی و پیشەسازییەکان بکات تاوەکو پرسێکمان پێ بکرێت لە داڕشتنەوەی یاسایەکدا.

نەبوونی بازاڕی دارایی ڕێگری سەرەکی بووە لەبەردەم گەورە کۆمپانیاکانی هەرێمی کوردستان کە ڕوو لە پشکداریی نەکەن و زۆرترین هاووڵاتی بەتایبەتی لە چینی ناوەڕاست بەشداری پرۆسەی ئابووری نەکەن، ئەم واقیعە تازەیەی دەرکەوتنی کۆمپانیا پشکدارەکان لە ناوچەکەدا مێژوویەکی دووری نییە، ئەوەتا بۆرسەی لوبنان کە تەنیا ٩ کۆمپانیا لە بۆرسەکەدا کار دەکەن، لە ئەمریکاش تەنیا ٤٨ کۆمپانیا بوونی سەرەکی و بەهێزیان لە داوجونس هەیە لەکاتێکدا لە بەریتانیا کە مێژووی دەرکەوتنی کۆمپانیا پشکدارەکان زۆر کۆنترە تەنیا ١٠٠ کۆمپانیا کار لەمبوارەدا دەکەن، بەڕێوەچوونی بازاڕی پشکەکان ڕاناوەستێتە سەر زۆری کۆمپانیاکان، بەڵکو لەسەر بنەمای بەهێزی و دەوڵەمەندی و گەورەیی کۆمپانیاکان بنیاد دەنرێت. ئەم بازاڕەش پێویستی بەبوونی کەرتێکی تایبەتی بەهێزەوە هەیە.

## کۆمپانیاکان لە هەرێمی کوردستاندا ئەدایان لاوازە

دکتۆر نەرمین مەعروف شارەزا لەبواری پەرەپێدانی ئابووری سەبارەت بە هۆکاری لاوازی کەرتی تایبەت لەهەرێمی کوردستان بۆ هەردوو لایەنی سەرمایەداری کورد و حکومەتیش بردەوە. سەرەتا لە وەڵامی پرسیارێکماندا بەوەی کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان بۆچی بوونەتە بارگرانی بەسەر حکومەتەوەو ئابوورییان دووچاری گەندەڵی و پشێوی و هەڵاوسان کردووە، تەنانەت زۆر جار شکستیان بە پرۆژەو کاری گەورە هێناوە؟ بەڕێزی ڕایەکی پێچەوانەی هەبوو پێیوابوو: ئێمە ناتوانین پێیان بڵێین بارگرانی، بەڵکو کۆمپانیاکان لە هەرێمی کوردستاندا ئەدایان لاوازە، کاتێك پێیان دەوترێت بارگرانی ئەگەر حکومەت پاڵپشتیان بکات بە لێخۆشبوونی باج و پاڵپشتی دارایی، بەڵام بەگشتی کەرتی تایبەت ئەدای لاوازە، ئەمەش بۆ کۆمەڵێك فاکتەری سەرەکی دەگەڕێتەوە سەرەتا کۆمەڵگەی ئێمە بەسیستەمی ئابووری بازاڕدا تێنەپەڕیوە ڕۆڵی پێوەندی نێوان دەسەڵات و حکومەت لەلایەك و ئابووری و بازاڕو کۆمپانیاکان لە لایەك ئەزموونێکی تازەیە، تاکو ئێستاش لەم ئابوورییەدا زۆربەی جومگە سەرەکییەکانی لەلایەن حکومەتەوە دەبرێت بەڕێوە، ئەمەش ئیزدواجییەتی کارکردنە بەکەرتی تایبەت و گشتی، هاوکات فەلسەفەی ئابووری کۆمەڵگەی ئێمە ئەگەر چی لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ باس لەوە دەکرێت کە گۆڕاوە بەرەو ئابووری بازاڕ و کەرتی تایبەت، بەڵام لە واقیعدا فەلسەفەی ئابووری بازاڕ ئەوەندەی لە دروشمەوە نزیکە لە واقیعەوە دوورە، چونکە هەموو خەسڵەتەکانی بەڕێوەچوونی ئابووری و بەگەڕخستنی دەستی کار لە کەرتی گشتی دایە نەك کەرتی تایبەت واتا حکومەت قورسایی خۆی هەیە لەپرۆسەی ئابووری و ئەمەش زیانی بە بودجەی حکومەت گەیاندووە کە زۆرترین بودجە بۆ مووچەو بەکارخستن تەرخانکراوە.

سەبارەت بە لاوازی و کۆنی یاساکان لەم وڵاتەدا کە دەبوو پەرلەمانی کوردستان بە هەموو ئەندامەکانیانەوە کاریان بۆ نوێکردنەوەی یاساکان بکردایە نەك سەرقاڵبوونیان بە موزایەدەو کێشەمو کێشی سیاسییەوە، دکتۆر نەرمین مەعروف وتی: کۆمەڵێك یاساو ڕێسا هەیە کە ڕێکخەری کەرتی تایبەتەو سنوورێك لەنێوان کەرتی گشتی و تایبەت دادەنێت، کە لە هەرێمی کوردستان ئەم یاساو ڕێسایانە بوونیان نییە، هەر بۆیە ئەوەی ئێستا هەیە دەقە کۆنەکەیە کە سیستەمی ئابووری گشتییەو هێشتا چاکسازی تێدا نەکراوە وەکو ڕێکخستنەوەی یاساکانی کار و کارکردنی کۆمپانیاکان و یاساکانی کێبرکێ و دژایەتیکردنی قۆرخکاری، ئەمانە هەمووی بوونەتە هۆی لاوازبوونی کەرتی تایبەت لەکۆمەڵگەی کوردستاندا.

یەکێك لە ئامراز و فاکتەرەکان بۆ بەهێزبوونی ئەدای کۆمپانیاکان و بەشداریکردنی زۆرترین هاووڵاتی لە پرۆسەی ئابووری، بوونی کۆمپانیاکانی پشکدارە، بەداخەوە تاکو ئێستا لە هەرێمدا کۆمپانیاکان تاکە کەسی و خێزان و گروپێکن لەسەر بنەمای پشك دانەمەزراوە، لەمانەش هەمووی مەترسیدارتر ئەوەیە کار نەکراوە بۆ هۆشیارکردن و ڕۆشنبیری کۆمەڵگە لە بواری ئابووری، تاوەکو لەکاتی کردنەوەی بازاڕی دارایی و فرۆشتنی پشکەکان ئەو هاووڵاتییانەی پاشەکەوتێکی کەمیان هەیە بەشداری لەو پشکانەدا بکەن، بۆیە کارکردن لەسەر ئەم تەوەرەیەو هاندانی دامەزرانی ئەو جۆرە کۆمپانیانە لە ڕوانگەی ڕاگەیاندنەوە کاریگەری باشی دەبێت بۆ کەمکردنەوەی ئەو نارێکییەی کە لە بازاڕ دا هەیە.



## بوونی کێبرکێ دۆخێکی وا دەخاتەوە کۆمپانیاکان ڕوو لە فرۆشتنەوەی پشکەکان بکەن

سەبارەت بەبەشداریکردنی هاووڵاتییان لە پرۆسەی ئابووری بەتایبەت لە ڕێگەی بەشداریکردنیان بە پشك لە گەورە کۆمپانیاکانی هەرێم دکتۆر جەودەت جەعفەر خەتاب پسپۆر و شارەزا لەبواری دارایی و بانکی وتی: لەپرۆسەی دیموکراتیدا کە ئابووری بازاڕ پەیڕەو دەکرێت کەرتی تایبەت ڕۆڵێکی سەرەکی و گرنگی لەم پرۆسەیەدا هەیە، کۆمپانیاکانیش ئەو هاوکێشە سەرەکی و گرنگەن کە بەهۆیەوە حکومەت ڕاستەوخۆ کاری ئابووری ناکات، بەڵکو زیاتر لێپێچینەوەو چاودێری و سەرپەرشتی کارەکان دەکات، ئێستاکە ژمارەیەکی بەرچاو لە گەورە کۆمپانیاکان لەهەرێمی کوردستان بوونیان هەیە، بەڵام ئەم کۆمپانیانە خاوەندارێتی بۆ کەسێك یا خێزانێك یا چەند کەسێك دەگەڕێتەوە، واتا بەشێوەی گەورە کۆمپانیاکانی وڵاتانی پێشکەوتووی دنیا نییە کە لەڕێگەی بازاڕی بۆرسەوە زۆرترین پشکیان فرۆشتووەو زۆرترین هاووڵاتییان لەو پرۆسەیە بەشدارن، ئێمە ناکرێت بە زۆرەملێ فشار بخەینە سەر ئەو کۆمپانیانە تاوەکو لە بازاڕی بۆرسەدا پشکەکانیان بفرۆشنەوەو هاووڵاتییان بەشداری بکەن، کۆمەڵێك میکانیزم هەیە کە پێویستە لە هەرێمی کوردستان بنرێت بۆ ئەوەی کۆمپانیاکان زۆرترین خاوەنی لە هاووڵاتییان لە ڕێگەی کڕینەوەی پشکەوە هەبێت، لەوانە دەرچوونی چەند یاسایەکی گرنگ و دروستکردنی ڕۆحی کێبرکێ و هاندانی هاووڵاتییان بۆ کڕینەوەو فرۆشتنەوەی پشکەکان. لە بۆرسەکاندا چەندین کۆمپانیا بەشداری کڕین و فرۆشتنی کاغەزە داراییەکان و پشك دەکەن، لێرەدا پێویستە لەپێناو سەرکەوتنی پرۆسەی کڕین و فرۆشتنەوەی پشك هانی گەورە کۆمپانیاکانی وەکو کۆمپانیای کۆڕەك و ئاسیاو ماس گلۆباڵی کارەبایی و کۆمپانیاکانی چیمەنتۆو ئاسن و ئۆتۆمبێل بدرێت کە بەشداری لە فرۆشتنەوەی پشك بکەن، چونکە لەلایەك ئیمکاناتی ئەو کۆمپانیانە بەرزەو لە لایەکی تر تاڕادەیەکی باش ناونیشانێکی باشیان هەیەو هاووڵاتی جۆرە متمانەیەکی هەیە کە زیانیان کەمە. بەشداری هاووڵاتییان لە پشکەکانی گەورە کۆمپانیاکانی کوردستان و بوونی کێبڕکێ و دەرچوونی کۆمەڵێك یاسای پێوەندار دۆخێکی وا دەخاتەوە کە قۆرخکاری لە بازاڕدا کەم دەبێتەوە. بوونی کێبرکێ کە دۆخێکی ئاسایی و سروشتییە لەناو جموجوڵ و چالاکی بازاڕ و ئابووری وا لە گەورە کۆمپانیاکان دەکات بۆ بەدەستهێنانی سیولەو توانای هونەری و بەشەری پێویستیان بەداهاتێکی زیاتر بێت کە ئەم داهاتە لەلای چینی ناوەڕاست لە کۆمەڵگەدا دەست دەکەوێت و بگرە بە پاشەکەوتێکی بێ وەبەرهێنان دادەنرێت. ئێستاکە لە وڵاتانی کەنداو گەورەترین بازاڕ بازاڕی داراییەو کاریگەری زۆریشی لەسەر بنیادنانەوەی بازاڕ هەیە.

بەڕێزی سەبارەت بەو کەموکورتییەی کە تاکو ئێستا لە هەرێمی کوردستان نەتوانراوە بازاڕی بۆرسە دەست بەکار بێت و زۆر لەبڕگەو یاساکانی وتووێژو قسەی لەسەر نەکراوە وتی: پێویستە سەرپەرشتیکارانی بازاڕی دارایی کوردستان لە هەوڵی ئەوەدا بن سەرەتا گەورەترین کۆمپانیا ڕابکێشنە ناو ئەو بازاڕەوە نەك وەکو بازاڕی دارایی بەغدای لێبێت کە کۆمپانیای بچووکیش بەشدارییان لەو بازاڕە کردوو بووە هۆی لاوازبوونی بازاڕەکە، سوود وەرگرتن لە ئەزموونی وڵاتانی پێشکەوتوو بۆ ئێمەی کوردستانی گرنگە لە کاتێکدا ئەم کارە تازەیەو ئەزموونێکی پێشترمان نەبووە، بۆنموونە لەئەمریکا لە بۆرسەی داوجۆنس ٤٨ کۆمپانیا بەشدارن و لە ئینگلتەرا ١٠٠ کۆمپانیا بەشدارە، سوودی ئەم بۆرسەیە لە ڕووی ئابووری و جووڵانەوەی بازاڕو بەشداریکردنی زۆرترین هاووڵاتی لە پرۆسەی ئابووری دا زۆرەو پێویستە هەنگاوی بۆ بنێین، بەڵام هەنگاوێکی زانستییانەو بە بەرنامەو پلان.





## له قەزاو ناحییەکانی

# کێشەو گرفتی خزمــــــ

سنووری پارێزگای سلێمانی ڕووبەرێکی بەرفراوانەو ژمارەیەکی زۆر قەزاو ناحییە لەخۆدەگرێت، ئەم سنووره فراوانە بێ کەموکوڕی و گرفت و کێشــــە نییە، بەتایبەت کە پێشـــتر تیمی گۆڤاری گوڵان سەردانی زۆربەی ئەو ناوچانەی کردبوو، دەتوانین بڵێین گرفتی شارەوانی و خزمەتگوزارییەکان لەپێشەوەی کێشەو داواکارییەکانی خەڵکەوەیە.

بۆ ئەم مەبەستە سەردانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانییەکانی پارێزگای سلێمانیمان کرد، کەسەرپەرشتی و ئیدارەی هەموو ئەو شــــارەوانییانە دەکات کە لە سنووری پارێزگای سلێمانییدان، جگە لە شارەوانی سەنتەری پارێزگا، هەر بەسنووری گەرمیانەوە تا دەگاتە قەڵادزێ کە سنوورەکە(١٥) قەزا لەخۆ دەگرێت و کۆی گشتی شارەوانییەکان بەناحیەکانەوە دەگاتە(٧٧) شارەوانی.

# پارێزگای سلێمانی دا

# ـــەتگوزاری زۆر هەیە





خالید حوسێن بەڕێوەبەری گشتی شارەوانییەکانی سلێمانی بۆ (گوڵان):

# لەبەر نەبوونی یاسایەکی تایبەت بەزێدەڕۆییەکان تا ئێستا نەتوانراوە بەتەواوی چارەسەری ئەو گرفتە بکرێت

**قەزاو ناحیەکان پێویستیان بەگەیاندنی کارو پرۆژەی خزمەتگوزاریی خێرا هەیە**

کاتێك گەیشتینە بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانییەکان قەرەباڵغییەکی زۆری موراجیعمان بینی، بۆیە یەکەم پرسیارمان کەئاڕاستەی بەڕێوەبەرە گشتییەکە کرد، ئەوە بوو: ئایا ئێوە وەکو بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانییەکانی سلێمانی لەم سنوورەفراوان و ژمارە زۆرەی قەزاو ناحیەکان ئەرکی سەرشانتان قورس نییە؟ بەتایبەت ژمارەیەکی بەرچاو لەو قەزاو ناحیانە دووچاری گرفتەکانی بێ شەقامی و نەبوونی ئاوەڕۆو زێدەڕۆیی و بە گرفتی پاکوخاوێنییەوە گیرۆدە بوون ؟ خالید حوسێن بەڕێوەبەری گشتی شارەوانییەکانی سلێمانی وتی: وەکو شارەوانییەکان لە قەزاو ناحییەکان کێشە و گرفتی خزمەتگوزاریمان زۆرە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ سەر لە نوێ ئاوەدانبوونەوەی شارۆچکەکان لە دوای ڕاپەڕین و بەتایبەتی دوای ئازادی عێراق ساڵی ٢٠٠٣ و ئاوەدانکردنەوەکە بەشێوەیەکی خێرا و بەرفراوانە کە شارو شارۆچکەکان دوو بەرامبەر زیادبوون، ئەم زیادبوونەش لەبەرنامە و پلانی حکومەتدا نەبووە، تاوەکو خزمەتگوزاری پێویست و خێرایان بۆ دابین بکرێت، هەر بۆیە ئێستاکە دوای ئەو فراوانبوونە پێویستی بەگەیاندنی کاروپرۆژەی خزمەتگوزارییە لەهەموو بوارەکاندا، لەبەر ئەمە کارو ئەرکەکانمان زۆر قورسن.

**لەئەنجامی کۆچی گوندنشینەکان بۆ قەزا و ناحییەکان نەتوانراوە بەتەواوی پێش لە زێدەڕۆیی بگیرێت**

سەبارەت بەوەی بۆچی لە زۆربەی قەزا و ناحییەکان ڕێژەی زێدەڕۆیی بەرچاوە، ئایا کێشەکە بۆ نەبوونی نەخشەی بنەڕەتی دەگەڕێتەوە؟ پێویست بەوە ناکات چارەسەر و سنوورێك بۆ زێدەڕۆییەکان دابنرێت؟ بەڕێوەبەری گشتی شارەوانییەکانی سلێمانی وتی: ناتوانین بەهەموو ئەو خانووانەی لە شارۆچکەکان دروستکراون بڵێین زێدەڕۆییە، بەڵکو ئەو شوێنانە پێشتر ئاوەدانبووەو خەڵکەکەی خانووی هەبووە، بەڵام لەساڵانی پاش ١٩٧٤ بەگشتی و بەتایبەتی لەدوای ساڵی ١٩٨٨ ڕژێمی بەعس زۆربەی گوندو قەزا و ناحیەکانی کوردستانی خاپوور کرد و خەڵکەکەی ڕاگواستەوە بۆ کۆمەڵگای زۆرەملێ و لە دوای ساڵی ١٩٩١ بەتایبەتی دوای ٢٠٠٣ کە عێراق ئازاد بوو خەڵکی قەزا و ناحییەکان گەڕانەوە سەر زێدی باوو باپیرانیان و لەشوێنی خۆیان خانوویان دروستکردەوە .

هاوکات لەبەر نەبوونی یاسایەکی تایبەت بەزێدەڕۆییەکان تا ئێستا نەتوانراوە بەتەواوی چارەسەری ئەو گرفتە بکرێت و سنوورێکی بۆ دابنرێت، چونکە تا ئێستاش بەپێی بڕیاری ٣٩٨ و ٥٤٨ کە لە ساڵی ١٩٨٧ دانراوە کاردەکرێت ئەو دوو بڕیارە ڕۆتینی زۆر تێدایە و بۆ ڕژێمی دیکتاتۆری دانراوە کە ئەوکات ڕژێمی بەعسی پەیڕەوی دەکرد، نەك وەکو ئێستا کە دەسەڵات و حکومەت و سیستەمەکە پەیڕەوی دیموکراسی دەکەین، گەرچی چەندجار داوامانکردووە کە چاوخشاندنەوەیەکی بۆ بکرێت، لەلایەکی تر تا ئێستا شارەوانییەکانمان تەنیا توانیویانە تا ئاستێك ڕێگری لە زێدەڕۆیی بکەن، بەڵام دووبارە بەهۆی ئەو بەرفراوانییەی کە لەشارو شارۆچکەکان هەیە لەئەنجامی کۆچی گوندنشینەکان بۆ قەزا و ناحییەکان نەتوانراوە بە تەواوی پێش لە زێدەڕۆیی بگیرێت.

هەروەها بەهۆی نەبوونی ماستەرپلان نەتوانراوە پێشبینی ئەوە بکرێت کە چەند شار گەورە دەبێ لە ئەنجامدا نەتوانراوە بۆ زۆر شوێن لەقەزاو ناحیەکان و گوندەکان پرۆژەی خزمەتگوزاری ئەنجام بدرێت، لەلایەکی ترەوە هیچ وێنەیەکی تۆمارکردنی خانووبەرەیان نەبووە، بێگومان ئەگەر تاپۆت نەبێت ناتوانی نەخشە دروست بکەیت لەو کاتەشدا ناتوانرێت کاری تەملیك کردن ئەنجام بدەیت، هەر بۆیە دەتوانین بڵێین دروستکردنی خانوو لە قەزاو ناحیەکان بەمجۆرە بوو کە باسمان کرد، بۆ نموونە قەزای سەید سادق لە ساڵانی(٦٠,٥٠) ناحییە بووە لە پاشان لە ساڵانی ١٩٨٨ خاپوورکرا لە دوای ڕاپەرین خەڵکەکە لەسەر هەمان شوێنی خۆی خانووی دروستکردەوە کە پێشتریش خانووەکانیان تۆمار و تاپۆیان نەبووە و ئێستاش کە بەهەمان شێوەیە زێدەڕۆیی نییە. وەك وتم لەبەر نەبوونی یاسایەکی تایبەت بەزێدەڕۆییەکان تا ئێستا نەتوانراوە بەتەواوی چارەسەری ئەو گرفتە بکرێت و سنوورێکی بۆ دابنرێت، چونکە تا ئێستاش بەپێی بڕیاری ٣٩٨ و ٥٤٨ کە لە ساڵی ١٩٨٧ دانراوە کاردەکرێت ئەو دوو بڕیارە ڕۆتینی زۆرتێدایە و بۆ ڕژێمی دیکتاتۆری دانراوە کە ئەوکات ڕژێمی بەعسی پەیڕەوی دەکرد.

سەبارەت بەوەی ئەو کێشە و گرفتانەی لەسەر



شانی شـــارەوانییەکانە چییە؟ بەڕێوەبەری گشتی شارەوانییەکانی پارێزگای سلێمانی وتی: بەگشتی لە هەموو شـــارەوانییەکان کە دەســـتمان بە کار و پرۆژە کردووە لەسەرەتادا بیرمان لەوە کردۆتەوە ئایا ئەو شـــوێنە ئاوی هەیە یـــان نییەتی، ئەم بوارەش بەڕێوەبەرایەتی ئاوی دەوروبەری سلێمانی پێوەندارە، کە ئەوانیش بۆ پرۆژەی ئاوی خواردنەوە نەخشـــە و پڕۆپۆزەڵی بۆ ئامـــادە دەکەن، بەڵام ئەوەی کە بە شارەوانییەکانەوە پێوەندارە ئەمانەن(ئاوەڕۆ و شۆستە و قیرتاو و کۆنکریت کردن و دابینکردنی زەوی بۆ پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی وەکو یاریگا و مزگەوت و....

## نەك لە قەزا و ناحییەکان بەڵکو لەشارە گەورەکانیش تا ئێستا بەشێوەیەکی زۆر خراپ و سادە و نازانستی و سەرەتایی زبڵ ۆ خاشاك کۆدەکرێتەوە

ســـەبارەت بەخراپی سیســـتەمی پاککردنەوەی شـــارۆچکەکان لـــە زبڵۆخاشـــاك و دامەزراندنی کارگـــەی ریســـایکلین و نەبوونـــی ئامێرەکانی پێویســـت لە قەزاو ناحیەکان، بەڕێوەبەری گشتی شـــارەوانییەکانی پارێزگای ســـلێمانی وتی: وەکو ئاماژەمان پێدا شاروشارۆچکەکان بەخێرایەکی زۆر گەورە و بەرفراوان بوون، گەرچی ئامێر و کرێکارەکان بەتایبەتی ئەوانەی شارەوانییەکان هەمان ئەوانەی پێشـــووترە کە هەمانبووە، بگرە ســـاڵانە کرێکار و کارمەند خانەنشـــین بووینە و کەسیش نەهاتۆتەوە جێگایـــان، بەهـــۆی نەبوونی دامەزرانـــدن، بەڵام سوودمان لە کرێکاری کاتی وەرگرتووە.

نـــەك لە قـــەزا و ناحیـــەکان بەڵکو لە شـــارە گەورەکانیش تا ئێستا بەشێوەیەکی زۆر خراپ و سادە و نازانستی و سەرەتایی زبڵ و خاشاك کۆدەکرێتەوە و خـــۆ لێـــی رزگار دەکرێت، کە لە شـــوێنێکی دیاریکراودا کۆدەکرێتـــەوە و ژێر خاك دەخرێت یان دەســـووتێنرێت، کـــە ئەمەش زیانێکـــی زۆری بۆ ژینگەی شار و دەوروبەر و هەموو کوردستان هەیە و خەڵك و دانیشتووانی سنوورەکەش لەبەر دووکەڵ و بۆنی ناخۆش و مێش و مەگەز بێزاربوون، سەرەڕای ئەوەش هۆکارێکی سەرەکی بڵاوبوونەوە و تووشبوون بەچەندین جۆری نەخۆشییە درمەکان، ئەگەر هەروا بڕوات لە ســـاڵانی داهاتوو سەرجەم سەرچاوەکانی ئاوی ژێر زەوی لە کوردستان پیس دەبێت، بەڵام لە ساڵانی(٢٠١٠) بۆ دانانی سیستەمێکی باشتر بۆ کۆکردنەوەی زبڵوخاشاك و خۆ زرگارکردن لە وەزارەتی شـــارەوانی و گەشتوگوزار بەرنامەیەکی داڕشتووە، بۆ سنووری قەزا و ناحیەکانی پارێزگای سلێمانی

**بەهۆی نەبوونی ماستەرپلان نەتوانراوە پێشبینی ئەوە بکرێت کە چەند شار گەورە دەبێ لە ئەنجامدا نەتوانراوە بۆ زۆر شوێن لەقەزاو ناحیەکان و گوندەکان پرۆژەی خزمەتگوزاری ئەنجام بدرێت**

بۆ کۆکردنەوە و خۆ رزگارکردن لە زبلۆخاشـــاك(٥) زۆن دروســـتکراوە و دەرخستە و پرۆپۆزەڵیان بۆکراوە و ڕەوانەی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار کراوە لەوێش نووســـراو بۆ وەزارەتی دارایـــی و ئابووری بەرزکراوەتـــەوە بەمەبەســـتی دابینکردنی بودجە بۆ ئـــەو پرۆژەیە، ئـــەوکارەش بەمجۆرەیەکە ئێمە وەکو شـــارەوانییەکان زبڵۆخاشـــاك کۆبکەینەوە و کەرتی تایبـــەت و کۆمپانیـــای وەبەرهێنانیـــش کارگەی ریسایکلین بۆ جیاکردنەوە و خۆ زرگارکردن لە زبڵ و خاشاکەکە دابمەزرێنن.

## بەدامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتی شارەوانییەکانی گەرمیان قورساییەکی باش لەسەر ئێمە کەم دەبێتەوە

سەبارەت بەوەی کە بڕیار بوو سێ بەڕێوەبەرایەتی گشـــتی شـــارەوانییەکان لە ئیدارەکانی (گەرمیان و راپەریـــن و هەڵەبجـــە) دابمەزرێـــت، ئایا ئەمە بـــاری ئێوە ســـوك دەکات؟ بەڕێوەبەری گشـــتی شارەوانییەکانی پارێزگای سلێمانی وتی: بڕیارێکی لـــەو بابەتە هەیە، بەڵام تا ئێســـتا نەچۆتە بواری جێبەجێکردنـــەوە، تەنیا ئـــەوەی گەرمیان نەبێت، چونکە ئیدارەی گەرمیان چەند ساڵێکە دامەزراوە و ســـەربەخۆیە و بۆ ئەو ســـنوورە داوا لە ئێمەکرا کە رووپێوی ئەو شـــارەوانییانە بکەین کە دەکەونە سنووری ئیدارەی گەرمیانەوە لە پاش ئەنجامدانی رووپێوەکـــە(١٤) شـــارەوانی دەکەونە ســـنووری ئیدارەی گەرمیان، هەرچەندە شارەوانی هەیە وەکو قەزای چەمچەماڵ لە شـــاری ســـلێمانی نزیکترە لەوەی لە کەلار، بـــە دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتی شارەوانییەکانی گەرمیان قورساییەکی باش لەسەر ئێمـــە کەم دەبێتـــەوە، هەروەها لـــە کاتێکدا کە بە فەرمی بڕیـــاری ئیدارەکانی (راپەرین و هەڵەبجە)، دەربچێت و بەڕێوەبەرایەتی شارەوانییەکانی ئەوانیش دابمەزرێت ئەوە قورســـایەکی زۆر گەورەتر لەسەر بەڕێوەبەرایەتی گشتی شـــارەوانییەکانی سلێمانی لادەچێت.

## لە ساڵی(٢٠١٠) نزیکەی(٩٠) پرۆژەی گەورە و بچووك لە قەزا و ناحیەکان خراونەتە بواری جێبەجێ کردنەوە

سەبارەت بەوەی ئایا کێشەتان لەسەر ئازادی دەســـەڵات هەیە، چونکە وەکو بیستوومانە ئێوە دەسەڵاتێکی زۆرتان هەیە؟ بەڕێوەبەری گشتی شارەوانیەکانی پارێزگای سلێمانی وتی: وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار دەسەڵاتێکی زۆری بۆ دابەزاندوین و بەهیچ شێوەیەك ڕێگرنەبووە



لە ڕاپەڕاندنی کارەکانماندا و هەوڵی داوە دەسەڵاتەکان بەشێوەیەکی ئاوادابەزێت کە بتوانین زیاتر خزمەت بە هاووڵاتییان بکەین، لەلایەکی تر ئەو دەسەڵاتانەی کە لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران دابەزیوە لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوو کاری پێ دەکەین و ئاسانکاری بۆ ڕاپەڕاندن و ئەنجامدانی کارەکان دەستەبەرکردووە، چونکە ئەو دەسەڵاتانەی کە زیاتر بە پرۆژەکانەوە تایبەتە وایکرد لە ساڵی (٢٠١٠) نزیکەی (٩٠) پرۆژەی گەورە و بچووك لە قەزا و ناحیەکان بخرێتە بواری جێبەجێ کردن، پرۆژەی بچووك هەیە بڕی نیو ملیار دیناری بۆ دانراوە، بەگشتی لە ساڵی (٢٠١٠) ئەو پڕۆژانەی لەسەر بودجەی وەبەرهێنانی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار خراوەتە ژێر ئەنجامدان بە بڕی نزیکەی (١٥٠) ملیار دینار دادەنرێت، هەروەها بەپێی ئەو بەرنامە و پلانەی بۆ ساڵی (٢٠١١) دانراوە هەموو قەزا و ناحییەکانی سنووری پارێزگای سلێمانی پرۆژەی تێدا ئەنجام دەدرێت، بۆ ئەولەویەتی کار و پرۆژەکانیش پرس و ڕاوبۆچوونی سەرۆکی شارەوانی و بەرپرس یەکەی ئیدارەی قەزا و ناحیەکان وەرگیراوە، لەبەر ئەوەی ئەوان زیاتر دەزانن قەزا و ناحیەکان پێویستیان بەچییە.

سەبارەت بەوەی ئایا دەست تێوەردان لەلایەن پارێزگاری سلێمانی لەئیش و کارەکانیان هەیە؟ بەڕێوەبەری گشتی شارەوانییەکانی سلێمانی وتی: ناتوانین بڵێین دەستێوەردان لەلایەن پارێزگاری سلێمانییەوە لەکاروبارەکانمان هەیە، بەڵکو پارێزگاری سلێمانی لەگەڵ هەموو بەڕێوەبەرایەتی و فەرمانگەکان بۆ ڕاپەڕاندن و ئەنجامدانی کاروپرۆژەکان هەماهەنگیەکی باشی دروستکردووە، چونکە ئەگەر بگەڕێیتەوە بۆ پرۆژەکانی ساڵانی ڕابردوو دەبینی هەماهەنگی لەنێوان فەرمانگەکان لەڕاپەڕاندن و جێبەجێ کردنی پرۆژەکاندا نەبووە، بۆ نموونە شارەوانی شەقامێکی دروستکردووە پاش ماوەیەکی بەڕێوەبەرایەتی کارەبا هاتووە هەمان شەقامی هەڵکەندووە و کێبڵی کارەبای تێدا ڕاکێشاوە یان بەڕێوەبەرایەتی ئاو هاتووە بۆڕی ئاوی داناوە، بەمەش پرۆژەکان بێسەرو بەربووە و زەرەر و زیانێکی زۆریشی بە بودجەی پرۆژەکان گەیاندووە، بەڵام ئێستا بە پێچەوانەوە لەگەڵ پارێزگار هەماهەنگییەکی باش دروست بووە.

بۆ پرۆژەی شەقامێك دەرختە ئەنجام دەدەین لە پاشان دەرختە و دیزاینی شەقامەکە دەبەینە پارێزگا بۆ ئەوەی هەماهەنگی بکەن لەگەڵ هەموو بەڕێوەبەرایەتی و فەرمانگەکان لەپاشان کە پرۆژەکەمان ئەنجامدا هەرلایەنێك بیەوێت دەستکاری بکات ئەوە خۆیان بەرپرسیار دەبن بەم میکانیزمە کارو پرۆژەکان زیاتر سەرکەوتن بەدەست دێنن.

**بڕیاردراوە لەهەموو شارەوانییەکانی قەزا و ناحیەکان بەشی چاککردن و نۆژەنکردنەوە دابمەزرێت، بەڵام لەکاتێکدا هەر شارەوانییەك خۆی هەڵنەسێت بە چاککردنی ڕێگاوبانی سنوورەکەی ئەوە کەمتەرخەمە**

### تا ئێستا هیچ بودجەیەکمان نەگەڕاندۆتەوە

سەبارەت بەوەی کە ئێوە بودجەتان زۆر لەبەر دەستە دەڵێن زۆری بەکارناهێنن بۆچی؟ بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانییەکان وتی: ئێمە بەپێی پلان و بەرنامە و پرۆژەکان بودجەمان بۆ تەرخان دەکرێت و هەر هەمووشی لە کار پرۆژەکان خەرج دەکەین، تا ئێستا هیچ بودجەیەکمان نەگەڕاندۆتەوە. سەبارەت بەوەی کۆمەڵێ کێشە و گرفتی خزمەتگوزاری لەقەزای چەمچەماڵ هەیە ئایا تا چ ئاستێك بۆیان چارەسەرکراوە؟ بەتایبەتی ئاو و ڕێگاوبان...تاد؟ لەمبارەوە بەڕێوەبەری گشتی شارەوانییەکانی وتی: گرفتی ئاو پێوەندی بە بەڕێوەبەرایەتی ئاوی دەوروبەر هەیە بەپێی کاروبەرنامەی خۆیان هەنگاو بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان دەنێن، بەڵام ئەوەی پێوەندی بە شارەوانییەکان هەیە بەپێی فەسڵ و ماددەی (٤)ە دەستمان کراوەیە بۆ چارەسەرکردنی سەرجەم کێشە و گرفتەکانی کە لە ڕێگاو بانەکان هەیە بەو پێیە لە هەر شوێنێك ڕێگاوبانەکان پێویستی بە نۆژەنکردنەوە هەبێت دەست بەجێ ئامادەبن و چارەسەری دەکەین، هەر بۆیە بڕیاردراوە لەهەموو شارەوانییەکانی قەزا و ناحیەکان بەشی چاککردن و نۆژەنکردنەوە دابمەزرێت، بەڵام لەکاتێکدا هەر شارەوانییەك خۆی هەڵنەسێت بە چاککردنی ڕێگاوبانی سنوورەکەی ئەوە کەمتەرخەمە، بۆیە پێویستە لێپێچینەوەیان لەگەڵ بکرێت، چونکە بودجە بۆ چاککردن و نۆژەنکردنەوەی ڕێگاوبان تەرخانکراوە و دەبێ شارەوانی خۆی کێشەکان بخاتەڕوو و دەرختەی بۆ بکات و ئامێرەکانی بۆ پەیدابکات و خۆی کارەکان ئەنجام بدات لە کاتێکدا کە ئەو کارانە ناکات ئەوە خۆی بەرپرسە و بە کەمتەرخەمدا دادەنرێت.



دۆسێی پرۆژەی ئاوی خواردنەوەی پیرە مەگروون لە دادگایە

**چەند کۆمپانیایەك لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانییەکانی سلێمانییەوە خراونەتە لیستی ڕەشەوە و ئیجرائاتی یاسایشیان لەگەڵ کراوە**

سەبارەت بەوەی ئایا ئەو کۆمپانیایەی لە ئەنجامدانی پرۆژەیەك سەرکەوتوو نەبێت دەیخەنە لیستی ڕەشەوە؟ بەڕێوەبەری گشتی شارەوانیەکانی پارێزگای سلێمانی وتی: لای ئێمە هەر کۆمپانیایەك لە کارکردن لەسەر پرۆژەیەك دوابکەوێت نووسراومان لەسەر کردووە و داوای کار وەرگرتنەوەمان لە کۆمپانیاکە کردووە بۆ نموونەش چەند کۆمپانیایەك لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانییەکانی سلێمانیەوە خراونەتە لیستی ڕەشەوە و ئیجرائاتی یاسایشیان لەگەڵ کراوە.کۆمپانیاکان وەکو نموونە(ئاکۆ مامە عروف شاکر، RBC).

**پیرەمەگروون و گرفتەکانی شارەوانی و گەندەڵی لە پرۆژەی ئاوی خواردنەوەکەیدا**

سەبارەت بە پیرەمەگروون کۆمەڵێك کێشە و گرفتی خزمەتگوزاری هەبوو بەچی گەیشت؟ بەڕێوەبەری گشتی شارەوانییەکانی سلێمانی وتی: ناحیەی پیرەمەگروون بێگومان گرفتی خزمەتگوزاریان هەبوو، ئەویش بۆ ئەوە دەگەڕایەوە، حکومەتی کوردستان و هاووڵاتیان ئومێدی ئەوەیان هەبوو خەڵکەکە بۆ گوند و سەر زێدی باووباپیرانیان بگەڕێنەوە ئەو کۆمەڵگایە زۆرملێیە نەمێنێت، بەڵام پاش ئازادی عێراق لە ٢٠٠٣ خەڵکەکە نەگەڕایەوە لەو کاتەوە دەست کرا بە کاروپرۆژەی خزمەتگوزاری، بەڵام ئەوەی کە بەردەستی پرۆژەکانی دەگرت و زۆر ئازاری خەڵکەکەشی دا پرۆژەی ئاوی خواردنەوەی پیرمەگروون بوو کە زیاتر لە ملیۆنێك دۆلاری بۆ خەرجکراو سەرکەوتوونەبووە کە لە ڕاستیشدا بۆریەکانی پشکنینی تاقیگری بۆ نەکرابوو و ئاویش نەبووە تێستی پێ بکرێت، ئەو کۆمپانیایەی ئەو پرۆژەیەی ئەنجامداوە تاوەکو ئێستاش دۆسیەکەی لە دادگایە، بەڵام لەساڵی ڕابردووەوە تا ئێستا سێ، چوار پرۆژەی خزمەتگوزاری باش لە ناحیەی پیرەمەگروون ئەنجامدراوەو وەکو ئاوەڕۆو تێکەڵەڕێژی شەقام و کۆڵانی گەڕەکەکان

**ئەوەی کە بەردەستی پرۆژەکانی دەگرت و زۆر ئازاری خەڵکەکەشی دا پرۆژەی ئاوی خواردنەوەی پیرەمەگروون بوو کە زیاتر لە ملیۆنێك دۆلاری بۆ خەرجکراو سەرکەوتوونەبووە**

کە ئێستا گەیشتۆتە قۆناغی قیرتاوو کۆنکرێت کردن و لەو شوێنانەی بۆری ژێر زەوییەکە باشبوو، پرۆژەی ئاوی خواردنەوەیان بۆچووە.

سەبارەت بەوەی ئایا لە سیستەمی دامەزراندن پرس بە ئێوە و بەرپرسی یەکە ئیدارییەکانی قەزا و ناحیەکان دەکرێت؟ بەڕێوەبەری گشتی شارەوانییەکانی پارێزگای سلێمانی وتی: وەکو ئاگادارم بۆ دامەزراندن لە پارێزگاوە چەند لیژنەیەك دامەزراوە کە سەردانی قەزا و ناحییەکان بکەن و پێداویستی ئیدارە و فەرمانگەکان لەفەرمانبەران و کارمەندو کرێکار دیاری بکەن و خەڵکیش فۆرم و داواکاری پڕ دەکاتەوە و پێشکەشی لیژنەکەی دەکەن، بەڵام دامەزراندنەکە لەسەرەتاوە ئەولەویەت دەدرێت بەوانەی کە لەفەرمانگەکان بەکاتی دامەزراون.

**ئەگەر بودجە زوو پەسەند بکرێت ئەوە ئێمەش لەکاتی خۆیدا پرۆژەکان دەخەینە ژێر ئەنجامدان و کێشەو گرفتەکانی خزمەتگوزاری هاووڵاتیان هەمووشی نەبێت بەشێکی چارەسەر دەکرێت.**

لە کۆتاییدا بەڕێوەبەری گشتی شارەوانییەکانی پارێزگای سلێمانی وتی: لەلایەنی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بودجە ڕەوانەی پەرلەمان کراوە، داوا لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان دەکەین کە ڕەچاوی باری خزمەتگوزاری خەڵك بکەن و بودجەکە پەسەند بکەن، چونکە ئەو بودجەیە موڵکی هەموو خەڵکە و پێوەندی بەژیانی هەموو لایەك هەیە هەر لە خانەقین تا دەگاتە زاخۆ، ئەگەر بودجە زوو پەسەند بکرێت ئەوە ئێمەش لە کاتی خۆیدا پرۆژەکان دەخەینە ژێر ئەنجامدان و کێشە و گرفتەکانی خزمەتگوزاری هاووڵاتیان هەمووشی نەبێت بەشێکی چارەسەر دەکرێت. هەروەها ئێمە چەندین پرۆژە و داواکاریمان ڕەوانەی وەزارەتی پەیوەندار کردووە ئومێد دەخوازین کە ڕەوانەی وەزارەتی پلاندنان دەکرێت هیچ لێ کەم نەکرێتەوە لەبەر ئەوەی ئەو پرۆژە و پێشنیارانە هەر هەمووی پاش لێکۆڵینەوە و ورد بوونەوەیەکی زۆر لە قەزا و ناحیەکان خراوەتە بەرنامە و پلاندنانمان بەپێ ئەو ئەولەیەتی کە شارەوانی شارۆچکەکان دەستنیشانیان کردووە، بۆیە لێرەدا دەڵێم بەکەم نەکردنەوەی بودجە پرۆژە و داواکارییەکانی ساڵی ٢٠١١ باشترین خزمەت بەشارۆچکەکان دەکات.

هەروەها لە کۆمەڵگا زۆرە ملێیەکانی کە لە دوای ساڵانی ١٩٧٤ و ١٩٨٨ دروست بوون وەکو(بازیان، شۆڕش، رزگاری، هەڵەبجە تازە...تاد). تا ئێستا(٢٢) هەزار خانوومان بەسەر هاووڵاتیان تۆمارکردووە بە بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارەیەکی زۆریش ماوە پاش ناونووس کردنیان کاری تاپۆ بۆ ئەوانیش ئەنجام دەدرێت، کە ئەمەش یەکێکە لەهەنگاو و کارەگرنگەکانی بۆ خزمەتی هاووڵاتیان ئەنجام دراون.